ئەو «نازدار»ەی
کەس نەچوو بە«هاوار»ییەوە
18

سیتی سینەما
بینەرانی فیلم ئاشت دەکاتەوە
13


سەرنوسەر: شوان ئادەم ئەیڤەس

لە خەڵکەوە بۆ خەڵک


وەزیری تەندروستی هەریم:
سیستمی تەندروستی
بە من ناگۆڕیت،
بەڵام تا ١٠ساڵی تریش
پێویستمان بەدامەزراندنی دکتۆر
دەبێت



www.Nnmnm.com


رۆژنامەیەکی کولتوریی گشتییە ئێوارانی پێنجشەممان بڵاودەکرێتەوە
ژمارە: 3 پێنجشەممە 2009/12/10
نرخ: 1000 دینار




# لەدەستدانی پەردەی کچێنی ژیانی کچان دەخاتە مەترسییەوە

## کچێک: بۆدورینەوەی پەردەی کچێنیم ١٤٠٠دۆلارم دا بەمامانێک

پەردەی کچێنی

## هەڕەشە لەژیانی کچان دەکات

پەردەی کچێنی لەکوردەوارییدا بەشەرەفی کچو ناسنامەی کەسێتی خێزان ناودەبرێت، نەبوونو دڕاندنی ئەو پەردەیە بەدوور لەپرۆسەی هاوسەریی کێشەو گرفتی گەورە بەدوای خۆیدا دەهێنێت.
لەچەند ساڵی رابردوودا بەپاساوی لەدەستدانی پەردەی کچێنییەوە، چەندین خاتوون لەسنوری هەرێمی کوردستاندا لەلایەن خێزانەکانیانەوە بێسەروشوێن کرانو لەناوبراون، هەربۆیە هەندێ لەو کچانەی شویان نەکردووەو پەردەی کچێنیان لەدەست داوە، بۆرێگرتن لەدووگیان بوونیانو دەربازبوونیان لەپەلاماری خێزانو توانجو پلاری کەسوکاریان، هانا بۆ هەندێ لەو مامانو دکتۆرانە دەبەن کە بەنهێنی کاربۆ بەرتەسککردنەوەی چواردەوەری زێی کچان دەکەن کە پێشتر بەهۆی جوتبوونیان لەگەڵ نێرینەیەک یان بەهەر هۆیەکی دیکە لەدەستیان داوە.

15

هەرێمی کوردستان

## زیاتر لە هەزار قوتابی واز لە خوێندن دینن

لەهەرێمی کوردستاندا ساڵانە چەندین قوتابیو خوێندکار پۆلەکانی خوێندنیان بەجێدەهێڵنو بۆکارکردن روو لەبازاڕەکان دەکەن، ئەوەش لەکاتێکدایە کە وەزارەتی پەروەردە هەڵمەتی بەزۆر خوێندنی لەساڵی رابردووەوە پێشنیازکردووە، بەڵام دورکەوتنەوەی خوێندکاران لەخوێندن روولەزیادبونەو لەماوەی تەنها ساڵێکدا، زیاتر لەهەزار منداڵ وازیان لەخوێندن هێناوە.

4

پیتاندنی دەستکرد

## هیوا بە هاوسەرە نەزۆکەکان دەبەخشێت

ئەو ژنو پیاوانەی منداڵیان نابێت، تا ئەو رۆژەی لەژیاندان بەردەوام دەگەڕێن بەدوای فریادڕەسێک چارەسەری نەزۆکیان بکاتو ببنە خاوەنی منداڵێک، پسپۆڕانی بواری تەندروستیش جەخت لەوە دەکەنەوە کە بەهۆی پیتاندنی دەستکردەوە، زۆرینەی نەزۆکەکان دەبنە خاوەنی منداڵ.

7

# کێ فریوی کێ دەدات؟

## «کچ هەیە دەیەوێت بەناوی جل کڕینەوە، خۆی نزیک بکاتەوە بۆپەیوەندی سێکسی»

ژەنیار شاخەوان

لەکاتی کڕینی جلو بەرگو ئارایشتی ژناندا، هەندێ کچ سەرنجی دوکاندارەکان بەلای خۆیاندا رادەکێشنو فریویان دەدەن، لەبەرامبەریشدا هەندێ دوکاندار بەدانانی کامێرای نهێنی لەژوری خۆگۆڕین، کچان چەک دەکەنو وێنەکانیان بڵاو دەکەنەوە.

شلێر چۆن دوکاندارەکان فریودەدات؟

شلێر کەمالی تەمەن ٢٨ساڵ، یەکێکە لەو کچانەی بەردەوام جلوبەرگی تازە دەکڕێتو بەو هۆیەوە چەند دوکاندارێک بونەتە هاوڕێی، «ئەو دوکانانەی جلو بەرگیان لێدەکرم، لەبەرئەوەی بەدەمیانەوە پێدەکەنم وادەزانن حەزم لێیانە، زۆرجار شتەکان بەنرخێکی کەم دەکرم»، هەربۆیە ئەو رۆژانەی دەچێت بۆلای مەعمیلەکانی بۆکڕینی پێداویستی، جلێکی تارادەیەک رووت لەبەر دەکات، چونکە پێیوایە بەوشێوەیە دوکاندارەکانی هاوڕێی فریو دەدات، «هەرچەندە خۆم حەزم لەجلی تەسکو رووتە، بەڵام دوکاندارەکان واتێدەگەن، ئەو جلانەم لەبەر خاتری ئەوان لەبەرکردووە، بۆیە زیاتر گرنگیم پێدەدەن».
بەبڕوای هەندێ لەکچان دوکاندارەکان نێچێرێکی زۆرباشن بۆ هەرزان دەستکەوتنی ئەو پێداویستیانەی کە دەیانەوێت، ئەوەتا سەمیرەی تەمەن ١٩ساڵ، ئاماژە بەوە دەدات کە بەقسەی خۆشو پێکەنین هەموو شتێکی هەرزانی دەست دەکەوێت، «هەموو کاتێک کە دەڕۆمە لای دوکاندارەکەی هاوڕێم، نوکتەیەکی بۆدەکەمو پێیدەڵێم جلی تازە چیمان هەیە، ئەویش کۆمەڵێک شتی تازەم بۆدەهێنێ»، کاتێکیش پارەی جلەکان دەدات، چەند جارێک قژی لەسەر چاوی لا دەباتو دوکاندارەکەش بەوە فریو دەداتو بەوتەی سەمیرە، ئەو قژلادانە خێری تێدایەو بەهۆیەوە پارەیەکی کەمی لێوەر دەگیرێت.

کچان لەکامێرای ژووری خۆگۆڕین دەترسن

چاوان مەحمود، کچێکی باڵابەرزی قژ رەشی سپی پێستەو تەمەن ٢١ ساڵە، باس لەوە دەکات کە لەکاتی کڕینی جلو بەرگدا تا تەواو دڵنیا نەبێت لەژووری خۆگۆڕین، جلەکان تاقی ناکاتەوە، چونکە ترسی ئەوەی هەیە وێنەی بگیرێت، «لە زۆر کەسم بیستوە کە وتویانە، لەژوری خۆگۆڕینی دوکانەکانی جلی ئافرەتاندا کامێرای نهێنی دانراوە، بۆیە لەو شوێنانەدا زۆر وریامو چاودێری تەواودەکەم»، هەر ئەو ترسەشە وای لێدەکات لەچەند دوکانێکی دیاریکراودا، کە متمانەیان پێدەکات، جلەکانی تاقی بکاتەوە.
دوکاندارەکانی فرۆشتنی جلو بەرگی ئافرەتان، ئەو قسانە رەت دەکەنەوەو پێچەوانەکەی دەسەلێمنن، کامەران ئەحمەدی تەمەن ٣٢ساڵ، جلو بەرگی ئافرەتان دەفرۆشێت ئاماژە بەوە دەدات کە ئەو دوو ژوری خۆگۆڕینی داناوەو سەقفی ژورەکانیشی گرتووە، «هەرکەسێک بچێتە ژوری خۆگۆڕینی دوکانەکەمان، گومانی هیچ شتێک ناکات، چونکە لەهەموو لایەکەوە ئەو ژورەمان کەپس کردووە»، بەڵام ئەوەشی نەشاردەوە کە ئەویش بیستویەتی هەندێ دوکاندار کامێرا دادەنێن، بۆیە بەپێویستی زانی کچانو ژنان ژورەکە بپشکننو وریابن لەکاتی خۆگۆڕیندا.

دوکاندارەکانیش کچان فریو دەدەن

هەژار سەباح، دوکاندارێکی فرۆشتنی ئارایشتی ژنانەو تەمەنی ٣٦ساڵەو ئاماژە بەوە دەدات کە زۆر جار کچان دەیانەوێت بەقسەو دەستبازی، نرخی شتەکانیان بۆبێننە خوارەوە یان بەخۆڕایی بیاندەنێ، «کچ هەبووە یەکسەر داوای ژمارە تەلەفۆنی لێکردوومو وتویەتی شەو تەلەفۆنت بۆدەکەم»، بەڵام بەوتەی خۆی لەبەرئەوەی خێزانی هەیەو خاوەنی دوو منداڵە، لەگەڵ ئەو کچو ژنانەدا زۆر کۆک نییە، زۆرجار شتو مەکەکانیشیان بەگرانتر پێدەفرۆشێت، «کچ هەیە دەیەوێت بەناوی جل کڕینەوە، خۆی نزیک بکاتەوە بۆپەیوەندی سێکسی».
لەلایەکی ترەوە سەربەست ڕەئوفی ٢٥ساڵ، دوکاندارێکی ترەو جەخت لەوە دەکاتەوە کە زۆرینەی کچان فریو دەداتو بەنرخی خۆیشی کاڵاکانیان پێدەفرۆشێت، «کچ هەیە بۆئەوەی پەیوەندی لەگەڵدا ببەستم، زۆر مامەڵەی کالاکان دەکاتو ماوەیەکی زۆر لەدوکانەکەمدا دەمێنێتەوە، منیش ژمارەی تەلەفۆنەکەمی دەدەمێو شتی خۆشم بەنرخی خۆم دەفرۆشم».
بەپێچەوانەی قسەی دوکاندارەکانەوە، سۆما غەریب، تەمەن ٢٧ساڵ، ئاماژە بەوە دەدات کە زۆربەی دوکاندارەکانی جلوبەرگی ئافرەتان، هەوڵ دەدەن لەکچان نزیک ببنەوە، «زۆرجار کە جلی ژێرەوە دەکڕین، دوکاندارەکە لێمان نزیک دەبێتەوەو دەیانەوێت تاقیمان بکەنەوە، بزانین رێگەیان دەدەین تەدخولی ئەوشتانە بکەن».
سۆما، جەختی لەوە کردەوە کە هەندێ دوکاندار کارتی ناونیشانو تەلەفۆنەکەی دەداتە کچانو دەڵێت: تەلەفۆنم بۆبکەن کە جلی جوانمان بۆهات، پێتدەڵێم.

ئافرەتان توشی کێشە دەبن

ستار جەبار وەک توێژەرێکی کۆمەڵایەتی لەوە دەدوێ کە هەندێک ئافرەت بەهۆی جلو بەگو ڕەفتاریانەوە، پیاوان سەرسام دەکەن بەخۆیانو هەندێک پیاویش خۆی پێناگیرێتو حەز بەنزیکبونەوەیان دەکەن، بەوەش هەندێ لەئافرەتان فریو دەدرێن، یان ئافرەتان پیاوان فریودەدەن کە ئەمەیان کەمترە.
ئەو توێژەرە جەخت لەوەش دەکاتەوە کە زۆربەی ژنانو کچان نایانەوێت کاری خراپ بکەن، بەڵام بەو هۆیەوە توشی لادان دەبن، ئەوەش دەبێتە هۆی دروستبوونی کێشە بۆ خێزانەکەیان، «زۆرجار ئافرەت جلو بەرگو هەڵسوکەوتی بەجۆرێکەو ناخیشی جۆرێکی ترە، بۆیە جلو بەرگ ناکرێتە قیاس، پێویستە ئافرەتان لەو رێگانە خۆیان دوربخەنەوە، کە دەبێتە هۆی دروستبوونی کێشە بۆخۆیانو خێزانەکەیان».


فۆتۆ: شاخەوان مەحمود

کچان ... بەترسەوە لەدوکانەکان جلوبەرگ تاقیدەکەنەوە

# دهۆکێ رووردان بەرەڤ کێمبوونێ نە

## د ئیسال دە ٧٥ وەلاتیان ب ترومبێلێ گیانێ خۆ ژ دەست داییە

**د ئیسال دە ٧٥ وەلاتی ب روودانێن هاتنو چوونێ ژیانا خوە ژدەست دانەو سالا بووری ١٤٠ کەسان ژیانا خوە ب هەمان ئەگەرێ ژدەست دابوو. دیسان د شەش هەیڤێن بووری دا ئێشا شەکرێ هاتیە ٢٧٩٥ کوڕو ٤١٠٣ ژنان. ٥٨ کوڕو ٨٥ ژن تووشی نەخۆشیا تالاسیمیایێ بووینە، ١٠ کوڕو ٢٠ ژن تووشی شیزۆفرینیایێ بوونەو هەتا ڤێ حەفتیێ سێ وەلاتی تووشی ئەنفلاوەنزا بەرازان بووینەو ژ نەخۆشیێ هاتینە چارەسەرکرن.**

تایبەت بە نم نم:

ڕێڤەبەرێ هاتنو چوونا پارێزگەها دهۆکێ راگەهاند: کو روودانێن هاتنو چوونێ بەرەڤ کێمبوونێ نە، چونکی ل سالا بووری ١٤٠ وەلاتی ب روودانێن هاتنو چوونێ گیانێ خۆ ژ دەست دابوو، لێ د ئیسال دە ب تنێ ٧٥ وەلاتیان گیانێ خۆ ژ دەست دایە.
عەمید تارق ئەحمەد، ڕێڤەبەرێ هاتنو چوونێ تایبەت بۆ نم نم دیار کر , کو د چوار رۆژێن جەژنا ئەڤ ساله دا نۆ روودانێن هاتنو چوونێ ل دهۆکێو دەوروبەران روودانو د وان روودانان دا چوار وەلاتیان گیانێ خۆ ژ دەست دانو ١٥ ژی برنیداربوونە.
عەمید تارق داخویاکرن , کو روودانێن هاتنو چوونێ بەرامبەر سالێن بووری بەرەڤ کێمبوونێ نە و ئەو شیاینە کۆنترۆلەکا مەزن ل سەر روودانان بکەن،»ژبلی کوشتنو بریندارکرنێ ژی پارسال ژ ئەڤ ساله کێمتر روودان چێبووینە«.
دیسان راگەهاند: ل سالا بووری ٩٢٥ روودان پەیدابوون، تێدا ٢١٥ وەلاتیان گیانێ خۆ ژدەست دا بوو و ٣٤٥٨ ژی بریندار ببوون , بەلێ د ئەڤ ساله دا بتنێ ٧٥ وەلاتیان گیانێ خۆ ژ دەست دایەو ١٣٢٥ بریندار بووینە،»کو د ئیسال دە ٨٧٨٨١ سەرپێچیێن هاتنو چوونێ هاتینە تۆماکرنو داهاتێ ڤان سەرپێچییان نیڤەک بۆ وەزارەتا نافخۆ دچیتو نیڤەک بۆ وەزارەتا دارایی».
ژلایەکێ دی ڤە، د ئامارا سەرۆکاتیا ساخلەمیا دهۆکێ دا هاتیە کو د شەش هەیڤێن بووری دا، ئێشا شەکرێ هاتیە ٢٧٩٥ کوڕانو ٤١٠٣ ژنان، هەروەسان دوو کوڕو ٥ کچ ب نەخۆشیا شەکرێ مرینە، ژ وان نەخۆشێن شەکرێ ١٥٤٢ کەس ب شرنقا ئەنسولین کو رۆژانە دهێتە دانان بۆ نەخۆشی خۆ ژ وێ ئێشێ قورتال دکەنو نەخۆشێن مایی ژی حەبان دخۆن، ٧٥٥٣ کوڕو ١٠٣٦١ ژن تووشی بلندبوونا فشارا خوینێ بووینە، ٣٦١ کوڕو ٣٩٣ ژن تووشی ئێشا دلی بووینەو ٣٧ کوڕو ٤٠ ژنان ب نەخۆشیا دلی گیانێ خۆ ژدەست داینە.
د شەش هەیڤێن ئێکێ دا ژ سالا ٢٠٠٩ێ، ١٦,٨٦٨ زارۆ د وان شەش هەیڤان دا هاتینە سەر دونیایێ، ژ ڤی سەرجەمی ٨٧٢٠ کوڕو ٨١٤٨ کچ بوون، دیسان ٣١٩ زارۆ ل دەما ژدایک بوونە د مری بوونەو ١٧٨ زارۆ ژی ژدایک بوونە پشترا مرینە.
د ئامارێ دا هاتیە، ٢٦٧٩ نابیناو ١٣٢٨٢ ژن تووشی زکچوونێ بووینە، هەروەسان ٨٨١٨ کۆرو ١٨٢٨٩ ژن تووشی کێمبوونا خوینێ بووینە، ٥٨ کوڕو ٨٥ ژن تووشی نەخۆشیا تالاسیمیایێ بووینە، ١٠ کوڕو ٢٠ ژن تووشی شیزۆفرینیا بووینەو ٢٤ کەس ژی تووشی تێکچوونێن عەقلی بووینە، ٣٠٦ کوڕو ٤٣٩ ژن تووشی نەخۆشیێن دەروونی بووینەو ١١٧ کوڕو ١٤٢ ژن تووشی نەخۆشیا (الصرع) بووینە.


رۆژانە چەندین کەس بە رووداوی ئۆتۆمبیل گیان لە دەستدەدەن

# کێ فریوی کێ دەدات؟

## «کچ هەیە دەیەوێت بەناوی جل کڕینەوە، خۆی نزیک بکاتەوە بۆپەیوەندی سێکسی»

ژەنیار شاخەوان

لەکاتی کڕینی جلو بەرگو ئارایشتی ژناندا، هەندێ کچ سەرنجی دوکاندارەکان بەلای خۆیاندا رادەکێشنو فریویان دەدەن، لەبەرامبەریشدا هەندێ دوکاندار بەدانانی کامێرای نهێنی لەژوری خۆگۆڕێن، کچان چەک دەکەنو وێنەکانیان بڵاو دەکەنەوە.

شلێر چۆن دوکاندارەکان فریودەدات؟

شلێرکەمالی تەمەن ٢٨ساڵ، یەکێکە لەو کچانەی بەردەوام جلوبەرگی تازە دەکڕێتو بەو هۆیەوە چەند دوکاندارێک بونەتە هاوڕێی، «ئەو دوکانانەی جلو بەرگیان لێدەکڕم، لەبەرئەوەی بەدەمیانەوە پێدەکەنم وادەزانن حەزم لێیانە، زۆرجار شتەکان بەنرخێکی کەم دەکڕم»، هەربۆیە ئەو ڕۆژانەی دەچێت بۆلای مەعمیلەکانی بۆکڕینی پێداویستی، جلێکی تاڕادەیەک رووت لەبەر دەکات، چونکە پێیوایە بەوشێوەیە دوکاندارەکانی هاوڕێی فریو دەدات، «هەرچەندە خۆم حەزم لەجلی تەسکو رووتە، بەڵام دوکاندارەکان واتێدەگەن، ئەو جلانەم لەبەر خاتری ئەوان لەبەرکردووە، بۆیە زیاتر گرنگیم پێدەدەن».

بەبڕوای هەندێ لەکچان دوکاندارەکان نێچیرێکی زۆرباشن بۆ هەرزان دەستکەوتنی ئەو پێداویستیانەی کە دەیانەوێت، ئەوەتا سەمیرەی تەمەن ١٩ساڵ، ئاماژە بەوە دەدات کە بەقسەی خۆشو پێکەنین هەموو شتێکی هەرزانی دەست دەکەوێت، «هەموو کاتێک کە دەڕۆمە لای دوکاندارەکەی هاوڕێم، نوکتەیەکی بۆدەکەمو پێیدەڵێم جلی تازە چیمان هەیە، ئەویش کۆمەڵک شتی تازەم بۆدەهێنێ»، کاتێکیش پارەی جلەکان دەدات، چەند جارێک قژی لەسەر چاوی لا دەباتو دوکاندارەکەش بەوە فریو دەداتو بەوتەی سەمیرە، ئەو قژلادانە خێری تێدایەو بەهۆیەوە پارەیەکی کەمی لێوەر دەگیرێت.

کچان لەکامێرای ژووری خۆگۆڕین دەترسن

چاوان مەحمود، کچێکی باڵابەرزی قژ رەشی سپی پێستەو تەمەن ٢١ ساڵە، باس لەوە دەکات کە لەکاتی کڕینی جلو بەرگدا تا تەواو دڵنیا نەبێت لەژووری خۆگۆڕین، جلەکان تاقی ناکاتەوە، چونکە ترسی ئەوەی هەیە وێنەی بگیرێت، «لە زۆر کەسم بیستوە کە وتویانە، لەژوری خۆگۆڕینی دوکانەکانی جلی ئافرەتاندا کامێرای نهێنی دانراوە، بۆیە لەو شوێنانەدا زۆر وریامو چاودێری تەواودەکەم»، هەر ئەو ترسەشە وای لێدەکات لەچەند دوکانێکی دیاریکراودا، کە متمانەیان پێدەکات، جلەکانی تاقی بکاتەوە.

دوکاندارەکانی فرۆشتنی جلو بەرگی ئافرەتان، ئەو قسانە ڕەت دەکەنەوەو پێچەوانەکەی دەسەلێمنن، کامەران ئەحمەدی تەمەن ٣٢ساڵ، جلو بەرگی ئافرەتان دەفرۆشێت ئاماژە بەوە دەدات کە ئەو دوو ژوری خۆگۆڕینی داناوەو سەقفی ژورەکانیشی گرتووە، «هەرکەسێک بچێتە ژوری خۆگۆڕینی دوکانەکەمان، گومانی هیچ شتێک ناکات، چونکە لەهەموو لایەکەوە ئەو ژورەمان کەپس کردووە»، بەڵام ئەوەشی نەشاردەوە کە ئەویش بیستویەتی هەندێ دوکاندار کامێرا دادەنێن، بۆیە بەپێویستی زانی کچانو ژنان ژورەکە بپشکننو وریابن لەکاتی خۆگۆڕیندا.

دوکاندارەکانیش کچان فریو دەدەن

هەژار سەباح، دوکاندارێکی فرۆشتنی ئارایشتی ژنانەو تەمەنی ٣٦ساڵەو ئاماژە بەوە دەدات کە زۆر جار کچان دەیانەوێت بەقسەو دەستبازی، نرخی شتەکانیان بۆبێننە خوارەوە یان بەخۆڕایی بیاندەنێ، «کچ هەبووە یەکسەر داوای ژمارە تەلەفۆنی لێکردوومو وتویەتی شەو تەلەفۆنت بۆدەکەم»، بەڵام بەوتەی خۆی لەبەرئەوەی خێزانی هەیەو خاوەنی دوو منداڵە، لەگەڵ ئەو کچو ژنانەدا زۆر کۆک نییە، زۆرجار شتو مەکەکانیشیان بەگرانتر پێدەفرۆشێت، «کچ هەیە دەیەوێت بەناوی جل کڕینەوە، خۆی نزیک بکاتەوە بۆپەیوەندی سێکسی».

لەلایەکی ترەوە سەربەست ڕەئوفی ٢٥ساڵ، دوکاندارێکی ترەو جەخت لەوە دەکاتەوە کە زۆرینەی کچان فریو دەداتو بەنرخی خۆیشی کاڵاکانیان پێدەفرۆشێت، «کچ هەیە بۆئەوەی پەیوەندی لەگەڵدا ببەستم، زۆر مامەڵەی کالاکان دەکاتو ماوەیەکی زۆر لەدوکانەکەمدا دەمێنێتەوە، منیش ژمارەی تەلەفۆنەکەمی دەدەمێو شتی خۆشم بەنرخی خۆم دەفرۆشم».

بەپێچەوانەی قسەی دوکاندارەکانەوە، سۆما غەریب، تەمەن ٢٧ساڵ، ئاماژە بەوە دەدات کە زۆربەی دوکاندارەکانی جلوبەرگی ئافرەتان، هەوڵ دەدەن لەکچان نزیک ببنەوە، «زۆرجار کە جلی ژێرەوە دەکڕین، دوکاندارەکە لێمان نزیک دەبێتەوەو دەیانەوێت تاقیمان بکەنەوە، بزانین ڕێگەیان دەدەین تەدخولی ئەوشتانە بکەن».

سۆما، جەختی لەوە کردەوە کە هەندێ دوکاندار کارتی ناونیشانو تەلەفۆنەکەی دەداتە کچانو دەڵێت: تەلەفۆنم بۆبکەن کە جلی جوانمان بۆهات، پێتدەڵێم.

ئافرەتان توشی کێشە دەبن

ستار جەبار وەک توێژەرێکی کۆمەڵایەتی لەوە دەدوێ کە هەندێک ئافرەت بەهۆی جلو بەگو ڕەفتاریانەوە، پیاوان سەرسام دەکەن بەخۆیانو هەندێک پیاویش خۆی پێناگیرێتو حەز بەنزیکبونەوەیان دەکەن، بەوەش هەندێ لەئافرەتان فریو دەدرێن، یان ئافرەتان پیاوان فریودەدەن کە ئەمەیان کەمترە.

ئەو توێژەرە جەخت لەوەش دەکاتەوە کە زۆربەی ژنانو کچان نایانەوێت کاری خراپ بکەن، بەڵام بەو هۆیەوە توشی لادان دەبن، ئەوەش دەبێتە هۆی دروستبوونی کێشە بۆ خێزانەکەیان، «زۆرجار ئافرەت جلو بەرگو هەڵسوکەوتی بەجۆرێکەو ناخیشی جۆرێکی ترە، بۆیە جلو بەرگ ناکرێتە قیاس، پێویستە ئافرەتان لەو ڕێگانە خۆیان دوربخەنەوە، کە دەبێتە هۆی دروستبوونی کێشە بۆخۆیانو خێزانەکەیان».



فۆتۆ: شاخەوان مەحمود

کچان ... بەترسەوە لەدوکانەکان جلوبەرگ تاقیدەکەنەوە

# دهۆکێ رووداn بەرەڤ کێمبوونێ نە

## د ئیسال دە ٧٥ وەلاتیان ب ترومبێلێ گیانێ خۆ ژ دەست دایيە

**د ئیسال دە ٧٥ وەلاتی ب رووداnێن هاتنو چوونێ ژیانا خوە ژدەست دانەو سالا بووری ١٤٠ کەسان ژیانا خوە ب هەمان ئەگەرێ ژدەست دابوو. دیسان د شەش هەیڤێن بووری دا ئێشا شەکرێ هاتیە ٢٧٩٥ کوڕو ٤١٠٣ ژنان. ٥٨ کوڕو ٨٥ ژن تووشی نەخۆشیا تالاسیمیایێ بووینە، ١٠ کوڕو ٢٠ ژن تووشی شیزۆفرینیایێ بوونەو هەتا ڤێ حەفتیێ سێ وەلاتی تووشی ئەنفلاوەنزا بەرازان بووینەو ژ نەخۆشیێ هاتینە چارەسەرکرن.**

تایبەت بە نم نم:

ڕێڤەبەرێ هاتنو چوونا پارێزگەها دهۆکێ راگەهاند: کو رووداnێن هاتنو چوونێ بەرەڤ کێمبوونێ نە، چونکی ل سالا بووری ١٤٠ وەلاتی ب رووداnێن هاتنو چوونێ گیانێ خۆ ژ دەست دابوو، لێ د ئیسال دە ب تنێ ٧٥ وەلاتیان گیانێ خۆ ژ دەست دایە.

عەمید تارق ئەحمەد، ڕێڤەبەرێ هاتنو چوونێ تایبەت بۆ نم نم دیار کر , کو د چوار ڕۆژێن جەژنا ئەڤ سالە دا نۆ رووداnێن هاتنو چوونێ ل دهۆکێو دەوروبەران روودانو د وان رووداnان دا چوار وەلاتیان گیانێ خۆ ژ دەست دانو ١٥ ژی برنیداربوونە.

عەمید تارق داخویاکرن , کو رووداnێن هاتنو چوونێ بەرامبەر سالێن بووری بەرەڤ کێمبوونێ نە و ئەو شیاینە کۆنترۆلەکا مەزن ل سەر رووداnان بکەن،»ژبلی کوشتنو بریندارکرنێ ژی پارسال ژ ئەڤ سالە کێمتر رووداn چێبووینە«.

دیسان راگەهاند: ل سالا بووری ٩٢٥ رووداn پەیدابوون، تێدا ٢١٥ وەلاتیان گیانێ خۆ ژدەست دا بوو و ٣٤٥٨ ژی بریندار ببوون , بەلێ د ئەڤ سالە دا بتنێ ٧٥ وەلاتیان گیانێ خۆ ژ دەست دایەو ١٣٢٥ برینداربووینە،»کو د ئیسال دە ٨٧٨٨١ سەرپێچیێن هاتنو چوونێ هاتینە تۆماکرنو داهاتێ ڤان سەرپێچییان نیڤەک بۆ وەزارەتا نافخۆ دچیتو نیڤەک بۆ وەزارەتا دارایی».

ژلایەکێ دی ڤە، د ئامارا سەرۆکاتیا ساخلەمیا دهۆکێ دا هاتیە کو د شەش هەیڤێن بووری دا، ئێشا شەکرێ هاتیە ٢٧٩٥ کوڕانو ٤١٠٣ ژنان، هەروەسان دوو کوڕو ٥ کچ ب نەخۆشیا شەکرێ مرینە، ژ وان نەخۆشێن شەکرێ ١٥٤٢ کەس ب شرنقا ئەنسولین کو ڕۆژانە دهێتە دانان بۆ نەخۆشی خۆ ژ وێ ئێشێ قورتال دکەنو نەخۆشێن مایی ژی حەبان دخۆن، ٧٥٥٣ کوڕو ١٠٣٦١ ژن تووشی بلندبوونا فشارا خوینێ بووینە، ٣٦١ کوڕو ٣٩٣ ژن تووشی ئێشا دلی بووینەو ٣٧ کوڕو ٤٠ ژنان ب نەخۆشیا دلی گیانێ خۆ ژدەست داینە.

د شەش هەیڤێن ئێکێ دا ژ سالا ٢٠٠٩ێ، ١٦,٨٦٨ زارۆ د وان شەش هەیڤان دا هاتینە سەر دونیایێ، ژ ڤی سەرجەمی ٨٧٢٠ کورو ٨١٤٨ کچ بوون، دیسان ٣١٩ زارۆ ل دەما ژدایک بوونە د مری بوونەو ١٧٨ زارۆ ژی ژدایک بوونە پشترا مرینە.

د ئامارێ دا هاتیە، ٢٦٧٩ نابیناو ١٣٢٨٢ ژن تووشی زکچوونێ بووینە، هەروەسان ٨٨١٨ کۆرو ١٨٢٨٩ ژن تووشی کێمبوونا خوینێ بووینە، ٥٨ کوڕو ٨٥ ژن تووشی نەخۆشیا تالاسیمیایێ بووینە، ١٠ کوڕو ٢٠ ژن تووشی شیزۆفرینیا بووینەو ٢٤ کەس ژی تووشی تێکچوونێن عەقلی بووینە، ٣٠٦ کوڕو ٤٣٩ ژن تووشی نەخۆشییێن دەروونی بووینەو ١١٧ کوڕو ١٤٢ ژن تووشی نەخۆشیا (الصرع) بووینە.



ڕۆژانە چەندین کەس بە رووداوی ئۆتۆمبیل گیان لە دەستدەدەن

# لەنێوان رابەرو بەڕێوەبەرو کاریزمادا

د. سەلاحی گەرمیان
دکتۆرا دەروونناسی، ئوسترالیا

هەڵسوکەوتی جەماوەر و رۆڵی رابەر

هەڵسوکەوتی جەماوەر تایبەتمەندی خۆی هەیەو گرنگە هەڵوێستەی لەسەر بکەین.

زانایانی بواری دەروونناسیو کۆمەڵناسی ئەوەیان دەرخستووە کە کاتێک خەڵک کۆمەڵ ئەبەستێت حەشاماتێک پێکدێنن، هەڵسوکەوتەکان بەشێوەیەکی تر دەردەکەونو جیاوازو بەهەندتر دەبن، لەکۆی هەڵسوکەوتی تاکەکانی ناو ئەو حەشاماتەی کە کۆمەڵێک رەهەندی سایکۆلۆژی دێننە کایەوەو ئاراستەکانی تاکەکەس لەناو ئەو حەشاماتەدا دەتوێتەوەو گۆرانێکی بەرچاو بەسەر هزرو هەستیاندا دێت کەپێشتر بۆ تاکەکەس نەلواوە.

هەڵسوکەوتی حەشامات وەک حاڵەتێکی هیستیریای بەکۆمەڵ وایە، لەتاکەکەسێک یان گروپێکەوە دەستپێدەکاتو تەشەنە دەکات، ئەمەش دیارە لەسەر بنەمایەک سەرهەڵدەدات، وەک ئەوەی بەدیدەکرێت لەناو لایەنگرانی تیمی فوتبۆڵ لەناو یاریگادا یان لەکاتی رووبەرووبونەوەی جەماوەر لەگەڵ دەسەڵاتو رژێمێکی سیاسییدا.

دەسەڵات بەبەردەوامی چاودێری جوڵەو خرۆشاندنی ناو جەماوەر دەکات بۆ رێگرتن لەتەقینەوەی تورەیی جەماوەرو کۆنترۆڵکردنی لەکاتی رابوونو هەڵچوونیدا، چونکە دەسەڵات بەئاگایە لەراستیی دەرئەنجامی ئەو بارودۆخانەی کە جەماوەر حەشاماتێک دروستدەکات، لەوبارەوە زانای کۆمەڵناسی فەرەنسی گۆستاڤ لۆبۆن دەڵێت: جەماوەر لەو حاڵەتەدا دوور دەبێت لەبیرکردنەوەی لۆژیکانەو عەقڵانی، تاکەکەس لەژێر کاردانەوەی هاندانی جەماوەردا وەک ئەوەی لەژێر خەوێنەری موگناتیسیدا بێت وایە.

جەماوەر چاو دەبڕێتە هاندانو ئاراستەکردنی رابەری باوەڕپێکراو، گوێرایەڵی خۆی دەنوێنێت بۆ ئەو رابەرەی ئیرادەی خۆی دەخاتە کار بۆ کارتێکردنو پێشڕەویکردنی جەماوەر. لەبارودۆخێکی وەهادا، سەرەڕای حاڵەتی ترسو دڵەڕاوکێ لەداهاتوویەکی نادیار، هەر تاکێکی ناو جەماوەر خۆبەخشانە بەکاری هەستیارو بەرچاو هەڵدەستێت کە بەهیچ شێوەیەک ئامادەیی لەخۆیدا نەدەبینی بەو کارە هەستێت لەدەرەوەی جەماوەردا.

دیارە ئەو هەڵسوکەوتەی جەماوەر نیشانەی تەقینەوەی هەستو خواستی کپکراوی تاکەکانە کە لەگەڵ هەستکردن بەمتمانە لەنێوان هێزی جەماوەرو بانگەشەکردنی دروشمی بەکۆمەڵو حەماسەت خوڵقێنەر لەگەڵ بوونی ئەو سەرکردەیەی کە بەوردی ئاگای لەهەستو هۆشی جەماوەر هەیە، رێگا خۆشدەکات تا ئەو هەستە پەنگخوراوەی لای جەماوەر هەیە دەرچێتە دەرەوەو بەرەو ئاڕاستەیەکی دیاریکراو بیبات بۆبەدیهێنانی خواستی جەماوەرو بەپشتیوانی جەماوەر.

جیاوازی نێوان رابەرو بەرێوەبەر

بەبۆچوونی هەندێک لەتوێژەرو لێکۆڵەروان، رابەر ئەو تایبەتمەندییانەی تێدایە کە لەگەڵ هاتنە ژیانەوەیدا لەگەڵیدا دێت، بۆیە بوونی رابەر دەگمەنەو دەگەڕێتەوە بۆ سروشت، هەرچەندە بیروبۆچوونی جیاوازی تر هەن بەپێچەوانەی ئەوەوە باس لەسەرهەڵدانی رابەر دەکەن، وەک دەوترێت شۆڕشەکان دروستکەری رابەرەکانی خۆیانن، ئەوەش هۆکارە لەوەی زۆرجار شۆڕشەکان لەرێرەوی راستەقینەی خۆیان لادەدەن، چونکە کەسانی زۆر هەن سواری شەپۆلەکە دەبنو لەهەوڵی ئەوەدا دەبن رێڕەوەکەی بەپێی بەرژەوەندییە تایبەتییەکانیان بەرن، کە هەر ئەوەشە هۆکاری سەرهەڵدانی ململانێو پێکدادان لەنێوان لایەنە سەرەکییەکانی ناو رابەری شۆرشەکان.

زۆرێک لەسەرۆکی حیزبە سیاسییەکانو دەسەڵاتداران، ناوی رابەر هەڵدەگرن چ لەلایەن لایەنگرانو کەسانی سوودمەند لەدەسەڵاتەکانیانو چ لەرێگای دەزگای میدیای حیزبیو حکومییەوە بەبەردەوامی وەک رابەر دەخرێنەروو، بەڵام لەراستییدا زۆربەی هەرەزۆریان تەنیا کاری بەرێوەبەرایەتی حیزب و سیستمی سیاسی دەکەن، زۆرجاریش بەرێوەبەرێکی سەرکەوتووش نین نەک رابەرێکی کارامە، ئەوە لەکاتێکدا کەسی بەرێوەبەر زیاتر بایەخ بەئەنجامدانی کارە هەنوکەییەکانی دەدات و بەشێوەیەکی بیرۆکراتییانە لەهەوڵی بەجێهێنانی ئەو یاساو رێسایانەیە کە دەسەڵاتەکەی پتەوتر دەکات، زیاتر بایەخ بەدەرئەنجامە کاتییەکان دەدات نەک ئەو ئامانجانەی کە پێویستن کاریان لەپێناودا بکرێت بۆداهاتوویەکی گەشتر.

لای هەموومان ئاشکرایە کارگێڕیی وەک زانستێک لەزانکۆو پەیمانگاکاندا دەخوێندرێتو لەزۆربەی زانکۆکانی جیهاندا کۆلێژو بەشی تایبەتی هەیە، لەلایەن پسپۆڕانەوە سەدان کۆرسی تایبەت بەپەرەپێدانی ئەو بوارە بەرێوە دەچێت بۆئامادەکردنی کەسی شیاو بۆ راپەراندنی کاری کارگێڕیی لەدامودەزگاکانی دەوڵەتو دونیای بازرگانی.

ئەگەرچی رابەڕایەتی هەرچەندە لایەنە جیاجیاکانیو تایبەتمەندی کەسێتی رابەرو تیۆرە پەیوەندداەرکانی وەک بوارێکی زانستی لەکۆلیژو زانستگاکاندا بەوانە دەوترێنەوە، بەڵام بەشێک یان کۆلیژێک نییە بۆ پێگەیاندنو دروستکردنی کەسێتی رابەر بۆ راپەراندنی ئەرکی رابەرایەتی، چونکە رابەرایەتی پەیوەندی بەکەسێتی و رادەی سەلیقەو حیکمەتو ژیریيو رادەی زیرەکیو هۆشیاری تاکەکەسەوە هەیە، ئەو تایبەتمەندیانەش بەرێگای فێربوونو خوێندنەوە بەدەست نایەن، بەڵکو خۆڕسکنو لەئەنجامی ئەزموونی ژیانی تاکەوە بەدەست دێن.

لەوانەیە چەند تایبەتمەندییەکی هاوبەش هەبن لەنێوان کارگێڕیی و رابەرایەتیدا وەک کارامەیی لەگرێدانی پەیوەندیو شێوازی چارەسەرکردنی کێشەو گرفتەکانو بەرەنگاربوونەوەو پەڕینەوەی سەرکەوتووانە لەقەیرانەکاندا.

گریمان تاڕادەیەکی بەرچاو بتوانرێت مرۆڤ فێربکرێتو هۆشیار بکرێتەوە دەربارەی شێوازەکانی رابەرایەتی لەبوارە جیاجیاکانی ژیاندا، بەڵام دەکرێت بڵێین ئەوە مەحاڵە لەکایە سیاسیو بزاڤە کۆمەڵایەتیەکاندا، چونکە پێویستیان بەبوونی جەماوەر هەیە. رابەرایەتی سەرکەوتووش پێویستی بەجەماوەرێکی ئەکتیڤ هەیە کە لەگەڵ رای گشتیدا بەرێگای دایلۆگو دیالێکتیک گەشە بەبزاڤی خۆی دەدات. رابەرایەتی بۆئەوەی چالاکو سەرکەوتوو بێت، دەبێت جەماوەرێکی چالاکی لەپشتەوە بێت. لەپاڵ جەماوەریشدا، بوونی کەسێتی کاریزمایی رابەر پێویستییەکی هەرە گرنگە بۆ رابەرایەتییکردنی جەماوەر.

کاریزما چییە؟

بۆ پێناسەکردنی کاریزما Charisma، پێویست بەزانینی سەرچاوەی وشەکە دەکات. کاریزما لەبنەرەتدا وشەیەکی یۆنانییە بەواتای دیاری خودایی دێت، بەڵام بەشێوەیەکی گشتی ئاماژە بۆ سیحری کەسێتیو توانای راکێشانی سەرنجی دەوروبەرو کارتێکردن لەسەر کەسانی ناو کۆمەڵ دەکات.

کەسێتی کاریزمایی چ خۆشەویست بێت یان جێگای رقو تورەیی بێت، لەبیرەوەری خەڵکدا خۆی جێگیر دەکاتو هەستو سۆزیان داگیر دەکات. کەسێتی کاریزمایی تواناو هێزێکی نائاسایی مەعنەوی هەیە، وەک کەسێکی کۆمەڵایەتی لەناو جەماوەرەکەیدا دەناسرێتو جێگای باوەڕیان دەبێت، بەردەوامو بێسڵکردنەوە روبەڕووی ئاستەنگەکان دەبێتەوە، کاتێک دەزانێت لەبەرژەوەندی جەماوەرەکەیدا تەواو دەبێت.

رابەری کاریزمایی کاتێک لەپێناو جەماوەردا رابەرایەتی دەکات، دیدێکی تایبەتی هەیە بۆ داهاتوو جەماوەر، بەردەوام لەهەوڵو تەقەلادایە بۆ داهێنانو کۆکردنەوەو ئاڕاستەکردنی تواناکان بۆبەدیهێنانی گۆڕانکاری لەهەموو کایەکانی ژیاندا، چونکە دەرک بەوە دەکات کە گۆڕانکاری لەسروشتی ژیاندایەو نیشانەی گەشەکردنو پێشکەوتنە، بەواتای هەستکردن بەزیندوویيو نوێبوونەوەو چێژ وەرگرتنە لەژیان.

تایبەتمەندییەکانی رابەری کاریزمایی جەماوەر

پێویستە رابەری راستەقینە تەرکیز بخاتە سەر پەیوەندییە مرۆییەکانو زیاتر بایەخ بەدیدو ئاڕاستە ستراتیژییەکانو پرسە هەستیارەکانی خەڵکو داهاتوویان بدات، رۆڵی نموونەیی مرۆڤی شیاوو بەئاگا بنوێنێت.

بوونی کەسێتی کاریزمایی رابەر رۆڵێکی هەستیاری هەیە لەکۆکردنەوەی جەماوەرو رێکخستنیانو ئاراستەکردنیانو راپەراندنی ئەرکە هەنوکەییەکان لەپێناو گەیشتن بەئامانجە گرنگەکانو بەدیهێنانی خواستو ئاواتەکانیان. رابەرایەتی دیاردەیەکی کۆمەڵایەتییەو وەک چەمکیش واتای پرۆسەی کارتێکردن لەسەر جەماوەر دەگەیەنێت، رابەری خاوەن کاریزماش رۆڵێکی بەرچاو دەبینێت لەو پرۆسەیەدا کە کرۆکی دینامیکی رابەرایەتییە.

رابەر، نە وەستایەو نەبەرێوەبەر، بەڵکو رۆڵی رابەر زۆر جیاوازە لەرۆڵی هەردووکیان، رێنمایکردنو چۆنییەتی ئەنجامدانی هەر کارێک ئەرکی وەستایە. ئەرکی بەرێوەبەریش ئەوەیە دڵنیابێت لەوەی هەر کارێک پێویستە بکرێت بەشێوەیەکی باش ئەنجام بدرێت، بەڵام ئەرکی رابەر لەوەدایە چۆن خەڵک هان بداتو بیانهێنێتە ئەو ئاستەی تیایدا بەباشترین شێوە رۆڵ ببیننو ئەو کارەی پێهەڵدەستن گۆڕانکاری بێنێتە ئاراوە.

بۆئەوەی رابەری کاریزمایی جێگای متمانەو باوەڕی جەماوەر بێت. زۆر گرنگە ئەو راستییە لەبەرچاو بگرێت کە گۆڕانکاری، هاوکێشەیەکە پێویستی بەراگرتنی باڵانسی نێوان رابەرایەتیو جەماوەر هەیە.

لایەنێکی تر هەیە کە پێویستە رابەری کاریزمایی جەماوەر بەئاگابێت لێی، ئەویش فۆبیای گۆڕانە، کە دیاردەیەکە دەبێتە هۆی بەرەنگاربونەوەی هەر گۆڕانکارییەک، چونکە زۆرجار خەڵک ئامادەبوونی ئەوەیان تێدانییە پێشوازی شتێک بکات کە هێشتا بوونی نییە، هەربۆیە گرنگە رابەری کاریزمایی خاوەن ئەو توانایە بێتو ترسو دڵەڕاوکێ لەلای ئەو کەسانە برەوێنێتەوە کە لەداهاتوو دەترسنو ملکەچی ئەمری واقیع دەبنو بەرەو گۆرانکاری هەنگاو نانێن.




دیکتاتۆرەکان بەرهەمی ستایشو پیامەڵدانی میللەتەکانیانن

# رۆشنبیریی دەروونی

د. سامان شێخ ئەنوەر
دکتۆرا لەنەخۆشییە دەروونییەکان

مەبەست لەم دەستەواژەیە زۆر فراوانەو دەتونین بڵێین زۆربەی بوارەکانی ژیان دەگرێتەوە لەمنداڵییەوە تا پیریو مردن , ئەوەی لێرەدا زیاتر مەبەستمانە رۆشنبیریی دەروونییە لای تاکی کوردو ئەو زانیاریانەی کە تاکەکەس دەیزانێت سەبارەت بەمیکانیزمی بیرکردنەوە، هزر، وەرگرتن، هەڵسوکەوتو چۆنێتی دروستبوونی نەخۆشییە دەروونییەکانو....تد.

بێگومان دەروون مەودایەکی هێجگار فراوانو بەرینە، تەریب لەگەڵ مرۆڤدا دروست دەبێت، کاریگەر دەبێت بەڕووداوەکانی ژیانو هاوشێوەی جەستەش دووچاری جۆرەها نەخۆشیو کێشەو تێکچوون دەبێتەوە کە هەندێک لەمانە درێژخایەنو هەندێکیشیان کاتییەو لەوانەیە تەنها چەند رۆژێک بخایەنێت.

ئەو پرسیارەی دەبێت خوێنەرو شارەزایانی بواری دەروونیو رۆشنبیران زیندووی بکەنەوە ئەوەیە: ئایا تاکی کورد تاچەند ئاشنایە بەم زانستە زیندووە؟

بۆ وەڵامدانەوەی هەر پرسیارێکی گشتگیر لەم جۆرە واباشترە پشت ببەستین بەداتاو توێژینەوە ئامارییەکان کە لەم بوارەدا ئەنجام درابێت کە بەداخەوە تائێستا لەکوردستاندا بەشێوەیەکی زانستیانەو فراوان ئەنجام نەدراوە تابتوانین بەژمارە وەڵامی بدەینەوە، بۆیە لەم کاتانەدا باشتروایە بەلۆژیک وەڵام بدەینەوەو تەماشایەکی سەرچاوەکانی رۆشنبیری بکەین لەژیانی تاکی کورددا.

سەرچاوەیەکی گرنگ و بەردەستی رۆشنبیریی، بریتییە لەخوێندن و خوێندنگاکان بەتایبەتی لەقۆناغەکانی سەرەتاییو ناوەندیدا، ئەگەر کەمێک بەوردی تەماشایەکی بابەتەکانی ئەم قۆناغانە بکەین دەبینین لەهەندێ وانەدا باس لەجەستەی مرۆڤ دەکرێتو خوێندکار ئاشنا دەبێت بەسەرەتاکانی توێکاری لەش و کارکردنی هەندێ لەکۆئەندامەکان.

هەر کۆئەندامەش چەند نەخۆشییەکی بڵاوی باس دەکرێت، ئەمە بنەمایەکی زانستی سەرەتایی دەبەخشێتە خوێندکارو فەرهەنگە زانستییەکەی دەوڵەمەند تر دەکات، بەڵام ئەوەی کە هەرگیز باسی لێوە نەکراوەو لەهیچ بابەتێکدا تیشکی نەخراوەتە سەر لایەنی دەروونی مرۆڤەو شێوازی دروستبوونی نەخۆشییە دەروونییەکانە.

لەهیچ قۆناغێکی خوێندندا باس نەکراوە، عەقڵ و دەروون دووچاری نەخۆشی دەبن، یاخود کورتەیەک دەربارەی نەخۆشییە دەروونییەکانو شێوازی چارەسەری زانستی ئەم نەخۆشییانە باسی لێوە نەکراوە تا خوێندکار بتوانێت ئەو بیروڕا هەڵانە لای خۆی راست بکاتەوە، کەواتە سەرچاوەی یەکەمی رۆشنبیریی زۆر هەژارە لەم بوارەداو لەوانەیە هۆکارێکی چەواشەکردنیش بێت، چونکە منداڵ لەم قۆناغەدا شێوازی بیرکردنەوەی تایبەتو جیاوازە ئەوە دەچەسپێت لەمێشکیدا کەوا نەخۆشییە دەروونییەکان بنەمایەکی زانستییان نییە، ئەگەر هەیانە ئەی بۆ لەکتێبی زانستدا باسی لێوە نەکراوە، بەڵام باس لەنەخۆشی کۆئەندامەکانی تر کراوە.

سەرچاوەیەکی دیکەی رۆشنبیریی بریتییە لەهۆکارەکانی ڕاگەیاندن بەگشت شێوازەکانی: ینراو، بیستراو، خوێنراو،....تد.

پێویست ناکات لێرەدا ژمارەی کەناڵو رۆژنامەکان بخەینە ڕوو، بەڵکو ئەوەی گرنگە بزانین تا چەند بایەخیان بەم بوارە داوەو توانیویانە هۆکارێکی بەسوودبن لەم بوارەدا.

لەراستیدا خوێنەر، بڕیاردەری یەکەمە لەم هەڵسەنگاندنەداو دەتوانێت جیاکاری بکات لەنێوان کەناڵەکاندا، هەندێک کەناڵو رۆژنامە بایەخێکی زیاتریان داوە بەڕۆشنبیرکردنی تاکەکەس، ئەمەش جێگەی دەستخۆشییە، بەڵام بەبەراورد بەو ژمارە هێجگار زۆرە ئەمان تەنها فەزایەکی بچوک پڕدەکەنەوە.

سەرچاوەیەکی تری رۆشنبیریی بریتییە لەخێزانو هاوڕێو کەسانی دەوروبەر، ئەوەش لەکاتێکدا ئەمان ئاستێکی دیاریکراویان هەیە لەم بوارەدا ئیتر چۆن دەبنە سەرچاوە بۆ کەسێکی تر، کوردوتەنی: ماسی بە تەڕی دەمێنێتەوە، چونکە لەئاودا دەژی.

رێگەیەکی تری لۆژیکی بۆ پێوانەکردنی ئاستی رۆشنبیریی دەروونی تاکی کورد ئەوەیە ئەگەر بەراوردێک بکەین لەنێوان ژمارەی ئەو نەخۆشانەی سەردانی کەسانی ناپسپۆڕی دەروونی دەکەن، بەمەبەستی چارەسەرکردنی نەخۆشی دەروونی لەگەڵ ژمارەی ئەوانەی سەردانی پسۆر دەکەن لەو بوارەدا ئەوا بۆمان دەردەکەوێت کە هێشتا بیروباوەڕی هەڵە چەندە زۆرەو کەسانی ساویلکە چۆن رۆژانە یاری بەدەروونیان دەکرێت لەلایەن چەند کەسێکی نەشارەزاوە.

بەم چەند توێژینەوە سەرپێیە دەتوانین بەڕوونی بڵێین، رۆشنبیریی دەروونی لەئاستێکی نزمدایەو هەر ئەمەش وایکردوە ئەم بوارە تائێستا لەکوردستان شان بەشانی بوارەکانی تر گەشەی نەکردووە، کەواتە کاتی ئەوە هاتووە لایەنە پەیوەندیدارەکان بەرنامەیەکی فراوان پەیڕەو بکەن بەمەبەستی بەرزکردنەوەی ئاستی زانیاری تاکەکەسو ڕاستکردنەوەی ئەو بیرورا ناڕاستانەی لەم کاتەداو لەم دنیا پیشکەوتووەدا هێشتا میللەتەکەمان گیرۆدەیە پێوەی و ڕۆژانە چەندین کەس دەبنە قوربانی دواکەوتوویی و نەزانین.

## هەرێمی کوردستان ... خراپی باری ئابوریی قوتابیان لەخوێندن بێبەش دەکات

# لەماوەی ساڵێکدا زیاتر لەهەزار قوتابی وازیان هێناوە

بەرزان عەلی حەمە

لەهەرێمی کوردستاندا ساڵانە چەندین قوتابیو خوێندکار پۆلەکانی خوێندنیان بەجێدەهێڵنو بۆکارکردن روو لەبازاڕەکان دەکەن، ئەوەش لەکاتێکدایە کە وەزارەتی پەروەردە هەڵمەتی بەزۆر خوێندنی لەساڵی رابردووەوە پێشنیازکردووە، بەڵام دورکەوتنەوەی خوێندکاران لەخوێندن روولەزیادبونەو لەماوەی تەنها ساڵێکدا، زیاتر لەهەزار منداڵ وازیان لەخوێندن هێناوە.



فۆتۆ: شاخەوان مەحمود

**زیاتر لەهەزار قوتابی هەرێمی کوردستان لەخوێندن بێبەشدەکرێنو حکومەتو پەرلەمانیش هیچ بەدیلێکیان بەدەستەوە نییە**

بۆ کارکردن واز لەخوێندن دێنن

سیروان سالاری تەمەن ١٧ساڵ، دانیشتوی گەڕەکی زەرگەتەی شاری سلێمانیە، لەبەری هەژاریی خێزانەکەی ماوەی دووساڵە وازی لەخوێند هێناوەو رووی کردووەتە بازاڕەکان بۆ فرۆشتنی سەوزەو میوە،»ئەگەر بمخوێندایە، دوای حەوت ساڵی تر خوێندنم تەواو دەکرد، کە دڵنیام دانەدەمەزرام، دەبوایە ئەو چەند ساڵەش ماڵەوە خەرجیان بۆبکردمایە، کە زۆر قورس دەبوو بۆباوکم».

باوکی سیروان کرێکاری شارەوانییەو رۆژانە تا ئێوارە بەدوای ئۆتۆمبێلی خۆڵەکەدا رادەکاتو خۆڵ کۆدەکاتەوە، کوڕە گەورەکەشی لەپێناو زۆر ماندوو نەبوونی باوکی، وازی لەخوێندن هێناوەو ئێواران لەبری ئەوەی باوکی لەبازاڕ سەوزە بفرۆشێت، خۆی ئەو کارە دەکات، «من خۆم کردە قوربانی بۆئەوەی باوکم ماندونەبێتو خوشکو براکەی ترم بخوێنن، چونکە خوێندن گرنگە ئەگەر دەستەڵات هەبێت».

چنارو لەنیاو محەمەد، دوو براو خوشکێکنو ماوەی ساڵێکە لەبەر هەژاریی ناخوێننو ئومێدیان وایە باوکیان لەجێگەدا چاک ببێتەوە تا بگەڕێنەوە بۆ خوێندن. چنار ئاماژە بەوە دەدات کاتێک هاوڕێکانی بەجلی قوتابخانەوە دەبینێت دەست دەکات بەگریان، »بەڵام چارنییە، باوکم جەڵدە لێی داوەو ناتوانین بخوێنین».

قوتابیان ماڵئاوایی لەقوتابخانەکان دەکەن

لەگەڵ دەست پێکردنی وەرزی خوێندنی ئەمساڵدا، لەقوتابخانەی ڕەفیق حیلمی بنەڕەتی دوو قوتابی وازدەهێنن.

تەها عەولکەریم بەڕێوەبەری ئەو خوێندنگەیە ئاماژە بەوە دەدات کە باوکی دوو قوتابییەکە هاتونەتە لایو پێیوتوون: «بەحەماڵی ناتوانم منداڵەکان بەخێو بکەمو وەکو هەموو خوێندکارێک پێداویستیان بۆ بکرمو بیان نێرمەبەر خوێندن»، هەربۆیە لەگەڵ دەسپێکی ساڵی نوێی خوێندندا دوو منداڵەکەی وازیان لەخوێندن هێنا.

هەرچەندە هێشتا ئەو دوو قوتابییە بەپێی یاسا لەخوێندن دەرنەرکراون، بەڵام مامۆستا تەها جەخت لەوە دەکاتەوە کە حەزدەکات بگەڕێنەوە بۆخوێندن، چونکە زۆر زیرەکن.

سەروەر کەریم وەک توێژەرێکی دەروونی لەقوتابخانەی یانزەی ئازاری بنەڕەتی، باس لەوە دەکات کە ساڵی پار سێ قوتابیو ئەمساڵیش دوو قوتابی دیکە وازیان لەخوێندن هێناوە، «وازهێنانی ئەو قوتابیانە هەندێکیان هۆکاری کەوتنەو زۆرینەشیان دەگەڕێتەوە بۆخراپی باری ئابوریی خێزانەکەیان، یان کێشەی کۆمەڵایەتی لەناو خێزانەکەیاندا، کە دەبێتە هۆی بیزاربونی خوێندکار لەخوێندن».

بەپێی ڕووپێوێکی ڕێکخراوی منداڵپارێزی کوردستان، کە لەساڵی ٢٠٠٧ ـ ٢٠٠٨ ئەنجامدراوە، لەکۆی ١١٧٥٣٤ قوتابیو خوێندکاری شاری سلێمانی، ١٤٥١قوتابی وازیان لەخوێندن هێناوە، کە تەمەنی زۆربەیان لەخوار ١٥ساڵییەوەیە، ئەو تەمەنەش دەچێتە خانەی خوێندنی بەزۆرەوە، هاوکات بەپێی روپێوێکی تری ئەو رێکخراوە کە لەساڵی ٢٠٠٧ ئەنجامدراوە، لەهەرێمی کوردستاندا، ١٤٨٧٨ منداڵی ئێشکەر هەیە، کە ٣٢٦٤ منداڵیان ناخوێننو بەدرێژایی ساڵ کار دەکەن، ١٦١٩شیان ئارەزوی گەڕانەوە بۆخوێندن دەکەن، بەڵام بەهۆی خراپی باری ئابوریی خێزانەکانیانەوە، دەرگای خوێندنگەیان بەسەردا داخراوە.

پلانی حکومەتو پەرلەمان چییە؟

بەڕێوبەری پەروەردەی سلێمانی کەمال نوری، ئاماژە بەوە دەدات کە پێویستە بەڕێوەبەری قوتابخانەکان بەڕێوەبەرێتی پەروەردەکانی خۆیان لەوازهێنانی قوتابیان ئاگادار بکەنەوە، «ڕەنگە بەڕێوەبەرەکان کەمتەرخەم بووبنو وەکو پێویست بەپیر ئەو مەسەلەیەوە نەچوبن، بۆیە تائێستا ئەو ئامارە نەگەشتووە بەدەستمان کەبزانین چەند قوتابی وازی لەخوێندن هێناوە».

مامۆستا کەمال نوری باس لەوە دەکات کە ئەمساڵ لیژنەی پەروەردە بەدواداچوون لەسەر ئەو کێشەیە دەکەنو دانیشتن لەگەڵ هەموو بەڕێوبەری قوتابخانەو خویندنگەکاندا دەکەنو دەست بەلێپرسنەوە دەکەن، «لەڕێگەی ئەم رۆژنامەیەوە، داوا لەهەموو بەڕێوەبەرەکان دەکەم، ئاماری وازهێنانی خوێندکارانمان بۆ ئامادە بکەنو بۆمان بنێرن».

لەلایەکی ترەوە، د.سەباح محەمەد بڕیاردەر لەلیژنەی پەروەردەو خوێندنی باڵا، لەپەرلەمانی کوردستان، ئاماژە بەوە دەدات کە ئەوان بیریان لەوە کردوەتەوە، کە چۆن ژێرخانی پەروەردەیی هەرێمی کوردستان چاک بکەنو کاربکەن لەسەر وازهێنانی قوتابیانو خوێندکاران لەخوێندن، «قسەکردن لەسەر هۆکارەکان، پێویستی بەدیراسەکردن هەیە، چونکە یەک هۆو دوو هۆی نییە، لەهەرقوتابییەک بپرسیت بۆ وازت لەخوێندن هێناوە؟ یەک زنجیرە هۆکارت بۆ ڕیز دەکات».

ئەو بڕیاردەرەی لیژنەی پەروەردەو خوێندنی باڵا لەپەرلەمانی کوردستان جەخت لەوە دەکاتەوە کە لەسەر ئەو بابەتە لەگەڵ وەزیری پەروەردەو خوێندنی باڵادا کۆبونەوە دەکەن، «پێویستە سەرەتا دەردو نەخۆشییەکان دیاری بکەین، ئینجا باس لەچارەسەرەکان بکەین، بەدواداچوونی لەسەر دەکەینو لەپەرلەمان گفتوگۆی لەسەر دەکەین، کارکردنی ئێوە وەکو میدیا پاڵنەرێکی بەهێزە بۆئەوەی ئێمە کاری لەسەر بکەین».

# چۆن توانا سەرەکییەکانی منداڵەکانمان بدۆزینەوەو بەهێزیان بکەین؟

ناسر فەتحی

پێشەکی:

ئەم زنجیرە وتارەی کە لەمەبەدوا لێرەدا بڵاودەبێتەوە، بۆ ئەو دایک و باوکانە دەنووسرێ کە دەزانن دەکرێ لەسەر لایەنە جۆراوجۆرەکانی گەشەی منداڵەکانیان کاریگەرییان هەبێ و دەشزانن کە دەبێ بیانبێ.

گەشەی منداڵان لە یەکەم قۆناغەکان و لەدەسپێکی تەمەنیان دا بەحەوت بەشی سەرەکی دابەش دەکرێ کە بریتین لە: گەشەی زەینی، گەشەی جووڵەیی، گەشەی کۆمەڵایەتی، گەشەی کەسایەتی، گەشەی زمانی و گەشە لەڕێگای کۆنترۆڵی میزو پیسایی.

ئەم کۆمەڵە وتارە لەمەڕ قۆناغە تەمەنییە جیاجیاکانی منداڵان، لەیەکەم ڕۆژی لەدایکبوونیانەوە تا تەمەنی پێنج ساڵیان دەنووسرێ، هەوڵدەدرێ پەروەردەی منداڵان بەپێی ئەو حەوت بەشە سەرەکییە تاوتوێ بکرێ و ئەوکارانەی دایکانو باوکان دەبێ بۆ منداڵەکانیان و بۆ گەشەی منداڵەکانیان بیکەن، دەستنیشان بکات.

ئەم شێوازگەلە پەروەردەییانەی لەم زنجیرە وتارەدا پێشنیاز دەکرێ، شێواز گەلێکی ئاسان و ئەزمونکراون، لەهەمانکاتیشدا زۆر کاریگەرو وردبینانەن.

دایک و باوکی بەڕێز
راهێنەری خۆشەویست

دوای ئەم پێشەکییە و دوای باسێکی گشتی و چڕ لەسەر ڕۆڵی دایک و باوک وەک راهێنەر، دوای پێناسەیەکی کورت لەمەڕ چۆنێتی تێگەیشتن لەقۆناغەکانی گەشە، دوای ئاماژەکردن بەپلانەکانی گەشە، ئێمە لەبەشەکانی داهاتوودا تێرو تەسەلتر دەچینە ناو بەشی سەرەکیی کۆمەڵە وتارەکەمانەوە و هەربەشەی دابەش دەکەین بەسەر سێ ستوون بۆ سێ قۆناغی تەمەنیی جیاواز و ئێوەش دەتوانن بەپێی ئەو قۆناغە تەمەنییەی منداڵەکەتان تێیدایە و ئەو بەشانەی بە پێویستی دەزانن و لەگەڵ تەمەنی منداڵەکەتان هاوئاهەنگی هەیە، بەشەکان بخوێنەوە و واز لە بەشەکانی دیکە بێنن کە لەگەڵ تەمەنی منداڵەکەتان یەکناگرنەوە.

بۆ وێنە ئەگەر منداڵەکەتان لەتەمەنی ٣٢هەفتەیی دابوو، ئێوە دەتوانن تەنها لەو بەشەی ـ ئەو ستوونەی ـ بۆ تەمەنی ٣٢هەفتەیی منداڵان نووسراوە کەڵک وەربگرن و بیخوێننەوە. هەرکام لەم بەشانەش لەسێ ستوونی سەربەخۆدا، بەنۆبە، باسی گەشەی زەینی، جووڵەیی، توانا جەستەییەکان و هتدیان تێدا دەکرێ. واتە ئێوە تەنها ئامۆژگارییەکانی پێوەندیدار بەتەمەنی ٣٢هەفتەیی منداڵەکەتان دەخوێننەوەو ڕەچاویان دەکەن تا ئەوەی منداڵەکەتان بۆ وێنە دەگاتە تەمەنی ٤٠ هەفتەیی، ئەوکات دەتوانن ئامۆژگارییەکانی پێوەندیدار بەتەمەنی ٤٠ هەفتەیی منداڵەکانتان بخوێننەوە و کەڵکیان لێ وەربگرن.

ئەم کۆمەڵە وتارە جگەلەو ڕێنوێنی و ئامۆژگارییانەی بۆ گەشەی منداڵانی باس دەکات، هەڵگری هەندێک زانیاری بەجێ و پێویستە کە بەگشتی زۆربەی دایکان و باوکان بەدوایدا دەگەڕێن، بۆ وێنە لەم زنجیرە وتارەدا شێوازی زانستیی هەڵسەنگاندنی ئاستی تێگەیشتنی منداڵەکانیان، شێوازی هەڵسەنگاندنی هێزی بیستن و توانایی گوێی منداڵەکانیان و شێوازی هەڵسەنگاندنی توانایی بینینی منداڵەکانیان پێ فێر دەکرێ، هەروەها ئەم زنجیرە وتارە هەڵگری کۆمەڵێک زانیاری دیکەی وەک: پێوەرو چۆنێتی هەڵبژاردنی بووکەڵەی تایبەت بەمنداڵان، پێوەرەکانی هەڵبژاردنی باغچەی ساوایانی شیاو، فێرکاریی چۆنێتی بەکارهێنانی تەلەڤزیۆن و کۆمپیوتەرو ڤیدۆو زۆر زانیاری دیکە، دەبێ.

خوێنەری بەڕێز ... دایکو بابی خۆشەویست ... راهێنەری دڵسۆز سەرەڕای ئەوەی ئێمە لە سەرەتای ئەم پێشەکییەدا گوتمان: ئەو بەشانەی بە پێویستی دەزانن و لەگەڵ تەمەنی منداڵەکەتان هاوئاهەنگی هەیە، بیخوێننەوە و واز لە بەشەکانی دیکە بێنن، بەڵام لەگەڵ ئەوەش دا ئێمە پێشنیاز دەکەین کە ئێوە هەموو بەشەکان و هەموو ستوونەکانی پێوەندی دار و ناپێوەندی داری ئەم وتارانە بخوێننەوە.

ئەم پێشنیازەشمان بۆ چەند هۆکار دەگەڕێنینەوە:

یەکەم: ئەوەی کە لە وڵاتی ئێمەدا کەمترین زانیاری گشتی لەسەر چۆنێتی پەروەردەکردنی منداڵان هەیە.

دووهەم: ئەوەی کە مەرج نییە ئێمە تەنها غەمی پەروەردەکردن و چۆنێتی مامەڵەکردن لەگەڵ منداڵەکانی خۆمان بخۆین، بەڵکوو منداڵانی خزم و کەس و دۆستان و هاوڕێیانیشمان کە هەریەکەو لە قۆناغێکی تەمەنیی جیاوازدان، پێویستە ئاوڕیان لێ بدەینەوە و بزانین کە چۆنیان لەگەڵ دەدوێینو چۆنیان مامەڵە لەگەڵ دەکەین.

سێیەم: هەندێک لە دایک و باوکەکان لەبەر ئەوەی هۆگری خوێندنەوە نین و هەندێکیشیان دەرفەتی خوێندنەوەیان نییە، لەپەروەردەکردنی منداڵەکانیان بەشێوەیەکی زانستی دوور دەکەونەوەو پێویستییان بەیارمەتی خەڵکانی دەوروبەری خۆیان هەیە، جا بۆیە ئێوە دەتوانن لەوکاتانەی دا کە لەگەڵ یەک کۆبوونەتەوەو دەرفەتتان بۆ هەڵکەوتووە و بابەتێکی دیاریکراوتان بۆ قسەلەسەرکردن پێ نییە، ئەوە دەتوانن ئەم زانیارییە زیادانەتان بکەن بە بابەت، لەلایەک هەم کەشی بێدەنگیی نێوانتانی پێدەشکێنن و هەم زانیارییە گشتی و پەروەردەییەکانی خۆتان گواستۆتەوە بۆ ئەو دایک و باوکانەی سەرقاڵ، نەخوێندەوار، کەمتەرخەم یان گوێنەدەرو ...هتد بوون.

پێشنیازێکی دیکەش کە ئێمە بەئێوەی دەکەین ئەوەیە: هەموو ئەو بەشانەی لێرەدا بڵاویان دەکەینەوە ئەرشیفیان بکەن و هەڵیانگرن.

ئەم پێشنیازەشمان
چەند هۆکاریکی هەیە:

یەکەم: ئەوەیە کە ئەم بابەتانە رێکەوتی بەسەرچوون ـ تاریخ مەسرەف ـ یان نییە و هەمیشە و هەمووکات تازە دەمێننەوە بۆ خوێندنەوە و دووبارە بەکارهێنانەوەیان.

دووەم: لەوانەیە کاتێک ئەم بەشانە بڵاودەبنەوە یان هێشتا منداڵەکەتان لەدایک نەبووبێ، یان لەدایک بووبێت و هێشتا نەگەیشتبێتە ئەو تەمەنەی کە ئێمە ئێستا ئەو ئامۆژگارییانەی تێدا بڵاو دەکەینەوە.

سێیەم: پاراستنی ئەم ئەرشیفە وادەکات ئەگەر رۆژێک منداڵێکی دیکەتان بوو بتوانن بگەڕێنەوە سەری و جارێکی دیکە چاوێکی پێدا بخشێننەوە و وەبیر خۆتانی بهێننەوە کە دەبێ چی بکەن و وردەکارییەکانی پەروەردەکردنی منداڵەکانتان لەم کۆمەڵە وتارەدا چی بوون و چۆن بوون؟!

چوارەم: ئەگەر کەسێک داوای لێکردن کە زانیاریی سەبارەت بە پەروەردەکردنی منداڵەکەی پێبدەن، ئەوە ئێوەش بتوانن ئەم زانیارییە ئەرشیف کراوانەتان بەئەمانەت بدەن پێی و ئەویش کەڵکی لێ وەربگرێ.

لەکۆتایی ئەم پێشەکییە دوورو درێژ و ماندووکەرەدا بە پێویستی دەزانین پێتان بڵێین:

لەبیرتان نەچێ ئەگەر تەنانەت یەک رۆژیش زووتر منداڵەکانتان بە پلان و بەرنامە پەروەردە بکەن و یەک رۆژیش زووتر لەرەوتی گەشەی ئاسایی خۆیان پێشیان بدەن و وازبێنن لەپشتگوێخستنیان و هەڕەمەکی پەروەردەبوونیان، لەراستی دا بوونەتە هۆکارێک بۆ ئەوەی منداڵەکانتان چەندین مانگ زووتر لە منداڵەکانی هاوتەمەنی خۆیان گەشە بکەن و پێشبکەون.

چاوەڕوانی
بەشی دووەم بن

## پیتاندنی دەستکرد هیوا بەهاوسەرە نەزۆکەکان دەبەخشێتەوە

# "خوایە ئەو سەروەتەی پێتداوم، بیبەرەوەو منداڵێکم پێببەخشە"

شەنگە رەحیم
دونیا محەمەد

**ئەو ژنو پیاوانەی منداڵیان نابێت، تا ئەو ڕۆژەی لەژیاندان بەردەوام دەگەڕێن بەدوای فریادڕەسێک چارەسەری نەزۆکیان بکاتو ببنە خاوەنی منداڵێک، پسپۆڕانی بواری تەندروستیش جەخت لەوە دەکەنەوە کە بەهۆی پیتاندنی دەستکردەوە، زۆرینەی نەزۆکەکان دەبنە خاوەنی منداڵ.**


فۆتۆ: ئاکام شێخ هادی

ژنو مێردە نەزۆکەکان خەون بەمنداڵەوە دەبینن

### ژنان حەز دەکەن ببنە دایک

سۆزان عەلی، ٤٢ساڵ، ماوەی زیاتر لە ٢٠ساڵە شوی کردووەو سەردانی چەندین دکتۆری دەکات بۆئەوەی منداڵێکی ببێت، بەڵام تائێستا هیچ دکتۆرێک هیوای پێنەبەخشیوە کەببێتە دایک، بۆیە لەتەنیشت درەگای ژوری تاقیگەی سەنتەری ساوا، بەدەمو چاوێکی گرژەوە دانیشتبوو، چاوەڕێی وەڵامی پشکنینەکەی بوو، کە مژدەی ئەوەی بدەنێ بەرێگەی دەستکرد ببێتە خاوەنی منداڵێک، چونکە بەشێوەی سروشتی هیچ ئومێدێکی بەمنداڵبوون نەماوە، «گرنگ نییە چەند خەرج دەکەم، ئەوە گرنگە کە چۆن ببمە دایکو منداڵەکەم لەباوەش بگرم».

ئیبراهیم ئیسماعیل، تەمەن ٣٠ساڵ، لەگەڵ ئاسیای تەمەن ٢٧ساڵی خێزانی، لەسەنتەرێکی پیتاندنی دەستکرددا، دانیشتبونو دەست بەدوعا دەپاڕانەوە، «خوایە ئەو سەروەتەی پێتداوم، بیبەرەوەو منداڵێکم پێببەخشە«. ئیسماعیل، لەگەڵ هەموو پاڕانەوەیەکدا سەیریکی کاتژمێرەکەی دەستی دەکردو چاوڕێ بوو بچێتە لای دکتۆر، ئاسیای خێزانیشی کە تاڕادەیەک دڵخۆشی لەڕوخساریدا بەدی دەکرا، باسی لەوە دەکرد کە ئەگەر لەکوردستان چارەسەی نەزۆکییەکی بکرێت، ئەوا ناچنە دەرەوەی وڵات، «هاوسەرەکەم گوێ نادات بەوەی چەند پارە خەرج دەکات، تەنها ئەوەی لەلا گرنگە کە ببێتە خاوەنی منداڵێک، ئەگەر لێرە ببمە دایک، ئەوە ئەرکێکی قورسی مادی لەسەرشانی هاوسەرەکەم لادەبەم».

### ١٠هەزار دۆلاری خەرجکردوەو بێ منداڵە

هێرۆ قادری تەمەن ٣٨ساڵ، کارمەندی فەرمانگەیەکی حکومیەو دانیشتوی شاری سلێمانیە، باس لەوە دەکات کە بەسولفەو پارەی موچەی مانگانەی خۆی، ١٠هەزار دۆلاری کۆکردوەتەوەو سەردانی نەخۆشخانەیەکی کردووە، لەوڵاتی سوریا بۆئەوەی ببێتە خاوەنی تەنها یەک منداڵ، بەڵام هەموو هەوڵەکەی بێئاکام بوەو بەدڵێکی شکاوەوە لەگەڵ هاوسەرەکەیدا گەڕاونەتەوە، «ئاواتم ئەوە بوو، ئەو پارەیە بکەمە ١٠هەزار دۆلارو سەردانی دەرەوەی وڵاتی پێ بکەم، ئەو ئاواتەم هاتە دی، بەڵام خودا منداڵی نەدامێ».

کەمالی مێردی هێرۆ، هەمیشە دڵی خێزانەکەی دەداتەوە، بەڵام هیچ شتێک هێرۆ ناکاتەوە هێرۆ دەم بەپێکەنینو قسەخۆشەکەی جاران، تەنها دەنگی گریانی لەدایکبوونی منداڵەکەی خۆی نەبێت. ئەوەی کە کەمێک هیوای بەهێرۆ بەخشیوە، کردنەوەی سەنتەری پیتاندنی دەستکردە لەسلێمانی، «لەئێستادا زۆر دڵخۆشم بەکردنەوەی ئەم سەنتەرە، بەو هیوایەی دڵخۆشترم بکات».

ئاستی لێوەشاوەییو پسپۆڕی ئەو پزیشکانەی لەو جۆرە سەنتەرانەدا کاردەکەن پێشمەرجی ئەو هاوسەرانەیە کە دەیانەوێت سەردانیان بکەنو لەبەرامبەر دۆزینەوەی چارەسەردا بڕە پارەیەکی زۆر بدەن.

د.ئەحمەد حەمە عەبدوڵا - لێپرسراوی ئامادەکاری سەنتەری ساوا، جەخت لەوە دەکاتەوە کە ئەو پزیشکانەی ئەوجۆرە پیتاندنو چارەسەرکردنە دەکەن پزیشکی تایبەتینو لەدەرەوەی وڵاتەوە هاتونەتە هەرێمی کوردستان.

### هۆی نەزۆکی

٣٠٪ی پیاوانەو ٣٠٪یشی ژنانە بەبڕوای پزیشکانی پسپۆڕ، لەم ساڵانەی دواییدا گرفتی نەزۆکیو دواکەوتنی منداڵبوون کە وابەستەی غەریزەی جووتبوونو هاوسەرگیرییەو ڕووی لەزیادبوون کردووە، هۆکارەکەشی ٣٠٪.ی بۆپیاوان دەگەڕێتەوە، ئەویش بەهۆی کەمی بڕی سپێرمو ٣٠٪.یشی بۆژنان، بەهۆی کیسکردنی هێلکەدانو بڵاوبونەوەی ڕووپۆشی ناوەوەی منداڵدان هاوکات ٢٠٪.ی نەزۆکیش بۆهەردوولایان دەگەڕێتەوەو ٢٠٪.ی دیکەشی تائێستا هۆکارەکەی نەزانراوە.

ئەگەرچی زیاد لەچەند ساڵێکە چارەسەری هاوسەرە نەزۆکەکان دەکرێت، بەڵام لەساڵی رابردووەو لەشاری سلێمانی دوو سەنتەری تایبەت بەچارەسەرکردنی نەزۆرکی ژنانو پیاوان کراونەتەوە، ڕۆژانە خەڵکێکی زۆر سەردانی دەکەن.

د.ژیان ئەحمەد بەرپرسی سەنتەری ساوا بۆ نەزۆکی، ئاماژە بەوە دەدات کە مەرج نییە ئەو نەخۆشانەی سەردانیان دەکەن، یەکسەر داغڵی بەرنامەی پیتاندنی بکەن، بەڵکو هەندێ نەخۆش پێش ئەوەی داغڵی بەرنامەکەی بکەن، پێویست بەوە دەکات کە چارەسەری دیکەی بدەنێ، چونکە سەرکەوتنی پیتاندن لەهیچ وڵاتێکدا ١٠٠٪ نییەو بەپێی نەخۆشی نەخۆشەکەیە، «ئەوانەی گەنجن چارەسەریان زیاترە، بەڵام ئەوانەی تەمەنیان لەسەرو ٤٥ساڵییەوەیە، ئەگەری سەرنەگرتنی پیتاندنەکەیان زۆرترە».

### چۆن بەپیتاندن منداڵ دروست دەبێت؟

بەپێی قسەی د.ژیان، ئەو ژنو مێردەی بەرێگەی سروشتیی منداڵیان نابێت، بەوردی شێوازی چارەسەرەکەیان بۆ رون دەکرێتەوە، ئەگەر هۆکارەکەی لەهەر کامێکیاندا بێت، ژنو مێردەکە داغڵی بەرنامەی پیتاندن دەکرێن. لەهەنگاوی یەکەمدا ژنەکە لەدووەم ڕۆژی سوڕی مانگانەوە داخڵی بەرنامەکە دەبێت، دوای ئەوە بۆماوەی پێنج ڕۆژ چارەسەر وەردەگرێتو بەپێی حاڵەتەکەی خۆیو جۆری هێلکەدانی ژنەکە، «پێویستە بەبەردەوامی سەردانی سەنتەرەکە بکەن، بۆسۆنەرکردن تا هێلکەی ئامادەبێت بۆمنداڵ دروستکردن».

پاش ٣٦سەعات هێلکەکە بەبەنجی گشتیو لەرێگەی ئامێرێکی تایبەتەوە لە لەشی ژنەکە دەردەهێنرێت، پاشان تۆوی پیاوەکە وەردەگیرێتو لەدەرەوەی لەشی ئافرەتەکەو لەرێگەی مایکرۆسکۆپێکی زۆر وردەوە دەپیتنرێن، دوای دوو تا سێ ڕۆژ کە زانرا هێلکەکە پیتێنراوە، هێلکەکە لەڕێگەی دکتۆرێکی زۆر تایبەتمەندەوە، بەبێ بەنج جارێکی تر دەخرێتەوە ناو لەشی ئافرەتەکەوە، بێ ئەوەی هیچ ئازارو مەترسییەکی بۆ دروست ببێت.

پاش تێپەڕبوونی دوو هەفتە بەسەر ئەو پرۆسەیەدا، پشکنین بۆ ژنەکە دەکرێتەوە تا بزانرێت سکەکە دروست بووە یان دروست نەبووە، ئیدی بەوشێوەیە چاودێریی دەکرێت تا ئەو کاتەی ئەنجامێکی لێدەکەوێتەوە.

# کورتەیەکی مێژوویی دەربارەی فێ



سامان سیوەیلی
توێژەری دەروونی

**بۆ یەکەمجار چارڵس لۆکۆک دەرمانێکی دژە فێی دۆزییەوەو توانی زاڵ بێت بەسەر ئەو شێوازە جادوگەرانانەی لەچارسەرکردنی ئەم نەخۆشییەدا بەکار دەهێنران**

لەوەتەی زانستە پزیشکییەکان ناسراون نەخۆشی ( فێ ) ش ناسراوە، لەو دەمەوە هەتا ئێستا ئەم نەخۆشییە بۆتە مایەی مشتومڕو کێشمەکێشی نێوان زانستو جادووگەری.

لەچاخە کۆنەکاندا فێ بەگەلێک ناو ناوزەد کراوە، بۆنموونە ناوبراوە بەنەخۆشییە پیرۆزەکە، ئەمەش لەو باوەڕەوە سەرچاوەی گرتبوو کە نۆرەی فێ لەئەنجامی ئەوەوە دێت کە فریشتەیەکی پیرۆز دەچێتە ناو جەستەی نەخۆشەکەوە، پاشان لەسەردەمێکی تردا ئەم نەخۆشییە ناودەبرا بەنەخۆشی شەیتانو دێوەزمەکان بەو باوەڕەی کە شەیتان یان دێوەزمەیەک دەچێتە ناو جەستەی نەخۆشەکەوە هەربۆیە پەنایان بۆچارەسەر بەلێدان یان داخکردن بەئاگر یان هەر ئامرازێکی ئازاردەری تر بردووە تا شەیتانەکە ناچار بکەن لە جەستەکە دەربچێت.

لەسالێ ٤٠٠ پ.ز، ئیبۆکرات بەگژ ئەم ناوو بیروباوەڕانەدا چووەو ڕایگەیاند: فێ نەخۆشییەکە وەک هەموو نەخۆشییەکانی تر، سەرچاوەی ئەم نەخۆشییەش دەماخە، شەیتانو دێوەزمەکان هیچ پەیوەندییەکیان پێوەی نییە، هەربۆیە دەبێت بەداو دەرمان یان دەستنیشانکردنی خواردنێکی دیاریکراو چارەسەر بکرێت.

لەپاش ئەمە سەردەمێکی تر هاتە پێشەوە کە خەڵکی بڕوایان وابوو فێ بەهۆی میکرۆبەوە دروست دەبێتو ڕوودەداتو ئەم میکرۆبانەش توانای تەنینەوەیان هەیە لەکەسێکی تووشبووەوە بۆ کەسێکی ساغ بەهۆی دەست بەرکەوتنەوە، بەم هۆیەوە نەخۆشی تووشبوو بەفێ لەو سەردەمەدا دەینالاند لەدەست بێزلێکردنەوەو مامەڵەنەکردنو دوورەپەرێزی خەڵکی لەترسی تووشبوونیان.

پاشان سەردەمێکی تر هات کە فێ بەجۆرێک لەشێتی دائەنرا لەبەرئەوە نەخۆشەکە کۆتو بەند دەکراو لەزیندانی دوور لەشارو ئاوەدانی دادەنرا هەروەکو بەهەمان شێوە مامەڵەیان لەگەڵ نەخۆشە ژیرییەکاندا کردووە.

لەگەڵ چوونە ناو سەدەی نۆزدەوە تێڕوانینەکان بەرامبەر فێ گۆڕانی بەسەردا هات ئەوەش پاش دەرکەوتنی چەند ڕاستییەکی گرنگ دەربارەی فێ، لەساڵی ١٨٥٧ز زانا چارلس لۆکۆک دەرمانێکی دژەفێی دۆزییەوە کە پرۆمیدی پۆتاسیۆم بوو، بەمەش ئەم زانایە توانی زاڵ بێت بەسەر ئەو شێوازە جادووگەرانانەی لەچاسەرکردنی فێدا بەکاردەهێنران. لەساڵی ١٨٦٠ ز، زانا سکوایەر ڕایگەیاند کە فێ شێتی نیەو ڕایسپارد بەجیاکردنەوەی تووشبووانی فێ لەو کەسانەی نەخۆشی ژیرییان هەیە، دەبێت ئازاد بکرێن لەزیندانەکانداو مامەڵەی هاوشێوەی هەر نەخۆشێکی تر بکرێن.

لەساڵی ١٨٧٤دا، زانا جاکسۆن ناوبانگی دەرکرد بەهۆی ئەو لێکۆڵینەوەیانەی دەربارەی فێ ئەنجامیدا. جاکسۆن یەکەم کەس بوو کە پێناسەیەکی زانستییانەی بۆ فێ کرد کە هەتا ئێستاش کاریگەریی بەردەوامی هەیە، ئەم زانایە پێناسەی فێی کرد بەوەی بریتییەلە خاڵیبوونەوەیەکی کارەباییانە لەتوێکڵی دەماخدا ڕوودەدات، ئەم خاڵیبوونەوەیە هەندێجار بەشێوەیەکی کتوپڕو خێرا ڕوودەدات.

زانا کاور لەساڵی ١٨٨١ ز، پەرتووکێکی لەسەر فێ نووسی کە تیایدا باسی لەتیۆرەکانی جاکسۆن کردووەو تیایدا فێی لەهەندێ حاڵەتی هاوشێوەی خۆی جیاکردۆتەوە وەک هیستیریا.

لەساڵی ١٩٢٩یشدا زانای ئەڵمانی بێرگەر هێڵکاری دەماخی دۆزییەوەو وەسفێکی وردی بۆکرد. بێرگەر لەڕووی پراکتیکییەوە تیۆرەکانی جاکسۆنی سەلماند فێی لەحاڵەتە هاوشێوەکانی جیاکردەوە بەهۆی هێڵکاری دەماخەوە، هەروەها بەهۆی هێڵکارییەکەوە توانی جۆرەکانی فێو پێگەی سەرچاوەی نەخۆشییەکە لەدەماخدا بدۆزێتەوە.

لەم دیرۆکەوە بایەخدانی زۆرێک لەزانایان بەم نەخۆشییە بەردەوام بووە کە هەوڵیانداوە پەی بەزۆرێک لەو نهێنییانە بەرن کە هەتاکو ئێستاش بەنەزانراوی ماونەتەوە، لەو گرنگیو بایەخ پێدانانەش بەستنی کۆنگرەی زانستییە ماوە ماوە لەیەکێک لەشارە گەورەکانی جیهاندا کە تیایدا ژمارەیەکی زۆر لەزانایان کۆدەبنەوەو بیروڕاو زانیاریو شارەزایی خۆیان ئاڵوگۆڕ دەکەن لەگەڵ یەکتردا.

وێڕای هەموو ئەو گرنگی پێدانانەش هەتا ئێستاش زۆر تەمومژ لەسەر ئەم نەخۆشییە هەیە کە پێویستی بەکۆششی بەردەوام هەیە بۆ ڕەواندنەوەی ئەم تەمومژانەو پەیبردن بەلایەنە نادیارو شارەوەکانی ئەم نەخۆشییە.

# لەنێوان منداڵی بیرکۆڵو منداڵی ئۆتیزمدا

هاوار حەمە ساڵح قادر

**توێژەر لەنەخۆشخانەی سۆزی دەروونی**

١. منداڵی بیرکۆڵ بەوە جیادەکرێتەوە کە ئارەزووی نزیکبونەوەو تێکەڵبوونو خۆگونجاندنی هەیە لەگەڵ دایکو باوکیو گەورەکانو منداڵی هاوتەمەنی خۆیان , کە ئەمخەسڵەتە کۆمەڵایەتییەش نادیارە لەمنداڵی تەنها خودی ـ ئۆتیزم س دا.
٢. منداڵی بیرکۆڵ لەوانەیە دەستکەوتێکی زمانەوانی بۆخۆی بنیادبنێتو گەشە بەزمانی بدات هەرچەندە تائەندازەیەک دوادەکەوێت، بەڵام هەر هەندێک لەو قسانە لەپەیوەندیکردن لەگەڵ خێزانەکەیو کەسانی تردا بەکاردەهێنێت. منداڵی تەنهاخودی زۆرجار گەشەی زمانی وەستاوە یان سنوردارە هەتا ئەگەر دەستکەوتێکی کەمیشی هەبێت لەوشە زۆر بەکەمی بەکاری دەهێنێت لەپەیوەندی کردندا، ئەگەر هاتوو قسەش بکات ئەوا قسەکانی کەموکورتی دەبێت لەڕووی چۆنێتی گوزارشتی زمانەوانی بەشێوەیەکی ناتەواو دەریدەبڕێتو بەتاڵە لەئاوازی دەنگە گوزارشتییەکان کە واتای شتەکان زیاد دەکات، بەپێچەوانەی منداڵی بیرکۆڵەوە.
٣. منداڵی بیرکۆڵ کەموکورتی نییە لەبەکار هێنانی ڕاناوەکان هەروەک چۆن منداڵی تەنها خودی تێکەڵییەک دروستدەکات، بۆنمونە لەنێوان ڕاناوی (من)و (تۆ) دا هەریەکەیان لەجێی ئەویتر دادەنێت، هەروەها بۆ ڕاناوەکانی تریش هەروایە.
٤. منداڵی بیرکۆڵ شەڕەنگێزترن لەمنداڵی تەنهاخودی.
٥. منداڵی بیرکۆڵ زیاتر شێواوی جەستەییان لادەردەکەوێت وەک گەورەیی قەبارەی هەردوو گوێیاخود کورتی هەردوو شانو قاچەکان، بەڵام منداڵی تەنهاخودی شێوەی جەستەییان زۆر سروشتییەو ناتوانرێت دەستنیشانی هیچ کەموکورتییەک بکرێت لەڕوخساری دەرەکیمنداڵەکەدا.
٦. منداڵی تەنهاخودی چەند ڕەفتارێکی جۆریو دووبارەیان هەیە وەک جوڵاندنی دەستو باڵ لەبەردەم چاویانداو جوڵەجوڵی زۆرلەبیرکۆڵدا نییە.
٧. منداڵی تەنهاخودی کتوپڕ دەست دەکات بەپێکەنین یان گریان یان هاوارکردنو بەردەوام دەبێت بۆماوەیەکی دوورودرێژ، بەبێهیچ هۆکارێک کە ئەوە لای منداڵی بیرکۆڵ نییە.
٨. منداڵی تەنهاخودی دووردەکەوێتەوە لەپەیوەندیکردن بەچاو لەنێوان خۆیو کەسانی تردا کە قسەی لەگەڵ دەکەن، بەڵامئەم سیفەتە زۆر کەمە لەمنداڵی بیرکۆڵدا.
٩. منداڵی بیرکۆڵ بەشێوەیەکی ئاسانتر دەتوانرێت مامەڵەی لەگەڵ بکرێتو ڕابهێنرێت لەکاتی چارەسەرکردندا، بەڵام منداڵی تەنهاخودی پێویستی بەئەرکو ماندووبوونو خۆڕاگریو کۆڵنەدانێکی زۆر هەیە لەمامەڵەکردن لەگەڵیو مەشق پێکردنیان.
١٠. منداڵی تەنهاخودی زۆرجار پێویستی بە بەخێوکردنی هەتاهەتایی هەیە لەژیانیدا , بەڵام منداڵی بیرکۆڵ ـ شێوە ئاسانەکەی ـ سەربەخۆییەکی خودی بەدەست دەهێنن لەڕێگای یارمەتیدانی، پشت بەخۆی دەبەستێت.
١١. لەهەندێکاتی کەمدا دەتوانرێت تاقیکردنەوەی ژیریی بکرێت بۆ منداڵی تەنهاخودی، بۆیە دەبینین جیاوازییەکی زۆر هەیە لەنێوان ئاستی ژیریی دەربڕاوبەزمانی ئاخاوتن ـ کەزۆر کەمە ـو ئاستی ژیریی دەرنەبڕاو بەئاخاوتن ـ کە زۆرجار زۆرە ـ بەتایبەتی پێزانین بەجوڵەو بینینو لێهاتوویی مامەڵەکردن، بەڵام ئاستی ژیریی دەربڕاو و دەرنەبڕاو بەزمانی ئاخاوتن لای منداڵی بیرکۆڵ هاوسەنگە.
١٢. منداڵی تەنهاخودی سەرکەوتوو دەبێت لەیەکێک لەم لایەنانە: بیرکاری یان هونەر وەک مۆسیقاو وێنەکێشان یاخود هۆنراوە یان چالاکی وەرزشی.

# وەزیری تەندروستی حکومەتی هەرێم:
# ناتوانین سیستمی تەندروستی بگۆڕین

سازدانی: شاخەوان مەحمود

**د.تاهیر عەبدوڵا حسێن هەورامی (٥٤ساڵ)، دکتۆرای لەنەشتەرگەریی گشتیدا هەیەو لە ٢٠٠٨دا، دبلۆمی نەشتەرگەریی نیودەڵەتی وەرگرتووە، ئەندامی کۆمەڵەی هەناوبینیو نەشتەرگەریی ئەمریکیو جیهانییە. دوای دەستبەکاربوونیو لەیەکەم چاوپێکەوتنیدا لەگەڵ نم نم، وەزیری تەندروستی هەرێمی کوردستان د.تاهیر هەورامی، باس لەکێشەکانی سیستمی تەندروستی هەرێمی کوردستانو کۆنیی ئەو سیستمە دەکاتو جەخت لەوە دەکاتەوە کە پێویستی بەگۆڕینە.**

**شاخەوان: سیستمی تەندروستی هەرێمی کوردستان کۆنە، پێتوانییە کاتی گۆڕینی هاتبێت؟**

**د.تاهیر:** ڕاستە زۆر کۆنە، بەڵام بۆ چاککردنی پێویستە ڕێژەی بنکە تەندروستییەکانو نەخۆشخانە گشتیو تایبەتییەکان زیاد بکرێت تا بەشی هەموو خەڵک بکات، لەگەڵ زۆر بوونی ژمارەی دکتۆرکان، کە کۆمەڵێک دکتۆری تایبەتمەند هەیە، لەهەر سێ پارێزگای سلێمانیو هەولێر دهۆکدا یان هەر نییە یان زۆر کەمن، تاقیگەکانمان لەئاستێکی زۆر نزمدایە، ئەو نەخۆشخانانەی لەکوردستاندا کاردەکەن تەنها بەشی کۆمەڵێک خەڵک دەکات. ئاستەنگێکی تر ئەوەیە ئێمە بەتەنها ناتوانین سیستمی تەندروستی بگۆڕین، ئێمە بەشێکین لەعێراق، میزانییەمان لەعێراقەوە دێت، پێویستە لەئاستی هەموو عێراقدا هەوڵ بدرێت ئەو سیستمە بگۆڕدرێت.

**شاخەوان: ئێوە وەکو هەرێم هەر چاوەڕێی بەغدا دەکەنو ناتوانن هیچ گۆڕانکارییەک بکەن؟**

**د.تاهیر:** لەسەردەمی دکتۆر زریانەوە، هەوڵدراوە کۆمەڵێک شوێن لەهەولێرو دهۆکو سلێمانی، بکرێت بەبنکەی تەندروستی خێزانی، بۆنمونە ئەگەر بنکەی تەندروستی سەرچنار دابنرێت، ئەوا هەموو خەڵکی سەرچنار لەڕێگەی ئەو بنکەوە دۆسێیان بۆدەکرێتەوەو سەرەیان بۆ دادەنرێت بۆهەموو پشکنینەکان، تیشک گرتنو سەردانی دکتۆر. لەناو دۆسیەکەشیاندا لەهەموو ڕوییەکی تەندروستییەوە پردەکرێتەوە، ئیترئەوکات نەخۆش یەکەمجار سەردانی ئەو بنکەیە دەکاتو لەوێوە ئەگەر پێویست بکات دەنێررێت بۆ شوێنی تایبەت. ئەو بنکانە نزیکی دووهەزار خێزان لەخۆ دەگرن، کە ئەمە بەشێوەیەکی سەرکەوتوو لەدهۆک جێبەجێ کراوە، لەهەولێریش تاڕادەیەک کراوە، بەڵام لەسلێمانی خەریکە یەک دوو بنکەی لەو شێوەی دادەمەزرێنین، ئەگەر ئەم سیستمە دابنرێت لەهەموو ڕوویەکەوە قازانجی دەبێت، بۆ خەڵکو بۆ حکومەتیش.

**شاخەوان: نەخۆش هەیە بۆ نەخۆشییەک سەردانی چوار دکتۆر دەکات، ئەم بێمتمانەییە بەدکتۆر بۆچی دەگەڕێتەوە؟**

**د.تاهیر:** لەئێستادا بەهۆی خراپی سیستمەکەوە نەخۆش وەکو سەرلێشێواو وایە. بەیانی دەچێت بۆنەخۆشخانە، ئێوارە دەچێت بۆ عیادە، ڕۆژێک دوای ئەوە دەچێتە عیادەیەکی تر، دەرمانی هەرسێ دکتۆرەکەش دەخاتە سەلاجەکەوەو دوایی بەسەر دەچێتو فڕێی دەدات. نەخۆش هەیە ٢٤حەبی بۆ دەنوسرێت، دەنکێک حەب دەخواتو هەست دەکات چاک نەبووە، سەردانی دکتۆرێکی تر دەکات، نەخۆشەکە دەرمانی دکتۆری یەکەم تەواوناکاتو سەر لەخۆی دەشێوێنێت. هەڵەی حکومەت لەوەدایە کە خۆی هەموو پارەکان دەدات، لەهەموو جیهاندا شتێکی وانییە کە خزمەتگوزاری تەندروستی حکومەت خۆی هەمووی بدات، بەڵکو باشتروایە سیستمی بیمەی تەندروستی بخرێتەگەڕ، حکومەت لەموچەی خەڵک پارە ببڕێتو لەکاتی سەردانی نەخۆشخانەکاندا، بەنرخێکی کەم ئیشەکانیان بەڕێ بکات.

**شاخەوان: ئەی ئەوکاتە هەژارەکان چی بکەن؟**

**د.تاهیر:** ئەوانیش ڕێکخراوێک یان حکومەت خۆی لەکاتی پێویستیان بەخزمەتگوزاری تەندروستی پارەیان بۆ بدات. ئەوانەشی بیمەیان نییەو خۆیان پارەیان هەیە، پێویستە پارەیان لێبسەنرێت هەتا لەنەخۆشخانە حکومییەکانیشدا، چونکە زۆرجار نەخۆشخانە هەیە چۆڵەو نەخۆشخانەش هەیە ئەوەندە قەرەباڵخە دکتۆرێک زیاتر ٣٠٠ نەخۆش دەبینێت، ئەگەر کاتی دکتۆرەکە دابەش بکەیت، هەریەکەیان دەقەیەکی بەرناکەوێتو دکتۆرەکەش لەو ماوە کەمەدا ناتوانێت، هەموو ڕێنماییەکانی بگەێنێتە نەخۆشەکانو پێیان بڵێت ئەو خواردنە بخۆن، ئەوە مەخۆن یان ئەو دەرمانانە بۆماوەی ئەوەندە ڕۆژ بەکار بهێنە.

**شاخەوان: هەندێجار دەبینرێت نەخۆش دەرمانی هەڵەی بۆدەنوسرێت یان لەنەشتەرگەرییدا شت بەجێ دەمێنێت، ئایا ئەمانە وایان نەکردووە نەخۆش متمانەی بەدکتۆر نەمێنێت؟**

**د.تاهیر:** ئەو شتانە زۆر دەگمەنن، بەدڵنیاییەوە لەهەزار نەشتەرگەییدا هەڵەیەک هەر دەکرێت، بۆ دەرمان نوسینی هەڵە ئەی دکتۆری دەرمانخانە کە ماوەی پێنج ساڵ کۆلێژی دەرمانی خوێندووە، چۆن دەبێت بەسەریدا تێبپەڕێت، بۆیە کە دکتۆر دەرمان دەنوسێت دەبێت لەدەرمانخانە وەری بگرێت، چونکە ئەگەر دکتۆرەکە هەڵەیەکی کردبوو لەنوسینی دەرمانەکاندا، نابێت بەسەر دکتۆری دەرمانخانەکەدا تێپەڕ ببێت، ئەگینا ئەوانەشی پەیمانگای تەندروستیان تەواوکردووە، دەزانن دەرمانەکان چییە، لەهەموو جیهاندا ئەو شتانە دووجار دەپشکنرێن.

**شاخەوان: باس لەوە دەکرێت کە زۆرجار دکتۆری نەخۆشخانەکانی بەیانیان، بەساردی وەڵامی نەخۆشەکان دەدەنەوەو گرنگیان پێنادەن، کەچی لەعیادەکانی ئێواران، گرنگییەکی زۆر دەدرێت بەنەخۆش، ئەی هۆکاری ئەمە چییە؟**

**د.تاهیر:** دکتۆرەکەی بەیانیان ٣٠٠ نەخۆش دەبینێت، بەڵام نێوان ٢٠ بۆ ٣٠ نەخۆش دەبینێت ئەمە هۆکارێکە، بینینی ئەو هەموو نەخۆشەش لەبەیانیاندا هەڵەی سیستمەکەیە، چونکە لەئەوروپا نەخۆش هەیە بەسێ ساڵ سەرەی دکتۆری تایبەتمەندی بەردەکەوێت، بەڵام لێرە نەخۆش دەیەوێت کات بۆ دکتۆرەکە دیاری بکات، دەشیانەوێت هەموو ڕۆژێک کە چون بۆ نەخۆشخانە ئەو دکتۆرە لەوێ بێت.

**شاخەوان: دەوترێ ئەو دکتۆرانەی کۆلێژی پزیشکی تەواو دەکەن، لەمەودوا بەگرێبەست کاریان پێدەکرێت؟**

**د.تاهیر:** هەر دکتۆرێک ئەو کۆلێژە تەواو بکات لەئێستاوە تا دەساڵی تریش دادەمەزرێت، چونکە ئێمە پێویستمان



دکتۆر تاهیر عەبدوڵا هەورامی

بەئیشەکانیانە، بەڵام ڕێنمایی تایبەتمان هەیە لەسەر ئیشەکانیان، ئەوەی ئیشی باش بکات فرسەتی باشی بەردەکەوێت، ئەوەشی ئیشی خراپ بکات فرسەتی خراپتری بەردەکەوێت.

**شاخەوان: جیاوازییەکی زۆر هەیە لەنێوان نەخۆشخانە حکومییەکانو ئەهلییەکان، هەندێ لەنەخۆشخانە ئەهلییەکان خزمەتێکی کەم دەکەن، بەڵام پارەیەکی زۆر وەردەگرن، لەو جیاوازیانە بکۆڵنەوە؟**

**د.تاهیر:** نەخۆشخانە تایبەتەکانیش هەر پەیوەندی بەسەندیکای پزیشکانەوە هەیە، ئێمە وەکو مۆنیتەر شتێکامان هەیە لەگەڵیاندا، کە لێپرسینەوە لەهەندێ شت بکەین بەهاوکاری سەندیکا، ئێمە هانی بازاڕی ئازاد دەدەین، بەڵام بەشێوەیەکی مەنتقی.

**شاخەوان: خەڵکی گلەیی زۆری هەیە لەگرانی نرخی بلیتو دەرمانی کلینکە ڕاوێژکارییەکانی ئێواران؟**

**د.تاهیر:** ئەو کەسانەی گلەییان لەگرانی نرخی ئەو ئیستشاریانە هەیە، لەهەمووکاتێکدا نەخۆشخانە بەلاشەکەی حکومەت هەیە، دەتوانن سەردانی ئەو نەخۆشخانانە بکەن. دانانی ئەو کلینکیانە بۆئەوەیە ئەگەر نەخۆش بیەوێت هەموو جارێک بچێتەی لای دکتۆرێک، دەتوانێت لەو کلینکیانە هەر ئەو دکتۆرە ببینێو دەرمانو بینینی دکتۆرو پشکنینەکانیشی بەنرخێکی ڕەمزییە، لەچاو عیادەکانی ئێواراندا، بەڵام لەنەخۆشخانەکانی بەیانیان دکتۆرەکان بەپێی خشتە دەوام دەکەنو هەرجارەو دکتۆرێکی لێیە. دکتۆری تایبەتمەند ڕۆژێک لەزانکۆ دەرس دەڵێتەوە، ڕۆژێک لەنەخۆشخانەکاندا دەرسی عەمەلی دەڵێتەوە، ڕۆژێک خەفەرە، ڕۆژێک نەشتەرگەریی هەیە، ڕۆژێک لیژنەی تەندروستی هەیە، ڕۆژێکیش ئیستیشاری هەیە.

> «تا ١٠ساڵی تریش پێویستمان بەدامەزراندنی دکتۆر دەبێت»

**شاخەوان: خەڵک گلەیی لەنەخۆشخانەکانی قەستەرەو تیشکی تەنوری هەیە، کە بەپارەیەکی زۆر بۆی دەکرێت؟**

**د.تاهیر:** ئەو قەستەرەی لێرە دەکرێت ٦٠٠ دۆلاری تێدەچێت، بەڵام لەوڵاتانی دراوسێدا دە ئەوەندەی تێدەچێت.

**شاخەوان: ئەی ئەگەر کەسێک پێویستی بەو قەستەرەو تیشکە تەنورییە هەبوو پارەی نەبوو؟**

> ئەگەر کەسێکی هەژار پێویستی بە قەستەرەو تیشک تەنوریی بێت بە من چارەسەر ناکرێت، بەڵکو ئیشی حکومەتە چارەی بۆ بدۆزێتەوە

**د.تاهیر:** تائێستا چارەسەری ئەوەمان نییەو ئەوەش بەمن چارەسەر ناکرێت.

**شاخەوان: ئەی ئیشی کێیە ئەگەر ئیشی وەزیری تەندوستی نەبێت؟**

**د.تاهیر:** ئەوە ئیشی حکومەتە کە دیراسەیەکی تری داراییو میزانەیەکەی بکات.

**شاخەوان: تاچەند لەرەوشی تەندروستیی هەرێمی کوردستان ڕازیت؟**

**د.تاهیر:** ئەگەر بەراوردی بکەیت بەچەند ساڵێک پێش ئێستا، زۆر باشە. لەساڵانی دوای ڕاپەڕین تەنها نەشتەرگەری گشتیو شکاویی دەکرا، بەڵام ئێستا نەشتەرگەریی گشتی، شکاوی، مەجاری دەولی بەنازۆرەکانیشیەوە، بەردی شکاوی بەمەکینەکانیەوە، سنگو جوانکاری، نەشتەرگەری دڵیش کە لەسەری ساڵدا لەسلێمانی دەکرێتەوە، باڵۆنو قەستەرەو بەشی جیهازی هەرسو چەندەها ئامێری پێشکەوتومان هەیە، ئێستا سەنتەری جیهازی هەرس لەسلێمانی، یەکێکە لەسەنتەرە هەرەباشەکانی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست.

**شاخەوان: وەزارەتی تەندروستی چاودێری لەسەر بازار چۆنە؟**

**د.تاهیر:** تیمی تایبەتمان هەیە لەناو بازاڕدا، ڕۆژانە دەستدەگرێت بەسەر شتو مەکو خوادنو خواردنەوەی بەسەرچوو، بەڵام تەنها هۆشیاری خەڵک ئەو شتانە چارەسەر دەکات کە هەموو کەسێک خۆی دابنێ ئاسایش بێتو چاودێری بکات.

**شاخەوان: سەرچاوەی هاتنی دەرمان بۆ هەرێمی کوردستان کوێیە؟**

**د.تاهیر:** ٨٠٪ی دەرمانەکانما لەبەغدادەوە لەسەر بودجەی ١٧٪ دێت، ٢٠٪ی تریشی دەکرین.

**شاخەوان: زۆر جار نەخۆش گلەیی ئەوە دەکەن کە دکتۆرەکان، بەشێوەیەکی ناتەندروست هەڵسوکەوتیان لەگەڵ دەکەن، تائەو ڕادەیەی قسە بەنەخۆش دەڵێن، بەتایبەت لەنەخۆشخانەکان منداڵبوندا، ڕێنماییتان چییە؟**

**د.تاهیر:** دکتۆر دەبێت خزمەتکاری نەخۆش بێت، بەڵام لەسەر هەر شتێک بەشەفەوی نابێت، پێویستە شاهیدت هەبێت، ئەوکات دەتوانی سکاڵا لەو دکتۆرە بکات لەلای بەڕێوەبەرەکەی یان سەروتر، دەشتوانێت بچێتە دادگا، سزاش بۆ ئەو دکتۆرانە هەیە، بەڵام لەنەخۆشخانەکاندا کارگوزارەکانیش بەدکتۆر دادەنرێن.

# قەشەی کەنیسەی ماریوسف لەسلێمانی:
# هەوڵدەدەین ئەو گیانی برایەتییە بپارێزین کە پێش ٥٠ساڵ لەنێوان ئیسلامیو مەسیحییەکانی ئەم شارەدا هەبوو

**شیروان موحەمەد ئەمین**

**قەشە سلێوە عەزیز ڕەسام (٦٠ساڵ)، پەیمانگای مار یوحەنا حەبیبی شاری موسڵی تەواوکردووە، ماوەی شەش مانگە بۆتە قەشەی کەنیسەی ماریوسف لەسلێمانی. لەیەکەم دیمانەیەدا لەگەڵ نم نم، باس لەپێکەوەژیانی ئایینی دانیشتوانی هەرێمی کوردستان دەکات هاوکات ئەوەش ناشارێتەوە کە حەز بەسەردانی مسوڵمانان دەکاتو شانازی بەباشترین ئاستی ڕۆشنبیریی خەڵکی کوردستان بەگشتیو سلێمانی بەتایبەتی دەکات.**

**شیروان: پلەو شێوازی پیاوانی ڕێکخراوەیی مەسیحییەکان چۆنە؟**
**قەشە سلێوە:** یەکەم سوڵتە کاردینالّ عەما نوئێل پەترەکی جیهانی کلدانییەکانە، پاشان مەتران بەپلەی دووەم دێت کە هەر مەتارانێک بەپێی شوێنو جوگرافیا سەرپەرشتی چەند قەشەیەکی کەنیسەکان دەکات، هەموو قەشەکان ڕێنمایی لەو مەترانەی خۆیان وەردەگرن، بۆنمونە ئەبرەشەی دهۆکو زاخۆ یەک مەترانی هەیە، هەموو مەترانەکان دەکەونە ژێر ڕکێفی ڕێنماییەکانی پەترەک، پەترەکیش واتا کەنیسەی کلدان پەیوەندی هەیە بەکەنیسەی وڵاتی ڕۆماوە.

**شیروان: پەرستشی ناو کەنیسەتان چۆنە؟**
**قەشە سلێوە:** هەموو ڕۆژێک سەعات چوار تا پێنجی ئێوارە نوێژی بەکۆمەڵ دەکەین، بەڵام فەرزە لەسەر هەر باوەڕدارێک لەڕۆژی پیرۆزی یەکشەممە ئامادەبێت، قەشە وتاری ئاینی دەخوێنینەوە، هەر یەکشەممەیەو بەجۆرێک نوێژ دەکەین، بۆنمونە نوێژی بەشارەتو میلادو قیامەت، لەکاتی نوێژدا قەشەو شەماسو جەوقا دەوری خۆیان دەبینن. لەهەندێک خوێندنەوەی
نو ێژ د ا
هە مو و
ئامادەبووان بەشداری دەکەن، هەندێک نوێژ تایبەتە، بۆیە قەشە ئەدائی دەکاتو دەپاڕێتەوە، لەو کاتەدا هەندێجار شەماسو هەندێجار جەوقە وەڵامی دەداتەوە.

**شیروان: مەبەست لە شەماسو جەوقا چییە؟**
**قەشە سلێوە:** دوو پلەی ئایینی ناو کەنیسەن. شەماس لەدوای قەشە دێت کە ئینجیلو تەورات دەخوێنێتەوە، جەوقە ئەرکی خوێندنەوەی سرودی ئاینییە.

**شیروان : بۆچی یەکشەممە لای ئایینی مەسیحی پیرۆزە؟**
**قەشە سلێوە:** لەبەرئەوەی ڕۆژی هەینی، مەسیح مردو لەڕۆژی یەکشەممەدا زیندوو بوویەوە. لەو ڕۆژەدا پێویستە ئینسان کار نەکاتو عیبادەتی خوا بکات، لەتەوراتدا هاتووە لەدوای شەش ڕۆژ خوا جیهانی دروستکرد، پاشان لەڕۆژی حەوتەمدا داوای پشووی لێکرد.

**شیروان: ئەگەر لەو ڕۆژەدا ئافرەتێکی مەسیحی سوڕی مانگانەی هەبوو دروستە بێتە کەنیسە؟**
**قەشە سلێوە:** ئینجیل ڕێگەی پێدەدات کە نەیەت. نوێژ لای ئێمە پەیوەندی بەڕۆحەوەیە نەک شۆردنی دەستو قاچ، ئەگەر ناوەڕۆکی جەستە پاک بوو دەرەوەی جەستە گرنگ نییە.

**شیروان: ئێوە عیسای مەسیح بە خوا دەزانن؟**
**قەشە سلێوە:** لەقورئانی موسڵماناندا هاتووە عیسا ڕۆحی خوایە، ئێمەش وادەڵێن، عیسا کەلیمەی خوایە. سەرەتای ئینجیلی یوحەنا کە لێکدانەوە بۆ مەسیح دەکات، بەو جۆرە باسیکردووە. بۆیە لای ئێمە مەسیح خوایە، چونکە تەبیعەتی ئیلاهی هەبوو، بەڵام کاتێک هاتەسەر زەوی تەبیعەتی ئینسانی وەرگرت، بۆیە عیسا هەردوو تەبیعەتی مرۆییو خوایی تێدا کۆبۆتەوە، بەتەبیعەتی ئیلاهی توانی موعجیزە ئەنجام بدات، بەڵام بەتەبیعەتی بەشەری هەموو ئەو هەڵسوکەوتەی هەیبوون کە لەمرۆڤەکانی تردا هەیە، بۆیە مەسیح لەجەوهەری خوا دەرچوو.



قەشە سلێوە عەزیز ڕەسام

**شیروان: لەشارێکی وەک سلێمانی چەند کەنیسەتان هەیە؟**
**قەشە سلێوە:** دووان. کەنیسەی مەریەم عەزرا لەگەڕەکی سابونکەران کە ساڵی ١٩٦٢ دروستکراوە، بۆ هەموو تەوائیفی مەسیحییەکان لەگەڵ کەنیسەی ماریوسف کلدان لەگردی ئەندازیارانی سلێمانی، ساڵی ٢٠٠٣ بەهاوکاری مام جەلال دروستکراوە، ئەم کەنیسەیە لەسەرەتادا ڕاستەوخۆ پەیوەندی بەکەنیسەی کلدانی بەغداوە هەبوو، بەڵام ئێستا سەر بەئەبرەشەی کەرکوکە.

**شیروان : مەرجە پیاوانی ئایینی ئێوە شارەزاییان لەفەلسەفەو لاهوت هەبێت؟**
**قەشە سلێوە:** فەلسەفە لێکدانەوە لەسەر وجودو زانستی دەروناسی دەکات، لاهوت زانستی ئیلاهیاتە کە نەبینراوەو لێکدانەوەی زانستی خوایە لەسەر مەسیحو مەلائیکەو بەهەشت، هەربۆیە قەشە دەبێت ئەو دوو زانستە بخوێنێت.

**شیروان: ژنو ژنخوازی لەنێوان کەنیسە مەسیحییەکاندا چۆنە؟**
**قەشە سلێوە:** پێشتر ناکۆک بووین لەسەر ژنهێنان لەنێوان کەنیسەکاندا، بەڵام ساڵی ١٩٦٥ کۆمەڵەی ڤاتیکانی دووەم، گۆڕانی لەسەر هەندێک بۆچوونی کەنیسە کرد، ئەمەش لەساڵانی ١٩٨٠ لەعێراق جێبەجێ کران. ئێستا لەمەسیحییەتدا ڕێگەدراوەو پیاو دەتوانێت تەنها یەک ژن بهێنێت، هەروەک لەئینجیلدا هاتووە ئەم دوانە کە بوونە هاوسەری یەکتر تا مردن کەسیان بۆیان نییە ژیانی هاوسەری پێکبهێنن، پیاو نابێت دوو ژن بهێنێت، نابێ
، ئە گە ر چی
یەکێکیان زۆر نەخۆشیش بێت، دەبێت بۆ خۆشیو ناخۆشی پێکەوەبنو بەرگەی یەکتر بگرن.

**شیروان: دەوترێ زۆر لەکچانی مەسیحی شوناکەنو خۆیان بۆ عیسا هەڵگرتووە، تاچەند ئەوە ڕاستە؟**
**قەشە سلێوە:** ئەو کچانەی لەئاینی مەسیحدا شوناکەن، ڕاهیبەن بۆخۆشەویستی خواو تەقدیس. لەقیامەتدا زەواج نییە، لەئینجیلدا هاتووە چەند کەسێک سەبارەت بەژنێک کە پێنج مێردی هەبوو پرسیاریان لەمەسح کرد، ئەو ژنە لەقیامەتدا بۆ کێ دەبێت؟ مەسیح وتی بۆ کەسیان نابێت، چونکە لەوێ زەواج نییە، جەستەی مرۆڤایەتی ئەوێ دەگۆڕێتو موحتاجی خۆراکو ئارەزووەکان نابێت، هەمووی وەک ڕۆحی پیرۆز دەمێننەوە. پلەی ئینسان بەرزدەبێتەوە بۆ ئاستی مەلائیکەت.

**شیروان: لەئایینی مەسیحییدا ڕێگە بەکچان دەدرێت شو بەکوڕانی ئایینەکانی تر بکەن؟**
**قەشە سلێوە:** بەپێی دەقە پیرۆزەکانی ئەم ئاینەی ئێمە دروست نییە، هەر کچێک ئەوە بکات لەئاینی مەسیح دەچێتەدەرەوە، بەڵام ئازادەو هیچ هەڕەشەیەکی کوشتنی لەسەر ناکرێت.

**شیروان: ئەگەر ئافرەتێکی مەسیحی کاری خۆکوژی کرد بەپێی ئایین چ سزاییەکی دەدرێت؟**
**قەشە سلێوە:** لەمەسیحییەتدا خۆکوژی حەرامە، ئەوەی هەوڵی خۆکوشتنی داو پێش مردن پەشیمان نەبوویەوە دەچێتە دۆزەخەوە، هەر کەس ئەوە بکات نابێت لەگۆڕستانی مەسیحییەکان بنێژرێت، لەکەنیسەش مەراسیمی ئایینی لەسەر ناکەین، پێویستە پرسەی بۆ دانەنرێت، بەڵام هەندێک خێزان وەک عادات پرسە دەگێڕن.


**شیروان: پەیوەندیتان چۆنە لەگەڵ ئەو ڕێکخراوانەی کوردستان کە دروشمی ئایینیان بەرزکردۆتەوە؟**
**قەشە سلێوە:** زۆر حەز دەکەم سەردانی مسوڵمانان بکەم بەتایبەت لەبۆنە تایبەتییەکانی خۆیاندا. من لەو ڕۆژەوە هاتووم بۆ سلێمانی هەست دەکەم بۆ لایەنی ڕێزو خۆشەویستیو دروستبوونی پەیوەندیو یەکتر قبوڵکردن، شانازی بەباشترین ئاستی ڕۆشنبیریی خەڵکی کوردستانو شاری سلێمانییەوە دەکەم، ئێمەش هەوڵدەدەین چۆن پێش پەنجا ساڵ دەرگای مسوڵمانو مەسیحی بۆیەکتر کراوە بوو، ئەو پەیوەندییە برایانەمان درێژەی پێبدەین.

## ئەمساڵ ناتوانرێت خزمەتگوزاریی بۆشوێنە ئایینییەکان دابین بکرێت

**تایبەت بە نم نم:**

سەرۆکی لیژنەی ئاینی پارێزگای سلێمانی نیگەرانی خۆی لەبودجەی ساڵی نوێی دەربڕیو پێیوایە ئەمساڵ بەهۆیی کەمی بودجەوە ناتوانن خزمەت بەشوێنە ئاینییەکانی پارێزگا بکەن.
ئەنوەر سەنگاوی سەرۆکی لیژنەی ئایینی پارێزگای سلێمانی ڕایگەیاند: بۆ نۆژەنکردنەوەی شوێنە ئاینییەکان ساڵانە پێویستیان بەدوو تا سێ ملیار دینار هەیە، بەڵام لەبودجەی ئەمساڵدا ڕێژەیەکی کەمی بوجەیان بەردەکەوێتو بەشی پرۆژەکانیان ناکات، چونکە خەرجی بچوکترین پرۆژەی ساڵی ڕابردوویان بیست ملیۆن دینار بووە، هەروەک دوپاتیشیکردەوە کە بودجەی پەرەپێدانی هەرێمەکان دووساڵە کەم دەکرێتەوە، بۆنمونە ساڵی ڕابردوو لەدووسەد ملیارەوە کەمکراوەتەوە بۆسەدوسی ملیار، «ئەمساڵیش نزیکەی پەنجا ملیار بەئێمە گەیشتووە کە ٥٪ی پێداویستی پارێزگای سلێمانی دابین ناکات، داوا لەحکومەتی هەرێمو وەزارەتی پلاندانان دەکەین، چاو بەو بودجەیەدا بخشێننەوە«.

## هەنار ...
## ئایینە جیاوازەکان کۆدەکاتەوە



**نامیق رەسوڵ**

لەنێو سەدان میوەدا کە مرۆڤ لەژیانیدا دەیانخوات، ژمارەیەکی کەمیان ناویان لەئایەتەکانی قورئاندا هاتووە، ئەوەش ئاماژەیەکە بۆئەوەی ئەو جۆرە میوانە گرنگییەکی تایبەتیان بۆ ژیانی مرۆڤ هەیە.
هەنار، یەکێکە لەو میوانەی چەندجارێک لەقورئاندا ناوی هاتووەو وەک نیعمەتێک لەو نیعمەتانەی خوای گەورە بۆ مرۆڤی فەراهام کردووە وەسفکراوە، نمونەش ئەم ئایەتەیە کە لەقورئاندا هاتووە: «وهو الذی أنزل من السماو ماو فأخرجنا به نابت، کل شیو فاخرجنا منه خضرا نخرج من حبا متراکبا ومن النخل من طلعها قنوان ...... دانیه و جنات من اعناب والزیتون والرمان مشتبها وغیر متشابه انضروا الی ثمره اذا أثمر وینعه أن فی ذلك لایات لقوم یومنون»، سوره الأنعام، الایه ٩٩.
هەنار، نەک تەنها لەئایینی ئیسلامدا بەڵکو لەزۆربەی ئایینە ئاسمانییەکانی دیکەشدا گرنگی پێدراوەو بەپیرۆزو سەیرکراوە.
لەئاینینی جولەکەدا هەنار وەک یەکێک لە ٦١٣ ئامۆژگارییەکەی تەورات دانراوە، نیشانەیەک بووە بۆ پیرۆزییو بەپیتی، هەر لەبەرئەوەش بووە پایەکانی پەیکەری سولەیمانی پێڕازێنراوەتەوە، هەروەها پۆشاکی پاشای جولەکەو گەورەو حاخامەکانیان پێڕازاندۆتەوە.
لەئاییننی مەسحییدا هەنار، نیشانەیەک بووە بۆ زیندووبونەوەو ژیانی هەتاهەتایی، لەسەرجەم سروتە پیرۆزەکانی ئەو ئایینەدا بوونی هەیە، هەروەها داری هەنار ئەو دارەیە کە ئاژەڵە یەک شاخەکەی پێبەستراوەتەوە لەئەفسانەی بەرجەستەبوونی مەسیحدا.
لەئایینی بوزیشدا هەنار، یەکێکە لەو سێ میوە پیرۆزەی ئەو ئایینە باسی کردووە. لەئەفسانەی هاریتی دا کە دڕەندەیەکە منداڵ دەخوات، کاتێک بوزا هەنارێکی دەرخوارد دەدات گیانی شەڕەنگێزی تێدا نامێنێت. کەسایەتی هاریتی ژاپۆنییەکان بەپیرۆزی دەزانن‌و ژنە نەزۆکەکان سەردانی دەکەن.
لەئاینی زەردەشتیشدا کە وڵاتی فارس بەنیشتمانی بنەڕەتی هەنار دادەنێت، لەزۆربەی سروتو مەراسیمە ئایینەیاکاندا هەنار بەکارهێنراوە.
جگەلەئایینەکانی سەر گۆی زەوی، سەرجەم شارستانییەتە کۆنەکانیش لەسەر بایەخو گرنگی هەنارو سودەکانی لەبواری تەندروستییدا کۆکنو بەچاوێکی پڕ بایەخەوە لێی دەڕوانن.
لەشارستانێنی یۆنانی کۆندا هەنار نیشانەیەک بووە بۆ ژیانو زۆربوونو هاوسەرگیری، چیرۆکو بەسەرهاتەکانی لەزۆبەی ئەفسانەو داستانە کۆنەکانی یۆناندا بوونی هەیە، هەروەک چۆن بەمیوەی مەرگ ناسراو بەهۆی ئەوەی زۆربەی ئەوانەی دەمرن لەسەرەمەرگدا داوای هەناریان کردووە.



فۆتۆ: سۆران نەقشبەندی

## توڕەبن بەڵام گوناه مەکەن



قەشە زاگرۆس سەعید عەلی

ئایا ڕۆژێ لەڕۆژان بیرت کردەوە لەوەی تووڕەبوون لەکوێوە سەرچاوەی گرتووەو بۆیەکەمجار لەمێژووی مرۆڤایەتییدا کێ توڕەبوو، چ ئەنجامێکی لێکەوتەوە؟

لەوانەیە وەڵامی زۆرینە نەخێر بێت! لۆمەت ناکەم، چونکە لەجیهانێکدا دەژین پڕیەتی لەکێشەو گرفت، دەرفەتی ئەوەمان نییە بگەڕێین بەدوای ووردەکارییەکانی توڕەبووندا، جا بۆئەوەی بزانین توڕەبوون لەکوێوە هاتووە لەپێشدا پێویستە بزانین خودا مرۆڤی دروستکرد لەسەر شێوەی خۆی بەنەمری‌و پاکو پیرۆزی، بێ کەموکوڕی‌و نەخۆشی‌و توڕەبوون، بێگوناەو کوشتن‌و ڕق لێبوونەوە... تد. (کتێبی پیرۆز ـ تەورات بەشی پەیدابوون ١:٢٦).

دوای ئەوە مرۆڤ مێژوویەکی دیکەی تۆمارکردو لەگوناهەوە تێوەگلا، ئەویش هەر لەتەوراتدا خوداوەند چیرۆکەکەی ئاشکراکردووە، لێرەدا تەنها پوختەیەک لەبارەی تووڕەبوون دەخەینە بەرچاوو تۆی بەڕێزیش دەتوانی لەوشەکانی خوداوەند کەڵک وەربگریت.

پاش ئەو مێژووە کە مرۆڤ گوناهی کرد، ئیدی مردن، نەخۆشی، ڕق، توڕەبوون، کوشتن، تاوان‌و برسێتی ....تد، هاتە ناخییەوە، واتە خودی مرۆڤ گەندەڵ بوو بەگوناە، ئەو ئاکارو بیرو هەڵسوکەوتانەی لەگوناهەوە سەرچاوە دەگرن. ئەوەبوو قایین، ئەوەی عەرەب پێیدەڵێ قابیل ـ تووڕەبوو، پاڵنەری توڕەبوونەکەشی گوناە بوو، ئەنجامەکەی ئەوەبوو هابیلی برای کوشت. جا پێویستە بزانین توڕەبوون ئەگەر تۆبەی بەدوادا نەیەت مردن‌و کوشتن دەهێنێتەکایەوە. بۆیە عیسای مەسیح دەفەرمووێ: ئەوەی بەبراکەی دەڵێ بێمێشک شایانی دۆزەخە. (کتێبی پیرۆز ـ ئینجیلی مەتا ٥: ٢٢).

لێرەدا خوداوەند مەبەستیەتی ڕەگوڕیشەی گوناە ببڕێ، ئەوەی کوشتن‌و توندوتیژی دەهێنێتەکایەوە. لەمبارەیەوە مرۆڤ زۆر هەوڵیداوە ڕزگاری ببێت لەتوڕەبوون، هەموو ئەو خراپانەی کە گوناە هێناویەتیە ناخییەوە، بەڵام نەیتوانیوە، چونکە پشتی بەتوانای خۆی بەستوەو پلانی خوداوەندی فەرامۆش کردووە.

ئەگەر توڕەبوون شەن‌و با بکەین، دوو تۆوی تووڕەبوون دەبینینەوە. یەکەمیان ئەوەیە کە پاڵنەرەکەی باش‌و پیرۆزە ئەویش ئەنجامی باشی لێدەکەوێتەوەو مرۆڤەکە کۆنترۆڵ ناکات، بەڵکو مرۆڤەکە تووڕەبوونەکە کۆنترۆڵ دەکات.

دووەمیشیان ئەوەیە کە پاڵنەرەکەی گوناەو خراپەیە بۆیە مرۆڤەکە کۆنترۆڵ دەکات، ئەنجامەکەی کوشتن‌و ڕق‌و توندوتیژی لێدەکەوێتەوە، بۆیە عیسای مەسیح دەفەرمووێ: توڕەبن، بەڵام گوناە مەکەن، بەتوڕەیی مەمێننەوە تا ڕۆژئاوا، دەبێ دەرفەت بەشەیتان نەدەن. (ئینجیلی پیرۆز ئەفەسۆس ٤: ٢٦ – ٢٧). ئەمەی سەرەوە تەنها پوختەیەک بوو. لەکۆتاییدا ئەم دوو پرسیارە لەخۆت بکە:

ئایا ڕزگارت بووە لەگوناە کە تووڕەبوون دروستیدەکات؟

ئایا پاڵنەری تووڕەبوونەکەت چییەو کامەتان ئەویتر کۆنترۆڵ دەکات؟

# فرەژنی لە ئایینە ئاسمانیەکاندا

## بەر لەهاتنی تەوراتو ئینجیل، فرەژنی لەنێو پێغەمبەرانیشدا هەبووە

و: سەرتیپ سەعید



فرەژنی: بەوە پێناسە دەکرێت کە پیاو لەیەک کاتدا خاوەنی چەند ژنێک بێت، لەزۆربەی ئایینەکاندا ڕێگەپێدراوە وەک ئایینی ئیسلام‌و چەند ئایینزایێکی ئایینی مەسیحی‌و یەهودی. لەیاسای هەندێک ل دەوڵەتانیشدا فرەژنی کارێکی یاساییەو لەهەندێک وڵاتی دیکەشدا کارێکی ڕێگە پێنەدراوە، تەنانەت سزاکەشی دەگاتە سزای بەندکردن.

ژمارەی ئەو ژنانەی ڕێگەپێدراوەو پیاو دەتوانێت لەیەک کاتدا هەیبێت لەئایینێکەوە بۆ ئایینێکی تر جیاوازی هەیە، لەکاتێکدا ئایینی ئیسلام تەنها ڕێگە بەوە دەدات پیاو لەیەک کاتدا چوار ژنی هەبێت، هەندێک لەئایینەکان هیچ ژمارەیەکی ڕێگەپێدراویان بۆفرەژنی لەیەک کاتدا دانەناوە، وەک ئەوەی لە ئایینزای مۆرمۆنیدا* هەیە.

دیاردەی فرەژنی لەوڵاتێکەوە بۆ وڵاتێکی ترو بەپێی ئاستی ڕۆشنبیری گشتی جیاوازە، بۆنمونە لەوڵاتانی نیمچە دورگەی عەرەبیدا ئەو دیاردەیە زۆر بەربڵاوە، بەڵام لەوڵاتانی باکوری ئەفریقا، سەرەڕای ئەوەی کە یاسا فرەژنی قەدەغە نەکردووەو دیاردەیەکی ڕێگەپێدراوە، دیاردەیەکە نەکراوەتە خوو و زۆر بەکەمی پێڕەو دەکرێت.

### فرەژنی لەئایینی ئیسلامدا

بەر لەهاتنی ئایینی ئیسلام، تەنانەت بەر لەهاتنی تەوراتو ئینجیل، دیاردەی فرەژنی نەک لەناو کەسانی ئاساییدا، بەڵکو لەنێو پێغەمبەرانیشدا بوونی هەبووە، بۆنمونە یەعقوب، داود، سولەیمان، کە هەریەکێکیان لانیکەم زیاتر لەژنێکیان هەبووە.

ئایینی ئیسلام ڕێگای بەفرەژنی داوە، بەڵام بەچەند مەرجێک لەوانە: بەکارهێنانی دادپەروەریی لەنێوانیاندا، جێنەهێشتنی ژن‌و چەند مەرجێکی دیکە، ئەویش بەپێی ئەو ئایەتە پیرۆزەی خودا کە دەفەرموێت:

«وإن خفتم ألا تقسطوا فى اليتامى فانكحوا ما طاب لكم من النساو مثنى وثلاث ورباع فإن خفتم ألا تعدلوا فواحده أو ما ملكت أيمانكم ضلك أدنى ألّا تعولوا. سوره النساء ـ٣»

ڕێگە بەپیاوان دراوە لەیەک کاتدا تا چوار ژن بهێنن، نابێت هیچ پیاوێک لەو ژمارەیە زیاتر ـ بەمەرجێک ژنەکان لەژیاندا مابن ـ ژنی دیکە بهێنێت، ئەگەر هەر موسوڵمانێک ترسی هەبوو، دڵنیابوو لەوەی ناتوانێت وەک یەک هەڵسوکەوت لەنێوان ژنەکانییدا بکاتو دادپەروەربێت لەنێوانیاندا ـ تەنانەت لەڕووی ئەنجامدانی سێکس لەگەڵیاندا ـ ئەوا نابێت لەیەک ژن زیاتر بهێنێت، ئەوەش لەکاتێکدایە کە یاسای هەندێک لەوڵاتان کە زۆرینەی دانیشتوانەکەشی موسوڵمانن ڕێگەنادات پیاو لەژنێک زیاتری هەبێت، وەک وڵاتی تونس.

### فرە ژنی لە ئایینی یەهودییدا

تا چاخەکانی ناوەڕاست دیاردەی فرەژنی بێسنور لەناو یەهودییەکاندا باو بوو، تا ئەو کاتەی حاخام غەرشوم ئەشکینازی٩٦٠ ـ١٠٤٠ز، لەسەرەتای سەدەی یازدەیەمدا دیاردەی فرەژنی حەرام کرد. حەرامکردنەکەش لەچوارچێوەی چەند چاکسازییەکدا هات کە غەرشوم لەیاساکانی ئەوکاتەی یەهوددا ئەنجامی دان‌و زۆرینەی کۆمەڵگا یەهودییەکان پەسەندیان کرد، لەنێویشیاندا ئەو ئایینزایانە هەبوون کە پێیاندەوترێت سەفاردی، واتە ئەو هاوڵاتییە یەهودیانەی کە لەوڵاتانی ئیسلامیدا ژیاون، جگەلە یەهودییەکانی وڵاتی یەمەن.

بەپێی ڕێنماییەکانی حاخام غەرشوم، ڕێگە بەپیاو دەدرێت ژنی دووەم بهێنێت، بەو مەرجەی ١٠٠حاخام بڕیار بدەن گوزەرانی ئەو کەسە وا دەخوازێت ژنێکی دیکە بهێنێت، بۆنمونە: ژن بەبێ هیچ هۆیەکی گونجاو تەڵاقی پیاوەکەی ڕەتبکاتەوەو تەڵاقی لێوەرنەگرێت، دیارنەمانی ژن بۆ ماوەیەکی زۆر یان تووشبوونی بەنەخۆشییەک کە ڕێگەی پێنەدات یان نەتوانێت بەتەڵاق ڕازی بێت. لەو وڵاتانەشدا کە یاساکانی فرەژنی قەدەغەکردووە، حاخامەکانی یەهود ڕێز لەیاسا ناوخۆییەکانیان دەگرن‌و ڕێگەنادەن پیاو ژنی دووەم بهێنێت.

### فرە ژنی لە ئایینی مەسیحیدا

هەریەک لەئایینزا گەورەکانی وەک کاسۆلیک، ئەرسۆدۆکس، پرۆتستانت دیاردەی فرەژنیان قەدەغەکردووە. بەپێی ئەو ئایینزایانە، پیاو بۆی نییە لەیەک کاتدا لەژنێک زیاتری هەبێت، بەڵام بەپێی ئایینزای مۆرمونی لەئەمریکا، ڕێگە بەفرەژنی دراوە نەک هەر ئەوە، بەڵکو هیچ سنورو ژمارەیەکی بۆ ئەو مەبەستە دیاری نەکردووە، پیاو بۆی هەیە چەند ژنی بوێ‌و پێی خۆش بێت بیهێنێت.

### فرەژنی لە دەروونناسیدا

هەنێک لەزانا ئەوروپییەکانی بواری دەروونناسی ئاماژە بەوە دەدەن، حەزکردن لەبوونی زیاتر لەژنێک لای پیاو حەزێکی زگماکەو پێکهاتەی پیاو زیاتر بەلای ئەوەدا دەڕوات لەئافرەتێک زیاتری هەبێت‌و سیستمی تەنها ژن لەگەڵ سروشتی پێکهاتەی پیاودا یەکناگرێتەوە، بەوتەی ئەو زانایانە بەدرێژایی مێژوو پیاو خیانەتکار بووە، تەنانەت لەنێوەندە زانستیەکانی ئەمریکادا مشتومڕو گفتوگۆیەکی چڕوپڕ لەسەر ئەوە هاتۆتە ئاراوە کە ئایا غیرەکردن‌و خۆشەویستی‌و حەزی سێکسی لەناوەڕۆکدا لەمۆخی مرۆڤدا بوونیان هەیە یان دەرئەنجام‌و زادەی ئەو پەروەردەو فێرکردنەن کە لەمنداڵیدا مرۆڤی پێ گۆشکراوە.

سەرەڕای ئەوەی زۆربەی زانایان هیچ نکوڵییەکیان لەوە نییە کە پێشکەوتن ڕۆڵێکی گرنگی لەپێکهاتەی ڕەوشتی مرۆییدا هەیە، بیرۆکەی ئەوە هەر لەئارادایە کە حەزکردن لەئەنجامدانی پەیوەندی سێکسی جۆراوجۆر لەپێکهاتەی مێشکی مرۆڤدا بوونی هەیە. ئەم بیرۆکەیە بەربەرەکانی زۆرکرا لەلایەن ئەو زانایانەی باوەڕیان بەوە هەیە، چۆنێتی گۆشکردن‌و پەروەردەکردنی مرۆڤ کارگەری زۆری لەسەر ئاکاری مرۆڤ هەیە، هاوکات ئاماژە بەوەش دەدەن کە خیانەتبازی‌و خیانەتکردن لای پیاو ژینگەی کۆمەڵایەتی دروستی دەکات، نەک سروشت.

*** مۆرمۆن: ئایینزایەکە لەئایینزاکانی ئایینی مەسیحی لەساڵی ١٨٣٠دا، لەسەر دەستی جۆزێف سمیس دامەزراوە، زیاتر لە ١٣ملیۆن شوێنکەوتوویی لەجیهاندا هەیە، کاسۆلیکو ئەرسۆدۆکس‌و پرۆتستانتەکان، مۆرمۆنەکان بەمەسیحی نازانن.**

# مۆسیقاو ئارامبونەوەی رۆح

هاوبیر کامەران

نامەوێت لێرەدا بەڵگە لەسەر گرنگی مۆسیقا بێنمەوە، تەنها دەمەوێت ئەوە بڵێم کە مۆسیقا لەرینەوەیەو کاریگەری هەیە، کاریگەریەکەش شتێکی هەست پێکراوە هەرچەند لەڕوکارە ناسکترەکاندا زۆر هەستی پێناکرێت و تەنها وەکو بایەک وایە کە لەڕێگەی لەرینەوەی گەڵای درەختەکانەوە هەستی پێدەکرێت. یۆنانیەکان بەخوداکانی خۆیان دەوت موز. دواتر وشەی موزیکی لێوە دروست بوو کە مانای مۆسیقا دەدات. مۆسیقا دەتوانێت کاریگەری قووڵی دەروونی هەبێت و مرۆڤ ئارام بکاتەوە بەمەرجێک ئەو مۆسیقایەی کە گوێی لێدەگرێ دەبیت لەدەنگە گڕەکانەوە بەرەو دەنگە ناسکەکانی بڕۆن، واتە سەرەتا بەدەنگی زۆر قورس و گڕ داخڵ ببن و پاشان بەدەنگی ناسک و تیوار کۆتاییان پێ بێت لەهەمانکاتیشدا دەبێت خاوەنی هارمۆنیەتێکی زۆربن.

بەپێی ئەزمونی من مۆسیقای کلاسیکی هیندی باشترین جۆری مۆسیقایە. پاش مۆسیقای هیند کە ئەویش ڕاگا (میلۆدی) نەگونجاو و نەشازی تێدایە مۆسیقای ئێرانی دێت. لەپاش مۆسیقای ئێرانی مۆسیقای هیندییە سورەکان کاریگەریەکی زۆر هەیە، پاشان مۆسیقای چینی دێت کە بودیزم کاریگەری زۆری هەبوە لەسەری. مۆسیقای باخ و مۆزارت لەو مۆسیقایانەن کە دەتوانن بۆ ئارامی دەروونی بەسودبن.

خێرایی دەنگ ٣٣٠مەترە لەچرکەیەکدا کە بەگەرما ئەم خێراییە زیاد دەکات، هەربۆیە زۆر گرنگە لەشوێنێکی هاوسەنگی پلەی گەرمیدا گوێ لەمۆسیقا بگریت و باشترە لەئامێری زیندوو سود وەربگریت. زۆر گرنگە ئەو مۆسیقایەی گوێی لێدەگریت خاوەنی ڕیتم و هارمۆنیەتێکی زۆر باش بێت، ئەگەرنا مۆسیقا دەتوانێت چەندە سودبەخش بێت ئەوەندەش زیانبەخش بێت. باشترە لەکاتی گوێگرتن لەمۆسیقا چاوەکانت دابخەیت و بەدەست و چاو لەگەڵ ڕیتمی مۆسیقاکە بەشداربیت و ڕێنەگریت لەجوڵەی جەستەیی، دەبێت بزانیت ئەو پارچە مۆسیقایە کە لەلایەن کەسێکەوە نوسراوە، ئەو کەسە لەچ بارێکی دەروونییدا بووە کە ئەو پارچەیەی نوسیوە. مۆسیقا دەتوانێ ئەو هەستە دەروونییە بۆ تۆ بگوێزێتەوە کە نوسەرەکە تیای ژیاوە.

ئەوانەی شارەزای چاکراکانی لەشی مرۆڤ هەن باشترە بزانن کە نۆتەی چاکرای یەکەم (مێ)یە، نۆتەی چاکرای سوادهیستانا واتە چاکرای دووەم (ڕێ) یە، چاکرای سێیەم (دۆ)، چاکرای چوارەم (فا)، چاکرای پێنجەم (سی)، چاکرای شەشەم (سۆڵ)و چاکرای حەوتەم (لا)یە کە حەوتەم نۆتە بۆ حەوتەم چاکرایە. دەتوانی بۆ بەهێزبوونی لەش و نەمانی قەلەقی گوێ لەسەمفۆنی ژمارە ٣٩ی ماژووری مۆزارت بگریت، هەروەها دەتوانیت گوێ لەکۆنسێرتی ژمارە ٥ی بتهۆڤن بگریت.

بۆنەهێشتنی هەستکردن بەتاوان و ئارامی دەروونی دەتوانی گوێ لەکۆنسێرتی (ڤیڤۆنسڵ)ی ڤیڤاڵدی ١٦٧٨-١٧٤٣ بگریت، هەروەها کۆنسێرتی کۆڕاڵی ژمارە نۆی بتهۆڤن.

بۆ نەهێشتنی ترس کە کاریگەر زۆری لەسەر تێکچونی ئارامی دەروونی مرۆڤ هەیە، گوێ لەکۆنسێرتی ژمارە ٣و ژمارە ٥ی بتهۆڤن بگرە.

بۆ زیادبوونی توانای بەخشینی خەڵکی و زیادبوونی دڵناسکی گوێ لەسۆناتای بەهارو سەمفۆنیای پاستۆڕاڵی ژمارە ٦ی بتهۆڤن بگرە.

بۆ وەرگرتنی هەستی ئازادی‌و ناپەیوەستی‌و دەستکەوتنی ئارامییەکی زۆر گوێ لەسەمفۆنی ژمارە ٧ی بتهۆڤن‌و کۆنسێرتی ڤیۆلۆنی باخ لە لامینور بگرە.

ئەو کەسانەی بەهۆی کەم جوڵان و خەمۆکییەوە نائارامن و ناتوانن چالاکی بخەنەوە ژیانیان دەتوانن گوێ لە ئۆپێرای (پارسیڤاڵ) ی ڤاگنەرو زیکری سۆفییەکانی تەریقەی قادری سەر بەتەسەوفی ئیسلامی بگرن.

هەندێ لەمۆسیقاکانی حەزرەتی عینایەت خان ـ یەکێکە لەموسڵمانە هەرە پرۆفیشنەڵە هیندییەکان



ساراسڤاتی فریشتەی مۆسیقاو هونەر

لەمۆسیقادا ـ زۆر گرنگن بۆ بەدەستهێنانەوەی هاوسەنگی لەدەستچوو، هەروەها گوێگرتن لە شمشاڵ و ئامێرە هەواییەکان زۆر بەسودە بۆ یارمەتیدانی ئارامی فکری و حەوانەوەی مێشک.

هەموو ڕۆژێک بەتەنها دابنیشەو گوێ لەمۆسیقایەک بگرە کە دڵت دەیەوێت و حەزی پێدەکات بەمەرجێک وشەی لەگەڵ نەبێت، ڕێ بدە مۆسیقاکە بچێتە هەموو گیانتەوەو تەواو ئارامت بکاتەوە. لەمۆسیقای قەرەباڵغ و دەنگی بەرزو تێکەڵ دوور بکەوەرەوە. ئەوەی پێیدەوترێت مۆسیقای ڕاپ و ڕۆک لەڕاستیدا جۆرێک لەخۆکوشتنی هێواشە کە گوێگر بەکاری دێنێت.



# نهێنیو تایبەتمەندیی سەرۆکەکانی ئەمریکا

**زیگار فاروق**

لەدروستبوونی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکاوە، چەندین سەرۆک بەدوای یەکدا حوکمی ئەو وڵاتەیان کردووەو هەریەکەشیان خاوەنی کۆمەڵێک خەسڵەتو خولیاو نهێنی تایبەت بەخۆیان بوون. یەکێکیان حەزی لەمەلە بووە بەرووتی، یەکێکی تر حەزی لەقاپ شۆردن، سەرۆکیش هەبووە هیوایەتی ئەوەبووە لەسەربانی کۆشکی سپی گۆشت ببرژێنێت.

* بیل کلینتۆن بەوە ناسراوە حەزی لەئامادەکردنی خواردنی ئێوارە بووە، بەتایبەت لەجەژنی سوپاسی هەموو ساڵێکدا بۆفەرمانبەرانی، هەروەها زۆریش حەزی لەقاپ شۆردن بووەو بەو کارەش زۆر دڵخۆش بووە.

* سەرۆک جۆن کویسی ئادامز، هەمیشە دووسەعات پێش خۆرهەڵهاتن لەخەو هەستاوە بۆمەلەکردن بەرووتی لەناو رووباری بووماک، رۆژانە پێش ئەوەی بچێتە سەر کارەکەی.

* جۆرج واشنتۆن، هیوایەتی خواردنی ئایس کریم بووە. لەوەش سەیرتر تائێستا خاوەنی کورتترین وتارە لەکاتی وەرگرتنی پۆستی سەرۆکایەتی ئەمریکادا کە پێشکەشی کردبێت. وتارەکەی واشنتۆن لە ١٣٥وشە پێکهاتبوو!

* لەبارەی سەرۆک جیراڵد فۆردیشەوە دەوترێت لەگەڵ سازکردنی کۆنگرەی رۆژنامەوانییدا مەلەوانیی کردووە.

* سەرۆک رۆناڵد ریگان، هەموو بەیانییەک رۆژنامەکانی دەخوێندەوە، بەڵام لەوێنە کاریکاتێرییەکانەوە دەستی پێدەکرد.

* جۆن، کوڕی سەرۆک جۆن کنێدی لەمنداڵیدا حەزی لەوەبووە لەخوار ئۆفیسەکەی باوکییەوە بمێنێتەوە کە ئۆفیسی رەسمی سەرۆکایەتی ئەمریکایە. لەبەرئەوەش ناوی «ماڵەکەم»ی لەئۆفیسەکەی باوکی نابوو.

* برژاندنی گۆشتیش لەسەربانی کۆشکی سپی یەکێک بووە لەدیاردە بەرچاوەکان لەمێژووی سەرۆکایەتی ئایزنهاوەردا.

# لە گەندەڵییەکانی جێگری سەرۆک دەپرسنەوە



**رۆژگار مستەفا**

بۆ لێپرسینەوە لەژمارەیەک بەرپرسو لەنێویشیاندا جێگری سەرۆکو وەزیری دارایی، پەرلەمانی ئیندۆنیزیا رەزامەندیی نیشاندا لەسەر پێکهێنانی لیژنەیەکی لێکۆڵینەوەو لێپرسینەوە.

جێگری سەرۆکی ئەندۆنیزیا پێشتر حاکمی بانکی ناوەندی بووەو لێکۆڵینەوەکەش تایبەت دەبێت بەدۆزینەوەی وردەکارییەکانی رەزامەندیی حکومەت پێش ساڵێک لەسەر بەرنامەی قوتارکردنی بانکی بازرگانی لەداتەپین، هەروەها چارەنووسی ئەو پارەوپولەی لەبانکەوە بۆی دەردەهێنرا.

بەوتەی چاودێران ئەم دۆسیەیە تاقیکردنەوەیەکی دیکەیە بۆحکومەتەکەی سۆسیلیۆ بامبانگ یۆدینۆ لەماوەی ئەو دوو مانگەی تەمەنیدا کە ماوێتی.

تۆمەتبارەکانی دۆسییەکە زۆرن، لەسەرووی هەمویشیانەوە جێگری سەرۆک یۆدیۆنۆ کە حاکمی بانکی ناوەندی بووەو وەزیری دارایی کە هەردووکیان لەبانکی نێودەوڵەتییەوە نزیکنو بەوەش ناسراون کە پشتیوانی لەسیاسیەتی ئابووری لیبراڵ دەکەن.

بەوتەی ئەنیس مەتا جێگری سەرۆکی پەرلەمانی ئیندۆنیزیا، بەمزووانە ئەنجامی لێکۆڵینەوەکان ئاشکرادەکرێنو پرۆسەی لێپرسینەوەکەش لەرێی تەلەفزیۆنەکانەوە راستەوخۆ پەخش دەکرێت، ئەمەش شەشەمین پرۆسەی لێپرسینەوە دەبێت لەماوەی ٥٠ساڵی رابردوودا کە دیارترینیان ئەو لێپرسینەوانە بوون کە بوونە مایەی روخانی حکومەتەکەی سەرۆکی پێشوو عەبدولرەحمان وەحید، نۆ ساڵ پێش ئێستا.

بەگوێرەی سەرچاوەکانی هەواڵ، ئۆپۆزسیۆن و ریفۆرمخوازەکانی ئەو وڵاتە بەنیازن پرۆسەی لێپرسینەوەکە بەرفراوانتر بکرێت و چەند بەرپرسێکی تری حکومەتەکەی یۆدیۆنۆ بگرێتەوە، بەڵام حزبی دەسەڵاتدار لە هەوڵی ئەوەدایە دۆسیەکە لە رێڕەوە راستەقینەکەی خۆی لابدات و بیکات و وای نیشان بدات کە مەرامەکە مانۆڕ و پڕوپاگەندەی سیاسییە بۆ بەرژەوەندیی هەندێک لایەن.



# بیرلسکۆنی ئەمەشی درایەپاڵ؟!

**پاسار شەیدا**

سەرەتای ئەم هەفتەیە سیلڤیۆ بیرلسکۆنی تۆمەتێکی تری درایەپاڵ، بەوەی گوایە مافیایەکی ئیتاڵی پەیوەندیی بەوەوە هەیە. لەوبارەوە دادگای شاری تورین گوێی لەکۆمەڵێک داواکار گرت لەسەر یەکێک لەگەورەترین سەرکردەی مافیاکانی وڵاتەکە کە تۆمەتبارە بەتەقینەوەکانی ساڵانی ١٩٩٠، کە «پەیوەندیی بەسیلڤیۆ بیرلسکۆنی سەرۆک وەزیرانەوە هەبووە». وتەبێژ بەناوی سەرۆک وەزیرانیشەوە ئەو تۆمەتانەی رەتکردەوەو رایگەیاند: ئەو مافیایە دەیەوێت ناوبانگی بیرلسکۆنی لەکەدار بکات. بەهۆی هێرشەکانی ئەو ماوەیەوە ١٠کەس کوژرانو دەیانی تریش بریندواربوون.


شایەتحاڵێک لەبەردەم دادگادا رایگەیاند کە ساڵی ١٩٩٤ چاوی کەوتووە بەتۆمەتبار جۆزیپی گرافیانۆی سەرۆکی مافیاکە، پاش ئەوە خۆیو برایەکی بەهۆی تەقینەوەکانی رۆماوە ئیدانەکران، «گرافیانۆ وا خۆی نیشان دەدا کە پەیوەندیی پتەوی هەیە لەگەڵ جەمسەری دیاری ئەوکاتەی میدیای بیرلسکۆنی کە لەتەمەنی سیاسیی خۆیدا بوو».

روونیشیکردەوە کە ناوی دوو کەسی هێناوە کە یەکێکیان بیرلسکۆنی بووە،»پێموت مەبەستت خاوەنی کەناڵی پێنجە، وتی بەڵێ».

لەبەرامبەر ئەمانەدا وتەبێژەکە بەناوی بیرلسکۆنییەوە دووپاتیکردەوە کە ئەو دۆسیەیە پەیوەندیی بەبیرلسکۆنییەوە نییەو مافیاکەش دەیەوێت تۆڵە لەئیدارەی بیرلسکۆنی بکاتەوە، چونکە هەوڵێکی زۆری داوە بۆلەناوبردنی تاوانی رێکخراو لەوڵاتدا.

ئەم تۆمەتە نوێیە دوای ئەوە دێت کە پێشتر چەند تۆمەتێکی تری وەک بەدڕەوشتیو گەندەڵیی دارایی دراوەتەپاڵ سیلڤیۆ بیرلسکۆنی.

# نامەیەکی سەرۆک بە ٣,٢ ملیار دۆلار



**شەنکار ئارام**

نامەیەکی جۆرج واشنتۆنی یەکەم سەرۆکی ئەمریکا کە لەچوار لاپەڕە پێکهاتووەو ساڵی ١٧٨٧ بۆ برازایەکی خۆی ناردووەو ئیمزای خۆی لەسەرە، بەبڕی ٣,٢ ملیۆن دۆلار فرۆشرا.

لەو نامەیەدا جۆرج واشنتۆن پشتیوانیی تەواوی خۆی دەردەبڕێت لەپێناو چەسپاندنی دەستوری ولایەتە یەکگرتوەکانی ئەمریکیدا.

کریستی، خاوەنی ئەو هۆڵەی کە ئەرکی زیادکردنی ئاشکرای بۆ فرۆشتنی نامەکە گرتبووە ئەستۆ، وتی: ئەو نامەیە دەخەملێنرێت بەبڕێک پارە کە لەنێوان ١,٥ و٢,٥ ملیون دۆلارو ئەوەش دوای بەڵگەنامەیەکی دیکەی سەرۆک واشنتۆن دێت کە لەساڵی ٢٠٠٢دا بە٨٣٤٥٠٠دۆلار فرۆشرا.




## پێمەکەنە با ددانت دەرنەکەوێت ...

کابرایەک دوکانێک دائەنێتو تەنها ستیانی ئافرەتانی تێدا دەفرۆشێت.... لەوحەیەکی گەورەبەدوکانەکەیەوەهەڵئەواسێت و لێی ئەنوسێت: مەمک ستی.

شەوی زاوایەتییەو بوکێ زۆر زۆر شەرمنە.. زاواش لەو خراپتر. هەرچەند ئەکات نازانێت چی بڵێت و چۆن مەوزوع دابمەزرێنێت.. پاش ماوەیەکی زۆر روئەکاتە بوکێ و ئەڵێ: ئەرێ ماڵی باوکت ئەزانن کەتۆ لێرەیت؟

مەلایەک لەپاسێکی قەرەباڵغدا دانیشتووەو ژنێکیش لەبەردەمیدا بەپێوە وەستاوە. پاسەکە خۆی ئەدات بەئۆتومبیلێکدا و ژنەکە ئەکەوێتەکۆشی مەلاوە. مەلا زۆر کەیفی بەوەزعەکەدێت و هاوار ئەکات: رەحمەتی خواتان لێ بێت کەس لەجێی خۆی نەجووڵێت هەتا کەشف دێت!

# ئاوگۆشت



**پێداویستی:**
**گۆشت** یەک کیلو
**نۆک** دوو پەرداخ
**دۆشاوی تەماتە** چوار کەوچک
**نەعنای وشک کراو** سێ کەوچکی چێشت
**دوگی حەیوان** بەپێی پێویست
**پیاز** یەک سەلک

**چۆنیەتی ئامادەکردنی:**
سەرەتا گۆشتو نۆکو دوگی حەیوانەکەو پیازەکە بەساغی لەناو مەنجەڵێک دەکوڵێنین، دوای کوڵاندنیان پیازەکەو دوگی حەیوانەکە دەرەکەین. لەناو مەنجەڵێکدا پێکەوە دەیانکوتینەوەو لەناو هەندێکی زۆر کەم رۆن، سوریان دەکەینەوەو دۆشاوی تەماتەی تێکەڵ دەکەین. دوای سوربونەوەیان نەعناکەی تێکەڵ دەکەین، بۆماوەیەکی زۆر کەم لەسەر ئاگر دایدەنێینەوەو دواتر خواردنەکە ئامادە دەبێت.
ئەم خوارنە یەکێکە لەخواردنە کۆنەکانی ئێرانو دەتوانیت بەدووشێوە پێشکەشی بکەیت، بەجۆرێک نۆکەکە دەربکەیتو لەگەڵ هەندێک ئاوو گۆشت بیکوتیتەوە لەگەڵ ئاوی ئاوگۆشتەکە پێشکەشی بکەیت یاخود هەر گۆشتو نۆکەکە لەناو ئاوەکە بیکوتیتەوەو پێشکەشی بکەیت.
ئەم خواردنە لەگەڵ سەوزە زۆر بەتامە.

# کەمپوتی سێو



**پێداویستی:**
**سێو** ....... دوو کیلۆ
**ئاو** .......... چەند پەرداخێک
**شەکر** ........ دوو پەرداخ
**هێلکە** ........ بەپێی پیویست
**چەند شوشویەکی بەتاڵ**

**چۆنییەتی ئامادەکردنی:**
سەرەتا سێوەکان دەشۆرینەوەو توێکڵەکەی لێدەکەینەوە، ناوکەکانی دەردەکەین بەگوێرەی پێویست نە زۆر گەورەو نە زۆر بچوک، وردی دەکەین پاشان لەناو قاپێکدا سێوە وردکراوەکانو شەکرو هێلکەو چەند پەرداخێک ئاو بەئارەزوی خۆت، ئەگەر حەزت لەئاوی کەمپوت هەیە با ئاوی زۆر بێتو تێکەڵی سێوەکەی بکە، دواتر تێکی دەدەین تا هەندێک لەشەکرەکە تێکەڵ بەئاوەکە بێت.
دواتر سێوو ئاوەکە دەکەینە ناو شوشە بەتاڵەکانو سەری قەپات دەکەین، بەشێوەیەک هەوا نەچێتە ناو شوشەکان، پاشان مەنجەڵێک پڕ لەئاو دەکەین، ئەم شوشانە بەشێوەیەک دادەنێین کە سەری شوشەکان لەبنی مەنجەڵەکەدابێتو بنی شوشەکەش بکەوێتە سەر ئاوی مەنجەڵەکە. ئەم مەنجەڵە دەبێت پڕ بێت لەئاو، شوشەکان بەتەواوی لەناو ئاوەکەدا بن، دواتر بۆماوەی نیوکاتژمێر ئەم مەنجەڵە لەسەر ئاگرێکی مامناوەند دادەنێین، پاشان شوشەکان لەشوێنێک دادەنێین تا ساردبێتەوە دواتر دەیخەینە ناو سلاجە. ئەم کەمپوتە تا ماوەی دووهەفتە دەبێت لەسەلاجەکەدا بمێنێتەوەو پاشتر بیخۆیت.

# تۆ دەزانی ... چی لەبەر دەکەیت؟



**لازە عومەر**

هەموو سەیریان دەکرد، قاتو بۆینباخێکی تازەو جوانی لەبەرکردبوو، دوگمەکانی سەر دەستەکانی بەستبوو و پێڵاوە نوک تێژکانی تا ئەو جێگەیەی بریقەی دەداوە بۆیە کردبوو! دەنگی ورتە ورت بڵاوبووەوە، پاڵەوانی چیرۆکەکەی ئێمە زۆر نارەحەت بوو. گروپەکە وەرێکەوتنو پاڵەوان پەشیمان لەهەڵبژاردنی ئەو جلە لەگەڵیان لەکێوەکەوە سەرکەوت! تۆش ئەگەر نەتوانی جلی شیاو بۆ شوێنی خۆی هەڵبژێری هەر تووشی ئەو حاڵەت دەبی.

* یەکەم شت ئەوەیە خۆت بۆئەوە یەکلایی بکەیەوە کە ئەو شوێنەی بۆی دەچی کۆمەڵێک کەسی زۆری لێیەو دواجار هەموویان شتێک لەبەر دەکەن. تۆ هەر چەندەش هەوڵ بدەی هەموویان تۆیان پێ جوان نابێت، کەوابوو دڵەڕاوکێی «چی لەبەرکەم؟» وەلا بنێو جلێک هەڵبژێرن کە پێوەی ئاسودەی.

* شوێنی کار لەگەڵ میوانیی، زۆر جیاوازە. بۆ شوێنی کار جلی تەسکو سەرنجڕاکێش لەبەر مەکە تا جگەلەئازاردانی خۆت بەرامبەرەکەشت تووشی ئەو نارەحەتییە بکەی کە چۆن پەیوەندیت لەگەڵی دەست پێبکەیت، بەڵام ئەوەندەی دەتوانی پاکو رێک وپێک بە.

* لەسەفەردا پێڵاوی راحەتو جلی سوک لەبەر بکە. گوارەی قورسو پانتۆڵی تەسکو بۆینباخ سەفەرەکەتان لێ ناخۆش دەکات. ئەگەر حەزیشتان لەوەیە وێنەی جوانتان لەسەرفەرەکەتاندا هەبێت، جلی شادو رەنگاورەنگو درەوشاوە هەڵبژێرن تا یادگاری جوانترو سەرنجڕاکێشترتان هەبێت.

* بۆ میوانی چوونی عەسران، باشتروایە خانمەکان جلە رەنگاورەنگو سوکو گوڵدارەکانو پیاوان کراسی راحەتو رەنگی کراوە لەبەربکەن. لەمیوانییە خێزانییەکان بۆنانخواردنیش دەتوانن ئەو جۆرە جلانە لەبەربکەن.

* لەبەرکردنی پێڵاوی بەرزو نوک تیژ لەسەفەرو شوێنی کار لەبیربکەن، بۆئەو جۆرە شوێنانە پێڵاوی تەختو پەنجەپان زۆر شیاوترە.

* ئەندامانی خێزانەکەت ناچار نیین هەمیشە تۆ لەجلی کۆنەکاندا ببینن. هەوڵ مەدە دەستقوجاو بی! هەندێک لەجلە راحەتەکانت تایبەت بکە بەجلی ماڵەوەو خێزانەکەشت خۆشحاڵو شاد بکەن.



# دوو خاڵ سەبارەت بەئاوی میوە

* کاتێک دەتەوێت ئاوی میوەیەک بگری بەپێی ئەوە رێژەیەی پێویستە دروستی بکە، چونکە ئەگەر زۆر بێتو بمێنێتەوە خراپ دەبێت، بۆنمونە ئەگەر ئاوی گێزەر بمێنێتەوە تاڵ دەبێتو ئەگەر ئاوی سێو بمێنێتەوە رەش هەڵدەگەڕێت.

* ئاوی میوەی بەستوو، ئەگەر دەتەوێت ئاوی میوە بۆ وەرزێکی دیکە هەڵبگری، دەتوانن لەو وەرزەدا کە میوەکە هەیە ئاوەکەی بگریو لەقاپێکدا بیخەیتە ناو موجەمیدەوە تا ببەستێت، ئەوکات بیخە ناو نایلۆنێکی پەنگوینەوەو لەناو موجەمیدەکەدا هەڵیگرە.



# چۆنییەتی لەناو بردنی بۆنی ناخۆشی ناو سەلاجەکانتان

**کاڵێ مستەفا**

بۆ لەناوبردنی بۆنی ناخۆشی ناو سەلاجە، سەرەتا دەبێت چەند خاڵێک لەبەرچاو بگرن، وەک ئەوەی چێشتەکان لەقاپی سەر کراوەدا لەناو سەلاجەدا دامەنێن، هەرچەندکات یەکجار سەلاجەکە لەکارەبا دەرکێشنو پاکی بکەنەوە تا سەلاجەکەتان بۆنی ناخۆش بەخۆیەوە نەگرێت، ئەوکات بۆ لەناوبردنی بۆنی ناخۆشی سەلاجە ئەم کارانەی خوارەوە ئەنجام بدەن:

* باشترین رێگە بۆ ئەو مەستە بەکارهێنانی مەعجونی لیمۆتۆزیو ئاوی گەرمە - دوو کەوچک لیمۆتۆزیو یەک لیتر ئاو - ئەو مەعجونە بەهەورێک لەهەموو بەشەکانی سەلاجەکە بدەن. هەر لەفریزەرەکەیەوە تا کەژی دەرگای سەلاجەکە دەبێت بەو مەعجونە بشۆرێنەوە، ئەوکات بەتایت هەورێکی پاک دووبارە سەلاجەکە بشۆرەوەو بەخاولییەک وشکی بکەنەوە.

* رێگەیەکی دیکە بۆ لابردنی بۆنی ناخۆشی سەلاجە دانانی پۆدری خەڵوزە لەناو سەلاجەکەدا، بۆئەوەی ئەو خەڵوزە جارێکی دیکەش بەکار بهێننەوە، دەتوانن بیخەنە ناو مەنجەڵێکەوەو لەسەر ئاگر گەرمی بکەنەوە تا دووبارە بتوانێت بۆنەکان بەلای خۆیدا رابکێشێت.

* هەندێک سرکەی گەرم بخەنە ناو سەلاجەکەوە تا بۆنە ناخۆشەکان لەناو ببات، هەڵبەت بۆ ئەو کارە پێویستە سەرەتا سەلاجەکە بکوژێننەوە.

* دەتوانن سوود لەو بۆنگیرانە وەربگرن کە بۆ سەلاجە دروستکراوەو لەبازاڕدا دەست دەکەوێت.

* ئەگەر هەندێک ڤانیلا لە لۆکەیەک بدەنو لەناو سەلاجەکەدا دایبنێن، بۆنێکی خۆش لەناو سەلاجەکەتان دروست دەبێت.

# چۆن ناو ماڵەکەت پاک دەکەیەوە؟



**شنۆ ئیبراهیم**

- ١ -

بێگومان هەرکەسێک بۆ پاککردنی ماڵەکەی خۆی چەند رێگەو بەرنامەیەکی هەیە، بەڵام ئەوەی کە ئەو شێوازە تاچەند باشەو کێشە بۆ تەندروستی درووست ناکاتو ناو ماڵەکە پاکدەکاتەوە، بابەتێکی زۆر گرنگو جێگەی باسە، بۆنمونە مادەکانی وەک فاست کە بۆپاککردنەوەی ناوماڵ بەکاردەهێنرێن، تەپو تۆزی سەر قەنەفەو مێزو کورسییەکان دەتوانن کاریگەری خراپیان لەسەر تەندروستی خاتوونی ماڵ هەبێت.

بۆ چارەسەری ئەو کێشەیە گۆڤاری ریدەرز دایجست، لەبابەتێکدا سێنزە شێوەی بۆ پاککردنەوەی تەندروستو ئاسانی ناوماڵ خستووەتەڕوو کەهەواڵ دەدەم هەر رۆژەی چەند دانەیەکیتان بۆ باس بکەم:

**١. بەرنامەرێژیی بۆ پاککردنەوەی ماڵەکانتان بکەن:** ئەوە بەو مانایەیە کە سەرەتا سەر زەوییەکە پاک مەکەنەوەو دواتر بچنە لای دیوارەکانو دوای ئەو بنمیچەکە پاک کەنەوە. بەرنامەرێژییەکی درووست ئەوەی کە پاککردنەوەی ناو ماڵەکەتان لەبەرزترین شوێنی ماڵەکەتانەوە بۆنزمترین شوێن دەست پێبکەن.

**٢. پاککردنەوەی ئەو کەلو پەلانەی هەرگیز بیری لێناکەنەوە:** بۆنمونە تەلەفون، دکتۆر گربێا پسپۆری بواری خاوێنی لەئەمریکا دوای لێکۆڵینەوەی زۆر بۆی دەرکەوتووە کە بەکتریای زۆر مەترسیدار لەئامێری تەلەفوندا دروست دەبن بەهۆی پەیوەندی بەردەوام لەگەڵ ئەو ئامێرەو بەئاسانی دەچێتە ناو دەمەوە.

**٣. سەلەی خۆڵ:** بە تایبەتی ئەوانەی لەمەتبەخو حەمامدا دادەنرێن، هەموو جارێک دوای خاڵیکردنیان بەدڵنیاییەوە پێویستە بیانشۆن.

**٤. پەردەی حەمام:** بەگشتی پەردەی حەمام هەمیشە نمی هەیەو شوێنێکی باشە بۆ کۆبوونەوەی بەکتریاکان.

**٥. ئامێری جلشۆر:** سەبارەت بەئامێری جلشۆرینیش هەر بەو شێوەیەیە. تۆ دوای شۆرینی جلەکان دەریان دەهێنیو دەرگاکەی دادەخەی، بەمشێوەیە نمێک تێدا دەمێنیتەوە کە شوێنێکی باشە بۆ گەشەو زیادبوونی بەکتریاکان.

**٦. فانی هەواکێش:** ئەو ئامێرە بەگشتی بۆ بردنەدەرێی تەپو تۆزو هەوای پیس لەناو ماڵەوە بۆ دەرێ بەکاردەهێنرێت، بەڵام ئەگەر زوو زوو پاکی نەکەنەوە لەبری یارمەتیدان دەبێتە مەترسییەکی گەورە.

## لەسێ پارێزگاکەی هەرێمی کوردستان کەمترین هۆڵی سینەما هەیە

# سیتی سینەما بینەرانی فیلمو سینەما ئاشت دەکاتەوە

سەربەست مەنمی

**لەگەڵ گەورەبوونی شارەکانی هەرێمی کوردستانو باڵاکردنی بینا بازرگانییەکان، هۆڵەکانی سینەما روو لەنەمان دەکەن، بەجۆرێک ژمارەی هۆڵەکانی سینەما لەژمارەی پەنجەکانی دەست تێناپەڕن، لەشارێکی وەک سلێمانییدا ئەگەرچی لەکۆی سێ سینەما تەنها یەک دانەیان کاردەکات، بەڵام بەکردنەوەی ستی سینەما لەدوو هەفتەی رابردوودا جارێکی دیکە بینەرانی سینەمای ئاشت کردەوەو هۆڵەکان سیخناخ بوونەوە بەئارەزوومەندانی فیلم.**

### چوار هەزار بینەر بۆبینینی تەنها سێ فیلم

ئەندازیار کەریم قادر خاوەنی پرۆژەی سەنتەری شەوانی شار - ستی سینەما ئاماژەی بەوە دا کە بیرۆکەی دروستکردنی سینەمایەکی سەردەمیانەی شیاو بەخەڵکی کوردستان دەگەڕێتەوە بۆساڵی ٢٠٠٧، چونکە ساڵانێکە سینەماکان داخراوەن، «پێویست بوو سینەما وەک بەشێک لەبنەماکانی هونەرو کولتوری جیهانی لەکوردستانیش گرنگی پێبدرێت».

ئەو ئەندازیارە دەربارەی گرنگی پێدانی خەڵکو ئارەزومەندانی سینەما لەشاری سلێمانی باسی لەوەکرد کە زیاتر لەوەی چاوەڕوانیان کردووە، خەڵک پێشوازی لێکردون، «سوپاسگوزارم کە تەنها لەماوەی ١٠ڕۆژدا چوار هەزار کەس بەشداری بینینی سێ فیلمیان کردووە، خاوەنی سینەماکە دڵخۆش بوو بەوەی خێزانێکی زۆر سەردانیان دەکەن بۆبینینی فلیمەکان.

کەریم قادر ئاماژەی بەوەدا کە نرخی بینینی فلیمێک تەنها ١٠هەزار دینارەو پێیوابوو، ئەو نرخە گران نییە، چونکە خەڵکێکی زۆر سەردانی کردون، «نرخی بلیتمان لەهەموو وڵاتک هەرزانترەو پەیوەندی ڕاستەوخۆمان لەگەڵ کۆمپانیا گەورەکانی بواری بەرهەمهێنانی فلیدا هەیە، وەک کۆمپانیاکانی Gulf film llc, Italia film, Prime pictures, Empire ،Gulf, Shooting star ئەو فیلمانە پێشکەش دەکەین کە هاوکات لەپایتەختە گەورەکانی جیهان نمایش دەکرێن».

### بەمزوانە دوو هۆڵی دیکەش دەکرێنەوە

سیتی سینەما لەیەکەم رۆژی جەژنی قوربان یەکەم فلیمی نمایشکردو پروژەی سیتی سینەمای کردەوە، کە لەسەر ڕووبەری ١٥هەزار مەتر دووجار لەهاوینەهەواری سەرچنار دروستکراوە، بەگوژمەی شەش ملیۆن دۆلارو پێکدێت لەجوار هۆڵی سینەماو ئوتێلی چوار ئەستێرەو فاست فوتو ریستۆرانتو کافێ.

لەکاتی ئیستادا دوو هۆڵ بەڕووی بینەراندا کراونەتەوە کە هەریەکەیان ٩٥ کورسی لەخۆ دەگرێتو ڕۆژانە لە شەش کاتی جیاوازدا فیلم پێشکەش دەکات لە ١٠ی بەیانیەوە تا١١ی شەو.

بەپێی وتەی خاوەنەکەی، ئاستی کوالیتی سینەماکانی سستی سینەما فول کوالیتیە لەبواری شاشەو سیستمی دەنگو پرۆجێکتەر، ساون سیستمەکەی ئەمریکییەو سینەماکە لە مەیامدا - فلوریدا دیزاین کراوە، «لەئایندەیەکی نزیکدا دووهۆڵی تر دەکرێنەوە کە هەریەکەیان ١٨٥کورسی لەخۆدەگرێتو کۆی گشتی هۆڵەکان ٥٥٠کورسیە».

### کوالیتی سینەما ئەوروپییەکانی هەیە

هونەرمەند نەوزاد مەجیدو خێزانەکەی ئامادەی بینینی یەکێک لەفلمەکان بوون، پاش هاتنەدەرەوەیان باسیان لەوەکرد کە بەشێوەیەکی باشو ڕێکو پێک سینەماکە دروستکراوە، «کردنەوەی سینەمایەکی سەردەمیانەی بەمجۆرە، چاوەڕوانی هونەرمەندانو هونەردۆستانی شارەکەمان بوو».

لەلایەکی ترەوە هونەرمەند دەوەن نەوزاد دەستخۆشی کردنەوەی ئەو سینەمایەی کردو خۆشحاڵی خۆی دەربری لەشارەکەیدا سینەمایەکی هاوچەرخ کراوەتەوەو تازەترین فیلم پێشکەش دەکات، «لەکاتی چوونم بۆ وڵاتانی تورکیاو لوبنان، سەردانی سینەماکانی ئەوێم دەکرد، کە زۆر پێشکەوتو بوونو خەڵک گرنگی زۆریان پێدەدا، بۆیە سوپاس بۆ خاوەنی ئەم پرۆژەیە کە خەونی منو سەدان شانۆکارو سینەماکاری هێنایە دی». دەوەن، هیوای ئەوەشی خواست کە لەئایندەیەکی نزیکدا فیلمە کوردییەکانیش لەسەر ئەو شاشەیە نیشان بدرێن.

دەریا نەوزاد کە لەگەڵ باوکیو خوشکەکەی ئامادەی نمایشی یەکێک لەفیلمەکانی سیستی سینەما بوون، جەختی لەوەکردەوە کە ساڵانێکە لەوڵاتی سوید دەژیو ئیستا بەسەردان گەڕاوەتەوە هەرێمی کوردستان، «بەڕاستی سەرسام بووم، کاتێک سینەماکەم بینی کە بەهەمان کوالێتی سینەما ئەوروپیەکان کار دەکاتو نوێترین فیلم پیشان دەدات، هیوادارم بەردەوام بێت». فیلمەکان لە ئەمریکا ئەیکرن و دواییی دەینێرن بۆ بەیروتو دوبیو لەوێ ژێرنووسی عەرەبیان بۆدادەنرێتو پاشتر لەهەرێمی کوردستانو لەهۆڵەکانی سیتی سینەما رۆژانە لەم کاتانەی خوارەوەدا نمایش دەکرێن.




**پۆستەری یەکەم نمایشی فیلمەکانی سیتی سینەما**

**فیلم 2010**

**کاتی نمایش**

am 10:00
am 01:15
pm 04:30
pm 07:45
Pm 11:00

**فیلم Surrogates**


**کاتی نمایش**

Am 10:15
Pm 12:45
Pm 03:15
Pm 05:45
Pm 08:15
Pm 10:45

---

## فیلمی هەفتە

### خوێنەرەکە
### The Reader




ئا: بێساران فەیروز حەسەن

دەرهێنەر: ستیڤن دالّدری
سێناریۆ: دەیڤید هێر لەسەر بنەمای کتێبی بێرنهارد شلّینگ
ئەکتەرەکان: راف فاینس، کیت ڤینسلێت، دەیڤید کراس، ژینێت هاینو...
بەرهەمی وڵاتی ئەمریکا، ئەڵمانیا ٢٠٠٨.

ستیڤن دالّدری لەدایکبووی ١٩٦١ (دۆرست)ی بریتانیایەو دەرچووی زاکۆی شفیلّدە، ڕابردوویەکی باشی لەبواری شانۆدا هەیە، دووجار خەڵاتی لۆرەنس ئۆلیڤەری وەرگرتووەو خەڵاتی (تۆنی)ی بۆدەرهێنانی نمایشنامەی (An Inspector Calls) بەدەستهێناوە، بەڵام بینەرانی فیلمە سینەماییەکان بەهۆی فیلمی دووەمییەوە (کاتژمێرەکان) بەم دەرهێنەرە ئاشنا بوون.

فیلمی «خوێنەرەکە« لەسەر بنەمای کتێبێکی بەناوبانگی هەر بەم ناونیشانەوە لەنووسینی پرۆفیسۆری مافناسو دادوەری بەناوبانگی بێرنهارد شلّینگ بەرهەم هاتووە. ئەم کتێبە ساڵی ١٩٩٥ لەئەڵمانیا بڵاوکرایەوەو چەند بابەتێکی جیاوازی سەبارەت بەئەڵمانیای دوای جەنگ لەخۆگرتبوو کە گرنگترینیان بریتی بوو لەمەسەلەی (هۆلۆکۆست)...

«دالّدری» لە فیلمەکەیدا بەئێمە دەڵێت وەچەی پاش جەنگ بەش بەحاڵی خۆیان بۆدەربازبوون لەشەرمی کەسێتیو مێژوویان چەند هەوڵێکیان بۆ ڕزگارکردنی ویژدانیان داوە. دالّدری بەبینەرەکانی دەڵێت کە دەبێت بەر لەوەی کە درەنگ بکات، با زوو دەستبەکار ببین، میراتی مەعنەوی خۆمان بدۆزینەوەو سود لەو سامانە وەربگرین کە پێشینان لەدووتوێی (کتێب)دا بۆیان بەجێهێشتووین.

**خەڵاتەکان:**
پاڵێوراو بۆ خەڵاتی ئۆسکاری باشترین وێنەگرتن، باشترین دەرهێنان، باشترین فیلم، باشترین ئەکتەری ڕۆڵی سەرەکی، باشترین فیلمنامەی وەرگیراو (ئەداپتەیشن) - خەڵاتی باشترین ئەکتەری ڕۆڵی تەواوکەر لەمەراسیمی ڕەخنەگرانی سینەمایی ڕاگەیاندنەکان - خەڵاتی باشترین ئەکتەری ڕۆڵی تەواوکەر لەمەراسیمی ئەنجومەنی ڕەخنەگرانی شیکاگۆ - خەڵاتی گۆڵدن گڵەب بۆ باشترین ژنە ئەکتەری ڕۆڵی سەرەکی - خەڵاتی سیێرا بۆ گەنجان لەمەراسیمی ئەنجومەنی ڕەخنەگرانی لاس ڤیگاس - پاڵێوراو بۆ خەڵاتی باشترین وێنەگرتن لەکۆمەڵەی وێنەگرانی ئەمریکا - پاڵێوراو بۆ خەڵاتی بەفتا بۆ باشترین وێنەگرتن، باشترین دەرهێنان، باشترین فیلم، باشترین فیلمنامەی وەرگیراو، باشترین ژنە ئەکتەری ڕۆڵی سەرەکی - پاڵێوراو بۆ خەڵاتی باشترین ژنە ئەکتەر لەمەراسیمی کۆمەڵەی ئەکتەرەکان - پاڵێوراو بۆ خەڵاتی باشترین فیلمنامە لەمەراسیمی فیلمنامەنووسانی USC - پاڵێوراو بۆ خەڵاتی باشترین ژنە ئەکتەری ساڵی ٢٠٠٨ لەمەراسیمی ئەنجومەنی ڕەخنەگرانی فیلمی لەندەن - پاڵێوراو بۆ خەڵاتی سەتەلایت بۆ باشترین ژنە ئەکتەر، باشترین دەرهێنەر.

# سەدەیەک لەسینەما

بیژەن ئەشتەری
و: کاوە

1995، ئەو ساڵە بوو کە سەدساڵ بەسەر دروستبوونی سینەمادا تێدەپەڕی.

مێژووناسان ڕۆژی هەشتی دیسەمبەری 1895 بەساڵی دروستبوونی سینەما دادەنێن، واتە ئەو ڕۆژەی کە دووبرا بەناوەکانی ئۆگۆستو لۆیی لۆمێر، یەکەمین فیلمی سینەماییان لەشاری پاریسی پایتەختی فەرەنسا بۆژمارەیەک بینەر نمایشکرد. ئەگەر بەوردی سەیری مێژووی دروستبوونی سینەما بکەین ڕەنگە تەمەنی سینەما زۆر لەو ساڵە دوورتر بێت کە مێژووناسان دەستنیشانیان کردووە، بۆنمونە لەسەدەی یازدەیەمی زاییندا زانایان توانیان رووناکی بەناو دەلاقەیەکی بچووکدا تێپەڕێنن، بەشێوەیەک کە بتوانرێت دیمەنە دەرەکییەکان لەدیوی ناوەوەی ئەو دەلاقەیە ببینرێت. پێنج سەدە پاش ئەوکارە لیۆناردۆ داڤینشی شێوەکارو ئەستێرەناسی ئیتاڵی، تیۆرێکی تایبەتی لەسەر ژووری تاریک داهێنا کە دواتر زانایان بەرەچاوکردنی ئەو تیۆرە توانییان کامێرای فۆتۆو ڤیدیۆ دروست بکەن. لەناوەراستی ساڵەکانی ئەو سەدەیەدا زانایەکی ئیتاڵی بەناوی جیامباتێستا دێلاپۆرتا، بەسوودوەرگرتن لەتیۆرەکەی داڤینشی توانی چەند وێنەیەکی کەم دروست بکات.

بۆهەڵدانەوەی مێژووی سەدەیەک لەسینەما هەوڵدەدەین، هەر جارەو رووناکی بخەینە سەر لایەنێکی ئەو مێژووە.

### سینەما لە ساڵانی 1910 1900

بەهاتنی ساڵی 1900، پێشەنگای 1900ی پاریس دەرگای خۆی بەڕووی بینەرەکانیدا کردەوە، ئەم پێشەنگایە کە بەیەکێک لەگرنگترین رووداوەکانی سەدەی بیستەم دەژمێردرێت، بەشێکی پێشەنگاکە تایبەت کرابوو بەنمایشکردنی پەردە سینەماییەکەی لۆیی لومێر.

گرنگترین ئەو فیلمە سینەماییانەش کە لەم ساڵەدا بەرهەمهێنراون بریتین لە: کۆمەڵکوژی مەسیحییەکان بەدەستی چینییەکان لەدەرهێنانی لیوبین ـ ئەمریکا، هۆلیگنی دڵخۆشو زیتەڵە لەئەمریکا لەلایەن کۆمپانیای ڤیتاگرافەوە بەرهەمهێنراوە، هێرشکردنە سەر بانگەشەکارانی ئایینی مەسیحی لەچین لەبەریتانیا لەلایەن جیمز وێلیامسۆن دەرهێنراوە، تەقینەوەی ئامێرەکانی گواستنەوە بەهۆی مەکینە، لەدەرهێنانی سسیل هیپورت لەبەریتانیا، چاوێلکەکەی داپیرە لەدەرهێنانی ج.ئا.سمیس، لەبەریتانیا، یۆنیکالی 108 لەدەرهێنانی فلێکس ئۆلیڤەر لەئۆرۆگوای، پەری کەلەرمەکان لەدەرهێنانی ئالیس گەی لەفەرەنسا، ژاندارکو خەونی نوئێل لەدەرهێنانی ملی یس، سەربازانی خاچ لەدەرهێنانی جۆزێف پیری لەئوسترالیا)، دوایین ڕۆژەکانی بەمبەییی لەدەرهێنانی رۆبێرت وێلیام پال.

دیارترین ئەو کەسایەتییە سینەماییانەی کە لەم ساڵەدا لەدایک بوون بریتین لە: لوییس بۆنوئێل، ژان نگلسکۆ، سپێنسر ترێسی، ئەلەکساندرۆ بلازتی، نۆرماشێرەر، مروین لروی، مارک ئالگرێ.

# لیستە ڕەشەکەی هۆڵیود

## زیندانیکردنی هونەرمەندە کۆمۆنیستەکانو تاریکترین سەردەمی ئازادیی دەربڕینی ئەمریکا

و: شوان عەباس بەدری

لە ساڵی ١٩٤٧، کۆمیتەی بەدواداچوونی چالاکی دژە ئەمریکیەکان، بەمەبەستی دەستنیشانکردنی ئەوهونەرمەندانەی لەهۆلیۆددا چالاکی کۆمۆنیستی ئەنجام دەدەن، دەستی بەکارەکانی کرد، لەئەنجامدا پێڕستێکی دوورو درێژی لەناوی ئەو هونەرمەندانەی کە گومانیان لێدەکرا ئامادەکرد.

ئەم لیستە کە بەلیستە ڕەشەکەی هۆلیۆد ناسراوە، دواتر ناوی چەندین هونەرمەندی تری تێئاخێنرا کە لەدەرەوەی جیهانی سینەما کاری هونەرییان دەکرد، بەگشتی لیستەکە لەناوی چەندین سیناریست، ئەکتەر، دەرهێنەر، موزیکژانو چەندان کەسایەتی هونەری جیاوازی تری ئەمریکا پێکدەهات کە لەبەر ئەو بیروبۆچوونە سیاسیانەی لەگەڵ دەوڵەتی ئەمریکا کۆک نەبوون یاخود تەنها لەبەر ئەوەی گومانیان لێدەکرا ئەندامی پارتی کۆمۆنیستی ئەمریکا بن، ناویان خرابووە ئەو لیستەو دواتر بەبیانووی بەرگرتن لەچالاکی سیاسی ئەو کەسانە لەکارەکانیان دوورخرانەوە، ژمارەیەکی تریشیان بەبیانووی هاوکاری نەکردنی پۆلیسی فیدراڵی رووبەڕووی هەمان چارەنووس بونەوە.

یەکەمین لیستی سیستماتیکی هۆلیۆد لە٢٥ی نۆڤەمبەری ١٩٤٧ ئامادە کرا، هەروەها ڕۆژێک دوای ئەوەی ١٠ نوسەرو دەرهێنەر ئامادەنەبوون کە لەبەرامبەر کۆمیتەی بەدواداچوونی چالاکی دژە ئەمریکییەکان شایەتی بدەن، ڕاستەوخۆ تاوانبارکران بەسوکایەتیکردن بەکۆنگرێس، پاش ئەو ڕووداوەش ژمارەیەک لەبێژەرانی ناو ستۆدیۆ کە لەلایەن ئەنجومەنی سینەمایی ئەمریکاوە پاڵپشتی دەکران، بڕیاری دەرکردنی ئەو ١٠ کەسە دەدەن، کە دواتر ئەو ١٠ کەسە بە ١٠ پیاوەکەی ناو هۆلیۆد ناسران.

لە٢٢ی ژووەنی ١٩٥٠، پێڕستێک بەناوی کەناڵە سورەکان ئامادە دەکرێت، ناوی ١٥١ هونەرمەندی لەوانەی لەبوارە جیاجیاکانی هونەردا کاریان دەکرد گرتبوەخۆ، لەو پێڕستەدا ناوی ئەو کەسانە بەفاشیستەسورەکانولایەنگرەکانیان دەسنیشان کرابوو، پاش ماوەیەک زۆربەی ئەو هونەرمەندانەی ناویان لەو پێڕستەدا هاتبوو لەسەر کارەکانیان لابران. لەساڵی ١٩٦٠ دالتۆن ترۆمبۆی کە یەکێک بوو لە ١٠ پیاوەکەی ناو هۆلیۆد توانی سیناریۆی فیلمەکانی سپارتاکۆسو کۆچی بەکۆمەڵ بنوسێتو تاڕادەیەک بگەڕێتەوە بۆناو جیهانی هونەر، بەڵام زۆربەی ئەو کەسانەی ناویان لەو پێڕستانەدا هاتبوو وەک دالتۆن بەخت یاوەریان نەبوو، بۆماوەیەکی دوورودرێژ لەکاری هونەریی دورخرانەوە.

پاش سەرکەوتنی پارتی کۆماریی ئەمریکا لەهەڵبژاردنەکانی کۆنگرێسی ساڵی ١٩٤٦، بەتەواوی دەسەڵاتەکانی کۆنگرێسو ئەنجومەنی پیران دەخەنە ژێر ڕکێفی خۆیان، ئەوەش دەبێتە پاڵنەرێک بۆبانگهێشتکردنی ژمارەیەک هونەرمەندی هۆلیۆد لەئۆکتۆبەری ١٩٤٧دا بۆ کۆمیتەی بەدواداچوونی چالاکی دژە ئەمریکیەکان ـ ئەم کۆمیتەیە بەمەبەستی سیخوڕییکردنو دەستنیشانکردنی ئەو کەسانە دامەزرابوو کە بەنهێنی پروپاگەندەی سیاسی دژ بەئەمریکایان لەفیلمەکانیاندا بڵاودەکردەوە ـ پاش ماوەیەک چەند کەسایەتیەکی هۆلیۆدی وەک جۆن هۆستۆنی دەرهێنەرو هەمفری بۆگارتو لۆرن باکالی ئەکتەر، کۆمیتەیەکیان دامەزراندو بەپشت بەستن بەیاسای چاکسازیی چونە واشنتۆنو ڕەخنەیان لەهێرشی دەوڵەت گرت بۆسەر سینەماو هونەرمەندان. لەکۆی ٤٣ هونەرمەندی بانگهێشتکراو، ١٩یان ڕازی نەبوون بچنە ئەو کۆمیتەیەو شایەتی بدەن، بەڵام پاش ماوەیەک ١١کەس لەو ١٩یە، بۆجاری دووەم بانگهێشت کرانەوە.

لەو ١١کەسە برتۆلت برشتی سیناریستو شاعیر دەستنیشانکرا تا وەڵامی پرسیارەکانی ئەو کۆمیتەیە بداتەوەو١٠ کەسە بانگهێشتکراوەکەی تریش بەپشت بەستن بەیاسای ئاآزادی رادەربریـنو کۆڕوکۆبونەوە خۆیان لەو بەشداریکردنە بوارد. ئەو پرسیارەش کە بریاربوو لەو ژمارە هونەرمەندە بکرێت بریتی بوو لەوەی ئایا ئەندامی پارتی کۆمۆنیستن، یاخود هەرگیز ئەندامی ئەو پارتە بوون؟

لەڕاستیشدا ئەندامێتی لەناو ئەو پارتە لەئەمریکا هەرگیز قەدەغە نەبووە، سەرجەم ئەو کەسانە ماوەیەک ئەندامی ئەو پارتە بوون، زۆربەشیان تا ئەو سەردەمە هێشتا بەئەندامێتی مابوونەوە. لەدوای ئامادەنەبوونی ئەو ١٠ هونەرمەندە بۆشایەتیدان پاش ماوەیەک بەفەرمی تۆمەتبارکران بەسوکایەتیکردنی کۆنگرێسو کاری لێکۆڵینەوەش لەسەر دۆسێی ئەو هونەرمەندانە خرایە ئەستۆی ئەنجومەنی نوێنەران. لەم ساتەدا کە هێشتا کاری لێکۆڵینەوە یەکلایی نەکرابووەوە، ژمارەیەک لەکەسایەتیە چالاکەکانی ناو سینەما، دەستیان بەهاوکاریکردنی ئەو کۆمیتەیە کردو ئەو کەسانەیان لەخۆیان دووردەخستەوە کە جێی گومان بوون، بەجۆرێک کە ئەریک جۆنستۆنی بەڕێوەبەری ئەو سەردەمەی ئەنجومەنی سینەمایی ئەمریکا ڕایگەیاند: هەرگیز ئەو کەسانە لەم شوێنەدا جێیان نابێتەوە، چونکە ئەمجۆرە کەسانە کەسانێکی ئاژاوەگێڕنو من هەرگیز قبوڵ ناکەم چالاکی هونەریی ئەنجام بدەن.

ڕۆناڵد ریگانی سەرۆکی پێشووی ئەمریکا کە لەو سەردەمەدا ئەکتەرێکی پلە دووی ناو هۆلیۆدو بەڕێوبەری گروپی ئەکتەران بوو، لەگەڵ واڵت دیزنی لەکۆمیتەی بەدواداچوندا شایەتیان داو ئەو جۆرە کەسانەشیان بەمەترسییەکی ڕاستەقینە وەسفکرد بۆسەر پیشەسازی سینەما، هەر لەوماوەیەدا ئەکتەرێکی تر بەناوی ئی دۆلف مینجۆ ڕایگەیاند: ئەگەر ئەو کەسانە جادووگەر بن، ئەوا من دەبمە ڕاوچی جادووگەرەکان، من سوورەکان ـ کۆمۆنیستەکان ـ دەخەمە ناو داوو دەیاننێرمەوە بۆئەو شوێنەی پێوەی پەیوەستن ـ واتە روسیا. بەوجۆرە زۆربەی ستۆدیۆ فیلمسازەکانی ئەو سەردەمە جگەلەستۆدیۆی یونیڤەرساڵو ئینتەرناشناڵ پیکچەرز دەست دەکەن بەبەرهەمهێنانی فیلمی دژە کۆمۆنیستی کە هەریەکە لەفیلمەکانی جیم مەک لینی مەزنو خیانەتکارو هەڕەشەی سور، نمونەیەکن لەو فیلمانە.

لەهەفدەی نۆڤەمبەری ١٩٤٧، گروپی ئەکتەرە ئەمریکییەکان، پاش دەنگدان بڕیار دەدات کە سەرجەم ئەندامەکانی سوێند بخۆن ئەندامی پارتی کۆمۆنیست نینو دوای هەفتەیەکیش واتە لە٢٤ نۆڤەمبەردا، ئەنجومەنی نوێنەران بە ٣٤٦دەنگی ڕازی بەرامبەر بە ١٧ دەنگی ناڕازی بەفەرمی ١٠ پیاوەکەی ناو هۆلیۆدی تۆمەتبار کرد بەسوکایەتی نواندن بەرامبەر کۆنگرێس. ڕۆژێک دوای دەرکردنی ئەو بڕیارە جۆنستۆن لەشاری نیۆیۆرک بەیاننامەیەکی خوێندەوە کە تێیدا بڕیاری دەرکردنی ئەو ١٠ کەسە درابوو ڕایگەیاند: ئیتر ئەوانە هەرگیز مۆڵەتیان پێنادرێت کاری هونەریی ئەنجام بدەن، مەگەر ئەوەی ئەو تۆمەتە بەسەریاندا ساغ نەبێتەوەو سوێند بخۆن کە واز لەو بیروبۆچوونە سیاسییانە بهێنن.

هەرچەندە ئەو کۆمیتەیە نەیتوانی بەڵگەی حاشاهەڵنەگر لەسەر چالاکی کۆمۆنیستەکانی ناو هۆڵیۆد کۆبکاتەوە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا پیشەسازی سینەمای ئەمریکی لەبناغەوە چەندین گۆڕانکاری بەسەردا هێنرا. لەساڵی ١٩٤٨دا، ٢٠٤کەس لەکەسایەتیە ناسراوەکانی ناو هۆلیۆد نوسراوێکیان نارد بۆدیوانی باڵای وڵاتو پشتیوانیان لە ١٠ هونەرمەندە تۆمەتبارەکە کرد، بەڵام ئەو دیوانە زۆر گرنگی بەو نوسراوە نەدا، لەساڵی ١٩٥٠دا، ئەم ١٠ کەسە بەساڵێک زیندانی بەندکران، بەڵام لەسێپتەمبەری هەمان ساڵدا، ئێدوارد دیمیتریکی دەرهێنەر کە یەکێک بوو لەو ١٠ کەسە زیندانیکراوە، ڕایگەیاند کە سەردەمانێک باوەڕی بەڕێبازی کۆمۆنیستی هەبوە، بەڵام لەمەودوا ئامادەیە لەدژی ئەوانەی زەمانێک کۆمۆنیست بوون شایەتی بدات.

کاربەدەستان پاش ئەم ڕاگەیاندنەی دیمیتریک، یەکسەر ناوبراویان لەزیندان ئازادکردو دوای ئامادەبوونی لەبەرامبەر کۆمیتەی بەدواداچوونو شایەتیدانی لەدژی ئەندامانی پارتی کۆمۆنیست، جارێکی تر گەڕایەوە بۆناو جیهانی سینەما، بەڵام هاوڕێکانی تری کە ئامادەنەبوون وەک ئەو شایەتی بدەن، بۆماوەیەکی زۆر لەکاری هونەریی دوورخرانەوە.

ئادریان سکۆتی، بەرهەمهێنەری چوار فیلمی دیمیتریک، یەکێک بوو لەوانەی کە دیمیتریک لەدژی شایەتی داو بەهۆی ئەو شایەتییەوە ناوبراو تا ساڵی ١٩٧٢، نەیتوانی هیچ جۆرە کارێکی هونەریی ئەنجام بدات، هەروەها لەو ٢٠٤ کەسایەتیەی پشتیوانیان لەهونەرمەندە زیندانییەکان کردبوو، ناوی ٨٤یان خرایە ناو ئەو لیستە ڕەشەوە، ئەم کارەش ناڕەزاییەکی زۆری لێکەوتەوە.

لەساڵی ١٩٥١، سەرجەم کارمەندانی ناو کەناڵی cbc ناچاربوون سوێند بخۆن کە سەر بەهیچ پارتێکی کۆمۆنیستی نین. پاش ماوەیەک ئەم لیستە ڕەشە بەشێوەیەکی سامناک درێژکرایەوە، بەجۆرێک ژمارەیەکی یەکجار زۆر لەهونەرمەندان ناویان خرایە ناو ئەو لیستەو ژمارەیەک لەو هونەرمەندانەش ناویان لەلیستەکەدا تۆمارکرابوو لەدژی هاوکارەکانی خۆیان شایەتیان دا، لەنێویاندا دەتوانرێ ئاماژە بە ئیلیا کازانی دەرهێنەرو بۆد شۆلبێرگی سیناریست بدرێت، کە بەهۆی شایەتییەکانیان کێشەیەکی زۆریان بۆئەو کەسانە دروستکرد کە شایەتیان لەدژ دابوون، ئەو دوانە بەهاوکاری یەکتری بەشێوەیەک بیروباوەڕە سیاسییەکانی هونەرمەندەکانیان شرۆڤە دەکرد کە لەئەنجامدا زۆربەی هونەرمەندە چالاکو ناسراوانەی ئەو سەردەمە کە هاوڕێشیان بوون، ناچاربوون خاکی ئەمریکا بەجێبهێڵنو بەرەو وڵاتی مەکسیکو وڵاتانی ئەورووپا کۆچ بکەن.

لەلایەکی ترەوە کەم کەم ناوی ئەو هونەرمەندانەش دەخرایە لیستەکەوە کە هیچ جۆرە پێشینەیەکی سیاسیان نەبوو، زۆربەی ئەو بەڵگانەش کە باس دەکران بەڵگەگەلێکی شەرمهێنەرو بێبنەما بوون، بۆنمونە یەکێک لەشایەتەکان ئەوەی دەگێرایەوە کە جارێکیان گوێی لە لایۆنێل ستندەر ـ ئەم هونەرمەندە تا ئەوسەردەمە بەشداری لە ١٠ زنجیرەی تەلەڤزیۆنی کردبوو ـ بووە کە بەفیکە سرودی ئینتەرناسیۆناڵی چرپیوە. ستندەر کە هیچ جۆرە پێشینەیەکی سیاسی نەبوو لەپاش ئەم شایەتیدانە، ئیتر هەرگیز نەیتوانی لەبواری هونەردا چالاکی ئەنجام بدات، هەروەها گێری کۆپریش یەکێک بوو لەوانەی لەدژی هاوکارەکانی خۆی شایەتی دا.



# پەردەی کچێنیان هەیەو خوێنیان نییە

## "بۆدورینەوەی پەردەی کچێنیم ١٤٠٠دۆلارم دا بەمامانێک"

تایبەت بە نم نم

**پەردەی کچێنی لەکوردەوارییدا بەشەرەفی کچو ناسنامەی کەسێتی خێزان ناودەبرێت، نەبوونو دڕاندنی ئەو پەردەیە بەدوور لەپرۆسەی هاوسەریی کێشەو گرفتی گەورە بەدوای خۆیدا دەهێنێت.**

لەچەند ساڵی ڕابردوودا بەپاساوی لەدەستدانی پەردەی کچێنییەوە، چەندین خاتوون لەسنوری هەرێمی کوردستاندا لەلایەن خێزانەکانیانەوە بێسەروشوێن کرانو لەناوبراون، هەربۆیە هەندێ لەو کچانەی شویان نەکردووەو پەردەی کچێنیان لەدەست داوە، بۆڕزگرتن لەدووگیان بوونیانو دەربازبوونیان لەپەلاماری خێزانو توانجو پلاری کەسوکاریان، هانا بۆ هەندێ لەو مامانو دکتۆرانە دەبەن کە بەنهێنی کار بۆ بەرتەسککردنەوەی چواردەوەری زێی کچان دەکەن کە پێشتر بەهۆی جوتبوونیان لەگەڵ نێرینەیەک یان بەهەر هۆیەکی دیکە لەدەستیان داوە.

### شەم
### چۆن کچێنی لەدەست دەدات؟

لەکاتێکدا دووان لەکچە پەیامنێرانی نم نم، سەردانی ماڵی مامانێک دەکەن، دوو کچی گەنج بەپرتاو خۆیان دەکەن بەماڵداو یەکێک لەکچەکان دەگری.

شەم، ئەو کچە باڵا بەرزە چاو شینە بوو، کە بەخەمبارییەوە چووەلای مامانەکەوەو خانمی مامانیش هەردوو کچە گەنجەکەی بردە ئەو ژورە تایبەتییەی کە بۆئەو کارانە ئامادە کرابوون.

لەکاتێکدا مامانەکە خەریکی «دروستکردن»ەوەی پەردەی کچێنی بوو، شەم باسی ئەوەی دەکرد کە بەهۆی خۆشەویستی بۆ کوڕێکی هاوڕێی کەوتوەتە ئەو کێشەوە، «لەتەمەنی ١٩ ساڵییەوە کەوتمە خۆشەویستی کوڕێکەوە، هەرچەندە نەمدەزانی مانای خۆشەویستیی چییە، بەڵام هەستم دەکرد، خۆشەویستییەک لەناخمدا هەبوو بەرامبەر ئارام».

شەمو ئارام، ڕۆژبەڕۆژ لەیەکتر نزیک دەبنەوەو چەند جارێک بەنهێنی یەکتر دەبینن، ئەو پەیوەندیەیان ماوەی پێنج ساڵ دەخایەنێت، ڕۆژێک بۆبینینی خۆشەویستەکەی، شەم دەچێتە ماڵی ئارامو پەردەی کچێنی لەدەست دەدات، «بیرم لەوە نەکردەوە کە توشی گەورەترین هەڵە دەبم، بۆیە بەنەفامی کچێنی خۆمم بەخشیە ئارامو بەوە فریودرام کە دەبێتە هاوسەرم».

### ئارام خۆی دەشارێتەوەو شەمیش ١٤٠٠ دۆلار دەدات

دوای ئەوەی شەم پەردەی کچێنی لەدەست دەدات، داوا لەئارامی خۆشەویستی دەکات، بەزوترین کات بێتە داوای، بەڵام بەپێچەوانەی بۆچونەکەی ئەوە، ئارام بەهیچ شێوەیەک ئامادە نابێت ژیانی هاوسەریی لەگەڵ ئەو کچە دروست بکات کە کچێنیی خۆی پێشکەش کردووە، بۆیە شەم بەبیستنی ئەو قسەیە توشی شۆک دەبێت.

چەند جارێکی دیکە کچەکە هەوڵ لەگەڵ کوڕەکەدا دەداتو هەموو یادگارییەکانی ڕابردووی بیردەخاتەوە، بەڵام ئارام بەتوڕەیەوە پێیدەڵێت: ئیتر من مەناسە، چونکە منو تۆ بۆیەک نابین.

کاتێک شەمو ئارام دەچنە قۆناغی دووی زانکۆو ئارام دەبینێ پەیوەندی لەگەڵ کچێکی تردا بەستووە، ئیتر ئەم بەتەواوی هەست بەهەڵەکەی خۆی دەکاتو ژیانی دەکەوێتە مەترسییەوەو ڕۆژ بەڕۆژ لاواز دەبێت، هاوڕێ نزیکەکانی شەم هەست بەوە دەکەن کە هاوڕێکەیان کێشەیەکی هەیە، بەڵام شەم دوای ئەوەی لەهەموو شتێک بێئومێد دەبێت، تەنها هاوڕێیەکی لەکێشەکە تێدەگەێنێتو ئەویش دەیگەێنێتە ماڵی «خانم»ی مامان، دواتر لەگەڵ مامانەکەدا ڕێکدەکەون لەسەر ئەوەی بەبڕی ١٤٠٠دۆلار پەردەی کچێنیی بۆ «دروست بکاتەوە« یاخود ڕاستر وایە بۆی تەسکتر بکاتەوەو هەستی پێنەکرێت کە پێشتر دڕاوە.

### مامانەکان کچان ڕزگار دەکەن یان پارە دەکێشنەوە

خانم، ژنێکی پیرەو مامانێکی ڕەسمیە لەیەکێک لەشارەکانی هەرێمی کوردستان، بەوتەی خۆی زیاتر لە ٢٠ساڵە سەرقاڵی ئەو کارەیە.

هەرچەندە بەپێی یاسا منداڵ لەباربردنو «دروستکردن»ەوەی پەردەی کچێنیی ڕێگەپێنەدراوە، بەڵام خانم جگەلەکارەکەی خۆی ئەوکارانەش دەکات.

ئەو مامانە ئاماژە بەئینسانییەتی کارەکەی دەکات، چونکە بەوتەی خۆی توانیویەتی ژیانی زۆر لەکچانی شارەکانی هەرێمی کوردستان لەمەرگ ڕزگار بکات.

خانم، باس لەوە دەکات کە ماوەی چەند مانگێک لەمەو بەر کچێکی بەنگلادیشی دەهێننە لای کە لەماڵێکدا ئیشی کردووەو لەلایەن کەسێکی ئەو خێزانەوە دەستدرێژی سێکسی کراوەتە سەرو دووگیان بووە،«منداڵەکەم لەکچە دووگیانەکە دەرهێناو نەجاتمدا لەو کێشەیە».

هەرچەندە مامانەکان پارەیەکی زۆر لەو کەسانە وەردەگرن کە کچێنیان بۆ دادەنێنەوە، بەڵام بەپێی بەدواداچونێکی نم نم، ماوەی چەند ساڵێکە ئەو دیاردەیە لەهەرێمی کوردستان زۆر بووەو، دروستکردنەوە یاخود بەرتەسککردنەوەی چواردەوری زێی کچان تەنها بۆ ماوەی دوو ڕۆژ پێش هاوسەرگیرییە، نەک بۆ هەمیشەیی.

### دوورینەوەی پەردەی کچێنیی فڕوفێڵە

د.ژیان ئەحمەد پسپۆری نەخۆشییەکانی ژنانو منداڵبوون، جەخت لەوە دەکاتەوە کە دورستکردنەوەو دورینەوەی پەردەی کچێنی فڕوفێڵەو ڕاست نییە.

ئەو دکتۆرە باس لەوە دەکات کە ئەو کارانە بەشێوەیەکی ئاشکرا ناکرێنو مامانەکان بەنهێنی دەیکەن، «بەهیچ شێوەیەک ئەوە ئەسڵی نییە، کە پەردەی کچێنیی جارێکی تر بتوانرێت دروست بکرێتەوە».

د.ژیان، پێی وایە لەئێستادا زۆرێک لەکچان هەڵدەستن بەدورینەوەی پەردەی کچێنیان لای مامانێکی نەشارەزا، ئەوەشی بەجۆرێک لەفێڵ دانا، چونکە «لەشی ئافرەت بەشێوەیەکە، دوای ئەوەی پەردەی کچێنیی لەدەست دەدات، جارێکی تر دروست نابێتەوە». ئەو پسپۆڕەی نەخۆشییەکانی ژنان ئاماژە بەوە دەدات کە هەندێ لەکچان پەردەیان هەیەو لەکاتی هاوسەرگیرییدا خوێنیان نییە.

### لەبری دوورینەوە هاوسەریی باشترە

مەلا ئەحمەد قامیشی، پێشنوێژو وتارخوێنی مزگەوتی تۆفیق بەگ، باس لەوە دەکات کە نەمانی پەردەی کچێنیی لەڕێگەی ناشەرعییەوەو دروستکردنەوەی بەنەشتەرگەریی حەرامەو ڕێگەپێنەدراوە، هاوکات جەخت لەوەش دەکاتەوە کە ئەو کەسەی پارەکەش وەردەگرێت پارەکەی حەرامە،»باشترە کچان هەوڵ بدەن لەگەڵ ئەو کەسەدا ژیانی هاوسەری پێک بهێنن کە پەیوەندیەکەیان لەگەڵیدا بووە، یاخود ڕاستییەکان بوترێتو خیانەت نەکرێت».

هەر لەوبارەوە ڤیان ئازاد شەوقی وەک توێژەرێکی کۆمەڵایەتی لەوە دەدوێ کە بۆ ڕووبەڕووبونەوەی ئەو حاڵەتەو سنوردارکردنی، پێویستە هۆشیاری تەواو بدرێت بەکچانو هەرزەکاران،»بەشێوەیەک هۆشیار بکرێنەوە کە ڕێز لەلەشی خۆیان بگرن، ئەمەش بەیەک دوو ڕۆژ تەواو نابێت، بەڵکو پێویستی بەبەردەوامی هەیە«، هەروەک جەختیشی لەوەکردەوە کە مەرج نییە لەشەوی بوکێنییدا کە خوێن لەلەشی کچەکەوە نەهات، پەردەی کچێنیی نەبێت.

تێبینی:
ناوی هەندێک لەبەشدارانی ئەم ڕاپۆرتە خوازراوە.



**زۆرجار کچان کوڕان تۆمەتبار دەکەن بەلەدەستدانی پەردەی کچێنییان**

# لادانە سێکسییەکان

دارا حەمەد
بەکالۆریۆس لە دەروونناسی - هەولێر

زۆرن ئەو لادانە سێکسییانەی تووشی مرۆڤ دەبن یان بەواتایەکی تر بڵێین کە مرۆڤ خۆی تووش دەکات بەدەستی خۆی.

هەندێک لادان هەن ترسناکنو لەوانەیە بەتێپەڕبوونی کات ببنە هۆی نەخۆشی ترسناکی جەستەیی، هەروەها هەندێک لادان هەن زۆر باون، بۆنموونە دەستپەڕکردن بەشێوەیەکی بەردەوام - لەوانەیە ببێتە هۆی لاوازی سێکسی - سەیرکردنی فیلمی سێکسیی یان خۆ ڕەحەتکردن بەتایبەتی لای ئافرەت بەهەندێک ئامێری وەک ئەندامی نێرینەی دەستکرد یان قوتوی شامپۆو کرێم یان هەر شتێکی دیکە کە هاوشێوەی چووکی نێرینە بێت.

لێرەدا هەندێک لەترسناکترین لادانی سێکسی دەخەمە بەردەمی خوێنەر، تاهیچ نەبێ شارەزاییەکی کەمیش بێ هەبێ دەربارەی ئەم لادانانەو لێیان دوور بکەوێتەوە، چونکە ئەم لادانانە بۆ تاک کۆژانێکی دەروونیو جەستەیی گەورەیە، هەرکەسێک تووشی ئەم جۆرە لادانانە بێت بەنەخۆش ناوزەد دەکرێت.

هەر چەندە ئەم لادانانە لەلای ئێمە زۆرکەمترە وەک لەوەی لەکۆمەڵگەی ئەوروپیدا هەیە، چونکە لەڕووی ئایینییەوە هەندێک لەم لادانانە بەگوناە دەژمێردرێن، وەک: سێکسکردن لەگەڵ ئاژەڵ یان هاوڕەگەزبازی، هەروەک گرنگترین لادانەکانیش ئەمانەن:

### ١. ئێکس هیبیشیۆنیزم
### :Exhibitionism

ئەم لادانە لەلای ڕەگەزی نێر ئەوەیە کە کوڕ حەز دەکات بەرامبەرەکەی - کچ - بەڕووتی ببینێ یان شوێنێکی وروژێنەری ببینێ تاچێژی لێوەربگرێ و حەزیش ناکات دەستی بۆبباتو کاری سێکسی لەگەڵدا بکات، بەڵام لەلای ڕەگەزی بەرامبەر جودایە ئەم حەز دەکات، واتە کچ حەزدەکات خۆی بەڕووتی یان ئەندامێکی بەڕووتی نیشانی بەرامبەری بداتو بیوروژێنێ، ئەویش چێژو خۆشی لێ وەربگرێ.

### ٢. پیدۆفیلیا یان منداڵبازی
### :Pedophilia

ئەم لادانە زۆر ترسناکە، چونکە کەسی نەخۆش دەستدرێژی دەکاتە سەر منداڵو دەیترسێنێ، لەوانەیە بیکوژێ، ئەمەش لەوانەیە ببێتە هۆی نانەوەی کێشەی کۆمەڵایەتیو سزادانی لادەرەکە.

### ٣. ڤۆیئوریزم
### : Voyeurism

لێرەدا کەسەکە حەز دەکات سەیری خەڵکی دیکە بکات، ئەوان سێکس بکەنو ئەمیش سەیریان بکاتو دەستپەڕ بکاتو چێژ وەربگرێ.

### ٤- ترانسڤیتیتیزم
### :Transvestitism

لەم جۆرەدا کەسەکە حەز دەکات جلی ڕەگەزی بەرامبەری لەبەر بکات، واتە کچ جلی کوڕو کوڕ جلی کچ لەبەر بکات بەمەبەستی چێژ وەرگرتنی سێکسی، بەتێپەڕبوونی کات کاری نامۆتر دەکاتو زیاتر تووشی لادان دەبێت.

### ٥. فیتیشیزم
### :Fetishism

کەسەکە لێرەدا حەز دەکات پەنا بباتە بەر شتومەکو کەرەستەی بەرامبەری، بۆنمونە حەز دەکات جلو کەرەستەی بەرامبەری ببینێو هەیبێت، هەتا ئەگەر تاڵە موویەکیش بێت حەز دەکا لای خۆی دایبنێو هێزی سێکسی پێ بوروژێنێو چێژی لێوەربگرێ.

### ٦. جێندەر ئایدێنتیتی
### :Gender Identity

لەم حاڵەتەدا کەسی لادەر خۆی دەگۆڕێ بۆ ڕەگەزەکەی تر، کوڕ خۆی دەکاتە کچو لاسایی کچ دەکاتەوە، دەنگی خۆی ناسک دەکاتو هەوڵ دەدات وەکو کچان قسە بکات.

### ٧. زووفیلی یان ئاژەڵبازی
### :Zoophiles

ئەم لادانە ترسناکە، چونکە دەبێتە هۆی گواستنەوەی هەندێ نەخۆشی بۆ کەسی لادەر، لێرەدا کەسەکە پەنا دەباتە بەر ئاژەڵو هەندێک گیانلەبەر بۆتێرکردنی ئارەزووی سێکسی خۆی، ئەمەش بەزۆری لەو کەسانەدا هەیە کە لەمنداڵیدا لەگەڵ ئاژەڵاندا ژیانیان بەسەر بردووە.

### ٨. سادیزم
### :Sadism

لەم حاڵەتەدا کەسەکە حەز دەکات لەکاتی جووتبووندا لەکەسی بەرامبەر بداتو ئازاری پێبگەیەنێت، هەندێجار دەگاتە ڕادەی کوشتن تا چێژو خۆشی لێوەربگرێ.

### ٩. ماسۆشیزم
### :Maschochism

ئەم ناوە لەنوسینەکانی نوسەرێک وەرگیراوە کە لەنوسینەکانیدا بەزۆری باسی ئەو ئافرەتانە دەکات کە پارەش دەدەن بەرامبەر ئازار وەرگرتن لەکاتی سێکسکردندا. لەم حاڵەتەدا لادەر حەز دەکات لێی بدرێت تاچێژ وەربگرێت، خۆشترین چێژ وەرگرتنی سێکسی لەنێوان دوو کەسی لادەردا ئەوەیە یەکێکیان سادی بێتو ئەویتریان ماسۆشی، چونکە ئەمیان حەز دەکات لەبەرامبەرەکەی بداتو ئەویتریان حەز دەکات لێی بدرێ، لەو کاتەدا هەردووکیان خۆشترین چێژ وەردەگرن لەیەکتری.

### ١٠. هۆمۆسێکسوالیتی یان هاوڕەگەزبازی
### :Homosexuality

لەم حاڵەتەدا کەسەکە حەز دەکات سێکس لەگەڵ ڕەگەزی خۆی ئەنجام بدات، کوڕ لەگەڵ کوڕو کچ لەگەڵ کچ، ئەم حاڵەتەش بەزۆری لەو شوێنانە زۆرە کە تێکەڵاوی لەنێوان کوڕو کچ کەمترە بەتایبەتی لەبەندیخانەکانو بەشە ناوخۆییەکاندا.

# بەرەو پەروەردەیەکی سێکسیی گونجاو

عەتا مەلا کەریم
بریتانیا ـ بریستڵ

لەماڵپەڕو ڕۆژنامەو گۆڤارە کوردییەکاندا گەلێک جار باسی کورتو درێژ دەربارەی سوودو زیان، حەرامو حەڵاڵ، خۆشیو ترشی، شێوازە خۆرهەڵاتیو خۆرئاواییەکانی سێکس دەبینین، بەڵام گومانم هەیە کەس باسی هەڵسوکەوتە گونجاوەکانی کردبێتو لەهەڵسوکەوتە نەگونجاوەکانی جیاکردبێتەوە.

هەڵسوکەوتی سێکسی گونجاو چییەو نەگونجاو چییە؟ ئەم مەسەلەیە لەخۆرهەڵات چۆنەو لەخۆرئاوا چۆنە؟ پەیوەندی بەمافی مرۆڤ، مافی منداڵو مافی ژنانەوە چییە؟ ئەم پرسیارانەو دەیان پرسیاری دیکە ئەوە دەهێنن بیانخەینە بەردەم خوێنەری کوردو بزانین بیرو بۆچوونە جیاوازەکان دەربارەی سێکسو هەڵسوکەوتی سێکسی گونجاو چییە.

سێکس، شتێکی غەریزییەو لەهەموو بونەوەرێکی زیندوودا هەیەو بەبێ ئەوە زۆربوون نابێت. ئاژەڵو مرۆڤو جروجانەوەرو رووەک پێویستییان بەجوتبوونو پیتاندن واتە سێکس هەیە، بۆئەوەی نەوەی نوێ بخەنەوە، ئەوەش پێویستی بەفێربوونو فێرکردن نییە، پێویستی بەئینتەرنێتو سەتەلایت نییە، بەرلێگرتنیشی دەبێتە هۆی دەرکەوتنی لەهەڵسوکەوتو کردارو گوفتار خەوو خەیاڵی کەسەکاندا. ئەوەی لەنێوان رووەک، ئاژەڵو مرۆڤدا جیاوازە، هەڵسوکەوتی سێکسییە. لەلایەکەوە لەنێوان مرۆڤ لەقۆناغە مێژووییە جیاوازەکاندا یان لەنێوان شارستانیو کۆمەڵگە جیاوازەکاندا لەقۆناغێکی مێژوویی دیاریکراودا. لێرەدا نامەوێت باس لەکرداری سێکس بکەم، چۆن بەتامەو چۆن تەندروستە، تەکنیکەکانی لەکۆمەڵگا جیاوازەکاندا چینو چۆن باشترین چێژ لەو کارە وەردەگیرێت. ئەوەی لەم بابەتەدا باسی دەکەم هەڵسوکەوتی سێکسی گونجاوە بۆمرۆڤی سەدەی بیستویەکەم، هیوادارم بتوانم چەند لایەنێکی ڕوون بکەمەوە یان هەر نەبێت بیری کەسانێکی شارەزاتری بهێنمەوە کە ئێمە ئەمڕۆ چەندە پێویستییمان بەڕۆشنبیری سێکسییو هەڵسوکەوتی سێکسیی گونجاو هەیە.

زۆرکەس بەهەڵە لەهەڵسوکەوتی سێکسی خەڵکی خۆرئاوا تێدەگەن. بەداخەوە ئەوەش پەیوەندی بەدوورو نزیکی جوگرافییەوە نییە، بەڵکو پەیوەندی بەدوورو نزیکی ڕۆشنبیریو کولتوورییەوە هەیە، چەندەها کەس لەوانەی چەندەها ساڵە لەخۆرئاوا، واتە لەئەوروپاو ئەمریکا دەژین، بەڵام هەر کە کچەکەیان دەگاتە تەمەنی هەرزەکاری هەموو لەشیان دێتە خوروو دەکەونە تەنگەژەی «بەخوا تا زووە بگەڕێینەوە بۆلای خۆمان باشترە!». من بەرلەوەی ئەوروپا ببینم بۆچونێکم هەبوو دەمگوت: ئەوەی لەبن گوڵەبەڕۆژەکانی شارەزوورو داربەڕووەکانی قەرەداخو باخە ڕەزەکانی شاربازێڕو پشدەرو ناو باخە کودییەکانی دەشتی هەولێر دەکرێت، هەروەک ئەوە وایە لەپاریسو لەندەنو نیویۆرکو ستۆکهۆڵم دەکرێت، بەڵام ئەوەی جیاوازە پەیوەندی بەئاشکراییو نائاشکراییو جیاوازی بۆچوونی خەڵکییەوە لەکولتوورە جیاوازەکاندا بۆهەڵسوکەوتەکان، بەشادومانییەوە ئێستاش دوای حەوت ساڵ لەبەریتانیا هەر هەمان بۆچوونم هەیە.

مرۆڤ هەر وەک چۆن هەناسەدەداتو نان دەخواتو دەخەوێت هەر ئاواش لەکاتو ساتی خۆیدا ئارەزووی سێکسی دەجووڵێت، ئیتر ئەوە بەگوێرەی تەمەنو سەرقاڵیو دڵشادیی یان خەمۆکی ئەوکەسە یان هەبوونی بواری گونجاوو زانینی تەکنیکو هۆکاری جیاجیا لەشوێنێکەوە بۆشوێنێکی دیکە بەرزوو نزم، کەمو زیاد دەکاتو ئەو شەپۆلدانە پەیوەندی بەم باسەوە نییە. ئەوەی پەیوەندی بەم باسەوە هەیە ئەوەیە چۆن منداڵەکەت لەسێکس تێدەگەیەنیت، نەک چۆن بەدووری دەگریت لەفێربوونی خووی خراپ، وەک بەداخەوە هەندێک کەس تێیگەیشتوون، ئەمەش چەندەها کێشەی بەدوادا دێتو بەداخەوە زۆربەی هەرەزۆری بەرەو رووی ڕەگەزی مێ دەبێتەوە.


هوشیاری سێکسی کچو کوڕ هۆکاری مانەوەی خێزانە

کابرایەکی مەغریبی بەمجۆرە باسی هاوڕێکەی بۆکردم: هاوڕێیەکم هەیە لەبەلجیکا، کچێکی هەیە، هەرئەوەندە کچەکەی گەیشتە تەمەنی هەرزەکاری دەستیکرد بەلەبەرکردنی جۆرە جلوبەرگێکو خەریک بوو ئەملاو ئەولا بکات. ئەو زانی کە دایکیشی ڕێگر نییە لەبەردەمیدا هەربۆیە بەناوی پشووەوە بردنییەوە بۆ مەغریبو لەوێش بردنی بۆ گوندێک کە برایەکی لەوێ دەژی. پاسپۆرتەکانیانی دڕیو بەبراکەی وت: سەگێکم بۆ بدۆزەرەو ئەم سەگەی لێ مارە بکە، هەر سەگێک بێت قەی ناکات، با وەک سەگ مامەڵەی لەگەڵدا بکات. دوای ئەوەی خۆی گەڕایەوە بۆ بەلجیکا، ئێستا لەوێ دەژی. پێدەچێت لەوە خراپتریش لای خۆمان ڕووی دابێت، کە ئەویش کوشتنی ئەو ژنە یان کچەیە.

بەمجۆرە ئەوەی جیاوازە تێگەیشتنی مرۆڤە بۆپەسەندیو ناپەسەندی ڕەفتارەکان. دیارە خەڵکانێکی زۆر چەپڵەی ئافەرین بۆ هەڵوێستی پیاوانەی ئەو کابرا مەغریبییە لێدەدەن لەکاتێکدا کە چەندەهای دیکە وەک زۆردارو نەزانو بێڕەوشت سەیری دەکەن. دیارە کچەکەی ئەو لەمەغریب بەبێ ئارەزووی خۆی مارە کراوە لەکەسێک. هەر لەیەکەم شەوەوە کابرا دەستیکردووە بەلاقەکردنیو ئەمە بەردەوام دەبێت تا ئەوکاتەی کابرا چیدیکە توانای سێکسی نامێنێت. پێدەچێت وەک کاردانەوەیەک ئەو کچە چەندەها پەیوەندی نهێنی دیکە دروست بکاتو بەپێچەوانەی ئایینو کولتوورو کۆمەڵگاوە کاری سێکسی نهێنی ئەنجام بدات، ...تد، باوکیشی لەبەلجیکا ئەوە ئارەزووی خۆیەتی چۆن هەڵسوکەوت دەکات.

لەخۆرئاوا بێجگە لەکولتورو ئایین یاساو ڕێسای زۆر توندوتۆڵو تۆکمە هەیە بۆ ڕێکخستنی ژیانی سێکسی. دیارە ئەمە بەرهەمی گەشەی شارستانی چەندەها سەدەی ئەو کۆمەڵگایانەیەو بەردەوام پێیدا دەچنەوەو دەستکاری دەکەن، بیروڕای بیرمەندانو شارەزایانو خەڵکی لەسەر وەردەگرن، شێوازی پەروەردەی گونجاوی لێ هەڵدەهێنجن بۆمنداڵان، سزای لەسەر دادەنێن بۆ سەرپێچیکەران. ئەوانەی وا دەزانن ژنان لەخۆرئاوا لەلایەنی سێکسییەوە بەرەڵانو هیچ جۆرە کۆتو بەندێک نییە، باشترە سەیری هەڵسوکەوتی سێکسی پیاوانی کۆمەڵگاکانی خۆیان بکەنو بزانن، ئەگەر بەرەڵایی وابێت، پیاو لەکۆمەڵگا خۆرهەڵاتیەکاندا چەندە بەرەڵاو بێ کۆتو بەندە. لەڕاستیدا ژنان لەوێ بەرەڵا نین، بەڵکو مرۆڤنو خۆیان بڕیار لەسەر هەڵسوکەوتی خۆیان دەدەن، ئیتر چ باش بکەنو چ خراپ، خۆیان لێپرسراون.

شارستانی خۆرئاوایی چەندەها شتی لەناو یاسادا چەسپاندووە لەسەر هەڵسوکەوتی گونجاوی سێکس کە گرنگەکانیان ئەمانەن:

١. کەس بۆی نییە لەگەڵ منداڵ یان هەرکەسێکی خوار تەمەنی ١٦ساڵ بەگوێرەی یاسای ئینگلتەرە بۆئەو مەبەستە، هەڵسوکەوتی سێکسی بکات وەک:

- ماچکردنو لەباوەشگرتن بەبێ هەبوونی پەیوەندییەکی نزیکی وەها کە هیچ جۆرە تەمومژێک دروست نەکات.
- نیشاندانی لەشی ڕووتو ئۆرگانە سێکسییەکان بەمنداڵ.
- نیشاندانی وێنەی ڕووت یان وێنەگرتنی منداڵ بەڕووتی یان ڕووتکردنەوەو سەیرکردنی شوێنە تایبەتەکانی.
- دەست بۆبردن، بز پێوەکردنو نقورچک گرتن یان دەست بردن بۆ سنگو مەمکو ئۆرگانە سێکسییەکان چ کچ بێ چ کوڕ.
- گاڵتەو قسەی پەیوەندیدار بەسێکسی ئەوتۆ کە لەگەڵ تەمەنیدا نەگونجێت.
- ناچارکردنی بۆ سێکس لەهەر ڕێگایەکەوە بێت بەترساندنو تۆقاندنی یاخود هەڵخەڵەتاندنو قایل کردنی.
- قبوڵکردنی ئەنجامدانی سێکس لەگەڵ ئەو کەسە منداڵە بەبیانوی ئەوەی خۆی داوای کردووە، خۆی پێی خۆشە یان لەشولاری هەڵیدەگرێت یان هەر برو بیانویەکی دیکە.

٢. هەر جۆرە کارێکی سێکسی لەنێوان دوو کەسی گەورەدا، دەبێت بەرەزامەندی تەواوی هەردوولا بێت ئیتر ژنو مێرد بن یان بێگانە ئەنجام دانی ئەو کارە بەبێ وەرگرتنی ڕەزامەندی بە لاقەکردن (اغتصاب) دادەنرێت، لەبەریتانیا لەدوای مرۆڤکوشتن بەئەنقەست، دووەم گەورەترین تاوانەو هەندێجار سزای زیندانیی هەتاهەتایی لەسەرە.

٣. هەموو کەسێکی گەورە ئازادە لەڕێکخستنی ژیانی سێکسی خۆیداو خۆی لێپرسراوە لەهەڵبژاردنی ئەو شێوازو پەیوەندییەی پێکی دەهێنێت، ئیتر بەگوێرەی شەریعەتی ئیسلام بێت یان جولەکە، کریستیان بێت یان هیند، یان تەنها بەگوێرەی تۆماری فەرمی دەوڵەت یاخود تەنها وەک هاوڕێیەتییەکی کاتیی یان درێژخایەن بێت، نە کەس زۆری لێدەکاتو نە کەس بەری لێدەگرێت.

٤. هەرجۆرە دەست بۆبردن، خۆتێهەڵسون، یان کارێکی لەوجۆرە یان زۆرجار قسەو هەڵسوکەوتی وەهاش کە بەرانبەر بەبریندارکەر یان پەلاماردەرانەی بزانێت لەبارەی سێکسییەوە بەبێ ئەنجامدانی تەواوی جووتبوون، ئەوەش بەپەلاماری سێکسی یان کاری نابەجێی سێکسی دادەنرێتو سزای لەسەرە.

٥. ئەو کەسەی تاوانێکی سێکسی لەسەر ساغ ببێتەوە زۆر بەزەحمەت ناوی لە لیستی گومانلێکراوانی سێکسی دێتەدەرەوە، خۆ ئەگەر ئەو کارە لەگەڵ منداڵ بووبێت ئەوا بەدرێژایی ژیانی نابێت لەکارێکدا قبوڵ بکرێتو دابمەزرێت کە پەیوەندی هەبێت بەمنداڵەوە وەک خوێندنگە، باخچەی ساوایان، بنکەکانی گەنجان، پۆلیس، وەرگێڕان، شۆفێری تاکسیو ...تد.

٦. هەموو ئەو کەسانەی کە کارێک دەکەن پەیوەندی بەمنداڵ، گەنجان، کەسانی گەورەی کەمئەندامو بەتایبەتی کەمئەندامی مێشکو دەروون، کاری متمانەدارو پڕ نهێنی وەک پۆلیس، مامۆستا، وەرگێڕ، دوکتۆر، پەرستیار، شۆفێری تاکسیو... تد، دەبێت بەڵگەنامەی بێتاوانی پێشکەش بکەن. ئەم بەڵگەنامەیە لەبریتانیا لەلایەن نوسینگەی تۆمارکردنی تاوان CRBوە ئامادە دەکرێت، یەکەم شوێن کە بۆناوی ئەو کەسە دەگەڕێن لیستی تاوانبارانی سێکسییە بەرانبەر بەمنداڵ دوای ئەوە، لیستی تاوانە سێکسییەکانە بەگشتی.

بەسەرنجدانی ئەو لیستە بۆمان دەردەکەوێت کە ئەو کۆمەڵگەیە سێکسی ڕێکخستووەو ڕێبازێکی سێکسی گونجاوی داناوە بۆئەوەی کەئەندامانی کۆمەڵگەکەی یان هەرکەسێکی دیکە کە بۆماوەیەکی درێژ یان کورت لەناو ئەو کۆمەڵگەیەدا بژی پەیڕەوی بکات. دیارە من ناڵێم ئەو کۆمەڵگەیە شامی شەریفەو هیچ کێشەیەک تێیدا ڕوونادات. تاوان هەر وەک نەخۆشیو ڤایرۆسو میکرۆبەو لەهیچ شوێنێک بنبڕناکرێت، بەڵام لەشوێنێک ئەگەر ئەو کارە ئاشکرا ببێت سزای توندی یاسایی لەسەرە.

بۆخوێندنەوەی درێژەی ئەم بابەتە بڕوانە 19

# توڕەبوون و مێشک

عەبدوڵا تۆفیق
پسپۆڕی ڕاهێنانە دەروونییەکان ـ سوید

هەریەکێک لەئێمە هەندێجار تووڕە دەبێت، لەبەرئەوەی توڕەبوون هەستێکی سروشتیە بۆ دەربڕینی ناڕەزایی لەو شتانەی بەپێچەوانەی ویستەکانی ئێمەوە دەڕوات، ئەم هەستەش لەبەشێکی مێشکمانەوە سەرچاوە دەگرێت کە ناودەبرێت بە ئەمیگەدال، لەم بەشەوە ئاماژەکان وەردەگیرێنو دەنێردرێن بۆ زۆر بەشی تری مێشک. ئەم بەشەی مێشک بەهۆی توڕەبوونەوە کاریگەری دەکەوێتەسەر، بۆنمونە لەکاتێکدا کەسێک لەتۆ توڕە دەبێت تۆش خێرا کاردانەوەت دەبێتو توڕەدەبیتەوە، ئەوەش ئەمیگەداڵە وادەکات لەڕوخساری کەسێکی تر تێبگەین.

ئەگەر توڕەبوون سنوردار نەبێتو بەخێرایی لەوبارە گرژییەیدا دەرباز نەبین، کاردانەوەکان زۆرخراپ دەبن. ئەوە شتێکی باشە ئەگەر تۆ بتوانی بەشێوەیەکی باش هەستی خۆت بڵێی بەرامبەر ئەو کەسەی کە خراپەت بەرامبەر دەکات، بەڵام هەندێجار توڕە بوونەکە ئەوەندە زۆرە کە نازانیت ئەو توڕەبوونە بەرەو کوێ دەتبات، هەربۆیە لەم بارەدا مەترسییەکان زۆردەبنو ئەگەری کاردانەوەی خراپی دەبێت لەسەر کەسە توڕەکەو دەوروبەری.

لەو کاتەدا کە تۆ توڕەدەبیت وەک یەکەم هەنگاو پێویستە خۆت بەئاگا بیت لەهۆی توڕە بوونت، پاشان بەهەر هۆیەکەوە بێت تۆ بەئاگابە لەکاردانەوە فسیۆلۆژیو سایکۆلۆژییەکان کە لەجەستەدا ڕوودەدەنو هەست بەگۆڕانکاریەکانیان بکەو بزانە بۆ نمونە: هەناسەدانت چۆنە؟ ئایا بەسنگتو شانت هەناسەدەدەیت یان بەبەشی خوارەوەی سنگت ـ سکت؟ ئایا دەلەرزیت؟ عارەقت کردۆتەوە؟ دەنگت بەرز بووە؟ کۆنترۆڵت ماوە بەسەر ئەوەدا کە دەیڵێیتو دەیکەیت؟ ئایا ئەوە خودی خۆتە؟ پێتخۆشە بەو شێوەیە بیت؟

هەرکاتێک ئەم گۆڕانکارییانەت هەست پێکردو نەتویستن، ئەوا دەتوانی بەئاگایانە کار بکەیت لەگەڵ خۆتدا، ئەویش کردنی شتێکی باشە بەخوو بۆ خۆت لەباری توڕەبوونتدا، بۆنمونە: زۆر کەس لەکاتی توڕەبوونیاندا بەچەند هەناسەیەکی قوڵو هەناسەگرتنیانو پاشان هەناسەدانە دەرەوەیان کەچەند جارێک ئەمە دووبارە دەکەنەوە هەتا دەبێتە خویەکی باش بۆیان، دەتوانن بەم شێوە تەکنیکە خۆیان خاوبکەنەوە یان دەتوانی دەستی چەپت یان ڕاستت بەتوندی بنوقێنیتوهەناسەیەکی قوڵ هەڵمژیت، چەند چرکەیەک بوەستەو پاشان دەستت شل بکەرەوە لەگەڵ هەمو لەشتدا، کە ئەمە دەکەیت دەبێت ئەو هەستە بۆ خۆت دروست بکەیت، تۆ ئەو کارە دەکەیت بۆ ئەوەیە کە خێرا خاو ببیتەوە. زۆر کەس لەکاتی توڕەبوونیاندا دەتوانن بەخێرایی خاو ببنەوە، بەهۆی ئەوەی کە ئەوان ئەوەیان کردووە بە خوو، هەرکاتێک هەستییان کرد واخەریکە توڕەدەبن دەستبەجێ لە ١ بۆ ١٠ دەژمێرن کە گەشتنە ژمارە ١٠ ئەوان تەواو خاوبونەتەوە یاخود ئەو شوێنە بەجێبهێڵەو پیاسەیەکی دەرەوە بکە، بۆنمونە لەپارکێکدا یان لەشوێنێکی هێمندا، ئەوەش کارێکی باشو کاریگەرە ئەگەر بتوانن قسە بکەن، لەبارەی ئەوەی ئێوە لەسەرچی توڕەدەبنو لەوکاتەدا بەرامبەرەکەت چی بکات بۆئەوەی زۆر نەخایەنێت.

توڕەبوون زۆرجار ئاکامی خراپی لێدەکەوێتەوەو کاریگەری ڕاستەوخۆی دەبێت لەسەر شێوەی ژیانو تەندروستیمان. ئەگەر کەمێک بەئاگایانە لەتوڕەبوونی خۆمان بڕوانینو لەئاوێنەیەکەوە سەیری خۆمان بکەین لەوانەیە بەتەواوی واز لە توڕەبوون بهێنین، لەبەرئەوەی لەو کاتانەدا تەواو ڕوخسارت دەگۆڕێتو ئارەزووی بینینی خۆت ناکەیت، کەوابوو بەرامبەرەکەت چۆن تۆ دەبینێت؟ ئەی کەسایەتیمان بەرەو کوێ دەڕوات؟ ڕاهێنانێک بۆخۆت بدۆزەرەوەو لەلای خۆت تۆماری بکەو بیکە بەبەرنامە، بۆئەوەی زاڵ بیت بەسەر توڕەبوونتدا.

# پاسکیلێکی ئەلکترۆنی بەبێ سوکان

ژیر شاهۆ



لە راستیدا ئەو سیستمە کە وەک سکەیت کاردەکاتو خێراییەکەی زۆر لەسکەیت زیاترە، زۆر هاوشێوەی پاسکیلە.

ئەو پاسکیلە پاترییەکی ئەلکتریکی لەسەرە، بۆئەوەی دوای خەزنکردنی کارەبا، بتوانێت وزەی پێویست بۆ رۆیشتن بەرهەم بهێنێت.

ستۆپەکانی ئەو پاسکیلە ئەلکتیریکییە، دیسکییە تا بتوانێت لەکەمترین ماوەدا رایبگرێت. ناوی ئەو پاسیکلە Freestyle Dirtsurferە. هەروەها میمۆرییەکی مەجازی هەیەو دوای خەزنکردنی فایلە دەنگییەکان، لەرێگەی هیدفۆنێکی تایبەتەوە بۆ بەکارهێنەرەکەی پەخشدەکات.

بەو شێوەیەی کە داهێنەرانی باسی لێوەدەکەن تائێستا نمونەیەکی هاوشێوەی ئەو پاسیکلە درووست نەکراوە.

پاسیکلی Freestyle Dirtsurfer ئێستا نرخی ٤٥٠دۆلارەو لەبازارەکانی ئەمریکادا دەفرۆشرێت.

# بەکارهێنانی مۆبایل دەبێتە هۆی تووشبوون بەشێرپەنجەی مێشک؟

بەهار سنەیی



لێکۆڵینەوەیەکی نوێ کە لەبواری بەکارهێنانی مۆبایل ئەنجامدراوە، ئەوە دەردەخات کە بەکارهێنانی ئەو ئامێرە بۆماوەیەکی کورت، نابێتە هۆی تووشبوون بەشێرپەنجەی مێشک.

بەپێی هەواڵێکی سایتی کانسەر ریسرچەر، لێکۆلەرانی دامەزراوەی لێکۆڵنەوەی Institute of Cancer Epidemiology رایانگەیاندووە کە رێژەی تووشبون بەشێرپەنجەی مێشک، لەوڵاتانی دانیمارک، فینلەنداو نەرویجو سوید ساڵانە ٢٠٪ە. ئەو لێکۆڵەرانە بۆیان دەرکەوتووە کە ٥٩هەزارو ٩٨٤پیاوو ژن لەنێوان ساڵانی ١٩٧٤ تا ٢٠٠٣ تووشی شێرپەنجەی مێشک بوون. بەکارهێنانی مۆبایل لەدەیەی نەوەدەکاندا لەهەر یەک لەو وڵاتانە زیادیکرد، بەڵام رێژەی تووشبوون بەشێرپەنجەی مێشک لەنێوان ساڵانی ١٩٩٨و ٢٠٠٣دا گەشەی نەکردووە، هەرچەندە چاوەروان دەکرێت بەکارهێنانی مۆبایل لەماوەی ٥ تا ١٠ ساڵدا ببێتە هۆی زیادبوونی تووشبوون بەشێرپەنجە. ئەو لێکۆڵینەوەیەو لێکۆڵینەوەکانی دیکەی ئەو بوارە، ئەوە ئاشکرا دەکەن کە بەکارهێنانی مۆبایل لەکورتماوەدا نابێتە هۆی شێرپەنجەی مێشک.

# HTC بیست مودێلی نوێی هاند دەخاتە بازارەوە

ئارمەند جەعفەر




کۆمپانیای تایوانی HTC لەهەواڵدایە ٢٠ مودێلی نوێی هاند کە ئۆپەرتینگ سیستمی ئاندرۆییدی گووگڵیان لەسەرە بخاتە بەردەست.

بەپێی هەواڵێکی سایتی تاپتن بە لەبەرچاوگرتنی ئەوەی کە ناوی ژمارەیەک هاندی نوێی HTC لەئینتەرنێتدا بڵابووەتەوە، زۆر سەیر نییە کە ئەو کۆمپانیا تایوانییە بتوانێت ئەو بڕیارەی خۆی جێبەجێ بکات.


هاندی HTC Sense یەکێکە لەو هاندانەی کەبڕیارە لەسەر بنەمای ڤێرژنی ٢،١ ی ئاندرۆیید درووست بکرێت. وادیارە HTC بەهیوایە بەو هاندە هۆشمەندە لەسەر بنەمای پرۆسێسەرێکی یەک گیگاهێرتزی GHz Snapdragon١ی کولهام بەناوی ROM دروست بکات، ئەوەش لەکاتێکدایە کە هێشتا زانیاری زیاتر سەبارەت بەو هاندە بڵاونەکراوەتەوە.

ئاندروید ئۆپەرتینگ، سیستمی مۆبایلو ئامێرە هەڵگرەکانە کە بەمدواییانە لەلایەن گوگڵەوە دروستکراوەو تائێستا زۆرێک لەکۆمپانیا بەناوبانگەکانی بەرهەمهێنەری مۆبایل هەوڵ دەدەن ئەو ئۆپەریتینگ سیستمە لەبەرهەمەکانی خۆیاندا بخەنە بەردەست.

# بلوتوس ... جیهانی پەیوەندی بێ کێبڵ

محەمەد رەسوڵ کەریم

**بەشی دووەمو کۆتایی**




### پیکۆنێت یان تۆری وایەرلێس

کاتێک ئامێرێک بلوتوسی هەیەو دەچێتە سنوری ئامێرێکی دیکەوە، یەکەمین کارێک کە ئەنجامی دەدات ئەوەیە کە ئایا زانیارییەکی بۆ بەئیشتراک دانان یان فەرمانی بۆناردن هەیە یاخود ناو ئەو رەوتە بێ هیچ جۆرە دەستوەردانێکی بەکارهێنەر ئەنجام دەدرێت.

ئەو ئامێرانەی کە بلوتوسیان لەسەرە پێکەوە لەیەک سنوردا پەیوەندی دەبەستن یەک پیکۆنێت یان تۆری وایەرلێسی کەسێتی پێکدەهێنن کە تێیدا ئامێرەکان فرێکیۆنسەکانیان یەکپارچە دەکەن تا پێکەوە پەیوەندی ببەستن. بەسوووەرگرتن لەو ناونیشانانەی ئامێرەکانی بلوتوسیان هەیە، درووستکردنی چەندین پیکۆنێتی جیاواز لەسنورێکی دیاریکراودا شتێکی ئاساییە. لەئاکامدا ئەگەری تەداخولی ئامێرەکان لەیەک شوێندا نییە، چونکە تۆڕی بلوتوس هەر جۆرە داتایەکی نێردراو لەئامێرەکانی دەرەوەی سنورەکەی وازلێ دەهێنێت.

ناونیشانەکانی ئەو ئامێرانەو بەرنامەکانی کە فەرمان بەو ئامێرانە دەدات تا لەسنوری خۆیاندا کاربکەن، دەتوانرێت بەدەستی پرۆگرام نووسەکانەوە زیاتر بکرێتو توانای گواستنەوەی داتا لەئامێرەکانی بلوتوسیدا باشتربکات.

### نەوەی نوێ

ڤێرژنی ٣،٠ ی بلوتوس بەشێوەیەکی بەرچاو خێراییەکی زیاتری هەیە بۆ گواستنەوەی وێنە، ڤیدیۆ، موزیکو فایلەکانی دیکە لەماوەی چەند چرکەیەکدا دەدۆزێتەوە.

یەکێک لەو رێگایەنەی کە بلوتوسی ٣،٠ خێرایی گواستنەوەی فایلەکان زیاد دەکات، بەکارهێنانی پەیوەندی وایەرلێسی وای - فایە لەرێگەی پرۆتۆکۆلی ٨٠٢،١١ Adaption Layer، واتە بەسوودوەرگرتن لەئامێرێکی بلوتوسی ٣،٠ دەتوانرێت لەگەڵ ئامێرێکی دیکە پەیوەندی ببەسترێت، ئەوکات لەوای - فای بۆ گواستنەوەی فایلەکانو داتاکان بەسوود دەبێت، خۆئەگەر وای فای نەبوو ئەوکات دەتوانرێت بلوتوس بەکاربهێنرێت.

ڤێرژنی نوێی بلوتوس کۆمەڵێک تایبەتمەندی هەیە کە رێگە دەگرێت لەپچڕانی پەیوەندییەکان، تەنانەت لەڤێرژنی نوێی بلوتوسدا ئەگەر ئامێرەکەشت بخەیتە گیرفانتەوە، پەیوەندییەکە ناپچڕێت.

### بلوتوس لەبەرامبەر ئینفرارێد

خاڵی باشتربوونی بلوتوس لەچاو تەکنۆلۆژیاکانی دیکەی پەیوەندی برتییە لە هەرزانبوون، وایەرلێس بوونو ئۆتۆماتیک بوون. تەکنۆلۆژیایەکی گواستنەوەی داتا کە بکرێت لەگەڵ بلوتوس بیخەیتە تای تەرازووەوە IrDA یان ئینفرارێدە، بەڵام کێشەیەکی گەورە لەئینفرارێدا ئەوەی کە دەبێت ئامێرەکان لەبەرامبەر یەکتر دابنێی تا داتا بگوازرێتەوەو ئامێرەکانی کە ئینفرارێدیان لەسەرە تەنیا دەتوانرێت بەریمۆت کۆنترۆڵ بسوڕێننو رووی بکەنە یەکتر یان پۆرتەکانی ئینفرارێدی هەردوو ئامێرەکە بەجۆرێک دابنێن کە روویان لەیەکتر بێت، ئەوەش لەکاتێکدا کە ئامێرە بلوتوسییەکان تەنانەت ئەگەر لەدوو ژووری جیاوازیشدابن، دەتوانن پێکەوەی پەیوەندی ببەستنو داتا بگوازنەوە.

تەکنۆلۆژیای ئینفرارێد، پەیوەندی لەگەڵ تەنیا یەک ئامێر دەبەستێتو بەمشێوەیە ریمۆت کۆنترۆڵی ئینفرارێد لەیەک کاتدا تەنیا دەتوانێت یەک ئامێری ئەلکترۆنیکی کۆنترۆڵ بکات، ئەوە لەکاتێکدا ئامێرە بلوتوسییەکان لەهەر کاتێکدا دەتوانن بەچەندین ئامێری جۆراوجۆر پەیوەندیان هەبێت.

بەوحاڵەشەوە هەموو ئەو ئامێرە ئینفرارێدییەکان کەمتر لەئامێرە بلوتوسییەکان ئەگەری تەداخولیان هەیەو دەتوانن دڵنیابنو بێ هیچ کێشەیەک داتاکان دەگەیەنە ئامێرەکە، هەڵبەت بەباشتربوونی تەکنۆلۆژیای بلوتوس، ئەگەری دەستوەردانی گەیەنراوەتە کەمترین ئاستی خۆی.

### رکابەری نوێ

ترانسفرجت کە پێویستی بە کۆد نییەو سەد بەرامبەر خێراتر لەبلوتوس کاردەکات، وەک ستانداردی نوێی پەیوەندی وایەرلێس کە کێشەی کەمتری هەیەو جێگەی دڵنیاییە، بەرکابەری نوێی بلوتوس دێتە ئەژمار.

ئەو تەکنۆلۆژیایە کە لەلایەن سۆنییەوە درووستکراوە، لەشەپۆلەکانی کەمهێزو باندی زۆر پانی UWB بۆناردنی داتا ٣٧٥ مێگابایت لەچرکەیەکدا لەمەودای نزیکەی سێ سانتی مەترەوە سودوەردەگرێتو لەلایەن گەورە کۆمپانیاکانی بواری تەکنۆلۆژیا وەک سامسۆنگ، توشیبا، پاناسۆنیک، کۆداکو هیتاچی پشتیوانی لێدەکرێت.


ئەو ستانداردە وایەرلەسە بەڵێن دەدات رەوتی پڕ زەحمەتی پەیوەندیکردنی ئامێرەکان لەگەڵ تەکنۆلۆژیایەکی نوێ بگۆڕێت کە تێدا بەکارهێنەران تەنیا پێویستە دوو ئامێرەکە لەپاڵ یەکتر دابنێنو دیاری بکەن کە کام داتا دەبێت بگوازرێتەوە؟

بەهۆی ئەوەی ترانسفۆرجێت لەپەیوەندی مەیدانی نزیک یان NFC سوودوەردەگرێت، پێویستە دوو ئامێرەکە پێکەوە بنوسێن تا تایبەتمەندی دزینی داتا لەرێگە دوورەوە زۆر سەخت بکرێت.

### ئاسایش

لەئێستادا تەواوی تەکنۆلۆژیاکانی پەیوەندی لەگەڵ کێشەی هەرێمی کەسێتیو دزینی داتا رووبەڕوونو بلوتوسیش لەو کێشەیە بێبەری نییەو وەک هەر تەکنۆلۆژیایەکی پەیوەندی دیکە، پێویستی بەپێشگیری ئاسایشی هەیە. هەر چەندە هەواڵی ناخۆش سەبارەت بەئاسایشی بلوتوس دەبیسرێت، بەڵام بەسوودوەرگرتن لەتایبەتمەندییەکانی کە بۆ سوودوەرگرتنی ئاسایش لەبلوتوس خراوەتەڕوو، دەتوانرێت لەکێشەکانی کە ڕەنگە بێنە پێشەوە پێشگیری بکرێت. بۆ دزەکردنە ناو ئامێرێکی بلوتوسی، هاکەرەکان ناچاران بچنە ناو سنوری ئەو ئامێرانەوەو سوود لەکۆمەڵێک ئامێری زۆر تایبەت وەربگرن کە لەرووی نرخەوە گرانن. پێشنیاز بۆ بەکارهێنەران بۆدژوارکردنی ئەوکارە، ئەوەیە کە پێنکۆدی هەشت ژمارەیی بەکاربهێنن.

# تاقیکردنەوەی یەکەمین دەستی بیونیک کە فەرمان لەمێشکەوە وەردەگرێت



هەناسە شێرزاد

لێکۆڵەرە ئیتالییەکان دەستێکی بیونکیان بۆ گەنجێکی ئیتالی - برازیلی دروستکردوەتەوە کە دەتوانێت لەگەڵ مێشکییدا پەیوەندی ببەستێتو هەستەکان درک پێبکات.

نزیکەی دوو مانگ لەمەوبەر لێکۆڵەرە ئەوروپییەکان یەکەمین دەستی بیونکیان - توانای لەمسکردنو گرتنی شتەکانی هەبوو - لەسەر گەنجێکی سویدی بەسەرکەوتوویی تاقیکردەوە کە دەستی خۆی بەهۆی شێرپەنجەوە لەدەستدابوو. ئەو دەستە بەبێ ناشتنی ئەلکترۆد لەسیستمی ئەعسابو پەیوەندی راستەوخۆ لەگەڵ مێشک کاری دەکرد.

ئێستا لیکۆڵەرانی زانستگەی باڵای سەنت ئانا لەناوچەی پیز، دەستێکی بیونیکی پێشکەوتوویان لەو گەنجە ئیتاڵی - برازیلییە دروستکردووەو لەئێستادا ئەو گەنجە دەتوانێت ئەو ئەندامە دەستکردەی لەشی، بەمێشکی خۆی کۆنترۆڵ بکات.

ئەو دەستە بیونییکە پێنج پەنجەی سەربەخۆی هەیەو بەیارمەتی چوار ئێلکترۆد کە بەنەبزو باسکییەوە بەستراوە، دەتوانێت لەگەڵ مێشکیدا پەیوەندی ببەستێت. بەوجۆرە ئەو کەسە نەک بەتەنیا دەتوانێت جوڵەی دەستە بیونییکەکەی کۆنترۆڵ بکات، بەڵکو دەتوانێت هەستیشی پێبکات.

ئەو دەستە بیونییکە دەرەنجامی پرۆژەیەکی گەورەی ئەورپییە بەناوی لایف هەند، کە بۆماوەی پێنج ساڵو بەبوجەیەکی دوملیۆن یۆرۆیی، جێبەجێ دەکرێت.

بە پێی راپۆرتی لارپۆبلیکا ئەو دەستە نزیکەی دووکیلۆگرام کێشی هەیەو پەنجەکانی لەئەلۆمینیۆمە، ئەو میکانیزمانەی کە جوڵەی ئەو دەستە جێبەجێ دەکات لە پۆڵایە، ئەوەش لەکاتێکدا کە لەپی دەستەکەو پێستەکەی لەفایبەری کاربۆنی دروستکراوە.

ئەو گەنجە تەمەن ٢٦ساڵەیە کە بەهۆی رووداوی ئۆتومبێلەوە دەستی خۆی لەدەستدابوو، لە ٢٠ نۆڤەمبەری پارەوە ئەو نەشتەرگەرییەی لەسەر ئەنجامدراوە.

# فەیس بوکو یاهو پەرە بەخزمەتگوزارییەکانیان دەدەن

دەڤەر هاشم

پێگەی ئەلکترۆنی یاهو، رێگە بە بەکارهێنەرانی خزمەتگوزارییەکان ئیمەیل دەدات، بەئیشتراکدانانی وێنەو خزمەتگوزارییەکانی دیکەی، توانای ئەوەی دەبەخشێت تا ناوەڕۆکی چالاکییەکانیان راستەوخۆ بۆ فەیسبوک لینک بکەن.

پشتیوانی یاهو لەخزمەتگوزاری Face book Connect کە بەپێی راگەیاندیاندنەکان پێدەچێت لەنیوەی یەکەمی ساڵی داهاتووەوە دەست پێبکات، هەنگاوێکی گرنگە لەهەوڵەکانی یاهو بۆ سودوەرگرتن لەخۆشەویستی تۆڕی کۆمەڵایەتی، ئەوەش لەکاتێکدایە کە پێگەی کۆمەڵایەتی فەیسبوک لەئێستادا ٣٥٠ ملیۆن بەکارهێنەری لە سەرانسەری جیهاندا هەیە.

لەمانگە سەرەتاییەکانی ئەمساڵدا، یاهو لەبەشێک لەچاکسازی لاپەرەی سەرەکی خۆیدا توانای بینینی راستەوخۆی پەیامەکانی کە لەلایەن هاورێکانەوە لەفەیسبوکدا نێردراوە، لەلاپەڕەکەیدا خستە بەردەست بەکارهێنەرانی.

یاهو، پێشبینی ئەوە دەکات کە ئەو بابەتو وێنانەی بەکارهێنەران لە فەیسبوکدا بەئیشتراک دایدەنێن، میوانی زیاتر بۆئەو سایتە رادەکێشتێت.

خزمەتگوزاری Face book Connect کە ساڵی رابردوو نمایشکرا، رێگە بە بەکارهێنەران دەدات بچنە ناو ئەو وێب سایتانەوە کە لەو خزمەتگوزارییەدا لەگەڵ فەیس بوک هاوبەش بوونو چالاکییەکانیان لەسایتەکانی هاورێکانیاندا بڵاوبکەنەوە.




# پەیوەندی ئەلکترۆنی باشترە یان بینینی رووبەڕو؟



ژیلا سامی

سەنتەری لێکۆڵینەوەی eMarketer لەراپۆرتێکدا سەبارەت بەدواهەمین لێکۆڵینەوەی خۆی رایگەیاندووە کە نەبوونی رێگر لەجیهانی ئۆنلایندا بووەتە هۆی ئەوەی تائێستا بەکارهێنەران هەڵسوکەوتی جیاوازیان لەو جیهانەدا بەنیسبەت جیهانی ئۆفلاین هەبێت.

راپۆرتێکی سایتی سی نێت، ئەوەی ئاشکراکرد کە بەپێی لیکۆڵینەوەکان ٤٣٪ی بەکارهێنەرە ئۆنلاینەکانی ئەمریکا لەو بڕوایەدان لەجیهانی ئۆنلایندا بۆ یەکتربینین رێگری کەمتر هەیەو لەو نێوەندەدا جیهانی ئۆنلایەن لەسەر ئەو بەکارهێنەرانەی تەمەنیان لەنێوان ٢٥ تا ٥٤ساڵدایە کاریگەری زیاتر دادەنێت هاوکات شارەزایان ئەوەشیان نەشاردوەتەوە کە نەبوونی رێگر لەجیهانی ئینتەرنێتیدا دەتوانێت لەیەک کاتدا کاریگەری پۆزەتیڤو نێگەتیڤی هەبێت.

ئەو لێکۆڵینەوەیە نیشانی دەدات کە ٥٥,٦٪ی پیاوانو ٥١,٤٪ی ژنان لەوبڕوایەدان جیهانی ئینتەرنتێت هەلی بینینو ناسینی کەسانی نوێیان بۆ دەخاتە بەردەست.

هەروەها ئاماژەیان بەوەشداوە کە بەکارهێنەران، ئینتەرنێت بەکاردەهێنن بۆبەهێزکردنی خۆیانو ئەنجامدانی ئەو کارانەی حەزیان لێیەتی.

هەر بەپێی ئەو لێکۆڵینەوەیە ٣٣,٩٪ی ئەو پیاوانەی لەو لێکۆڵینەوەیەدا بەشدارییان کردبوو، لەگەڵ ٢٩,٢٪ی ژنەکان، پێیانوایە ئەو کارانە لەئینتەرنێتدا ئەنجامیدەدەن لەجیهانی ئۆفلایەندا ناتوانن ئەنجامی بدەن، هاوکات ٤٨,٧٪ی کەسانێک کە لەو لێکۆڵینەوەیەدا بەشداریان کردووە لەوبڕوایەدان پەیوەندی ئەلکترۆنیک باشترە لەپەیوەندی رووبەڕوو، چونکە جێگەی دڵنیاییەو زیاتر یارمەتیان دەدات.

# ئامێرێک بەهەشت زمان شانۆگەریی نمایش دەکات

ئایە محەمەد

کۆمپانیایەکی بەریتانی بەمدواییانە ئامێرێکی هەشت زمانی خستووەتە بازارەوە کە پێشبینی دەکرێت لەلایەن هەوادارانی شانۆوە پێشوازی گەرمی لێبکرێت، چونکە ئەو وەرگێڕە دەتوانێت دیالۆگەکانی ناو شانۆگەرییەکە لەیەک کاتدا بەهەشت زمان وەرگێڕێت.

بەپێی راپۆرتی بی بی سی، شانۆگەری Hairspray یەکێکە لەشانۆگەرییە موزیکالەکان کە بۆماوەی سێ ساڵ لە لەندەن نمایشکراوەو یەکەمین شانۆگەرییە کە ئەو ئامێرەی بەکارهێناو خستییە بەردەست بینەرەکانی خۆی.

ئەوئامێرە، دیالۆگە وەرگێڕدراوەکان لەسەر شانۆییەکە یان لەسەر شاشەکەی خۆی نمایش دەکاتو بەمشێوەیە بینەرەکانی دیکەش بێزار ناکات.

شاشە رەشەکەی ئەو ئامێرە دیالۆگەکان بەزمانەکانی فەرانسی، ئەڵمانی، ئیتاڵی، ئیسپانی، رووسی، ژاپۆنی، چینیو ئینگلیزی نمایش دەکات.

هۆکاری رەش بوونی شاشەکەشی بۆئەوە دەگەڕێتەوە کە تیشکی شاشەکە کەم بێتو کەسانی دەوروبەر بێزار نەکات.

یەکێکی دیکە لەئامانجەکانی داهێنانی ئەو وەرگێڕە بۆ کەسانێکە کە کێشەی بیستنیان هەبێو توانای بیستن یان باش بیستنی دیالۆگەکانی شانۆیان نەبێت.

وەرگێری AirScript لەلایەن کۆمپانیایەک بەناوی CCBیەوە داهێنراوەو تەکنۆلۆژیای وایەرلێسی لەسەرە. سوودوەرگرتن لەو ئامێرە بۆ بینەرەکانی شانۆگەرییەکە نزیکەی ١٠ دۆلاری تێدەچێت.



# پاشماوەی.... ئەو «نازدار»ەی..

.... کە بەبێ رازی بوونی خۆم، پەلاماری دابێتمو دەستدرێژی کردبێتە سەرم، راستە ... پەیوەندییەکەمان نەگەیشتە ئەوەی کچێنیم لەدەست بدەم، چونکە لەدواوە لەگەڵمدا جووت بوو بواری ئەوەم نەدا لەپێشەوە لەگەڵمدا بخەوێت، بەڵام لەڕووی جەستیەوە زۆر ئازاری دام، بەشێوەیەک ئەو کارەی لەگەڵ دەکردم کە هەستم بەئازاری زۆر دەکرد لەلەشمدا، بۆدڵنیابوونەوەشم لەوەی کچێنییم ماوە، سەردانی دکتۆرم کرد.

دوای ئەوەی هاوار نکۆڵی تەواوی کرد لەوەی ئەو کارەی لەگەڵ مندا کردبێت، لەلایەن ڕێکخراوەکەوە پشتگیری ئەو دەکراو لەوێش من تاوانبار دەرچووم!!

دوو جار هەوڵی خۆکوشتنم دا

دوای ئەوەی ماڵەوە بەکێشەکەیان زانیم لەڕێگەی ئەو خوشکەمەوە کە چومەماڵەکەی لەگەڵ هاوار، باوکمو هەموو ئەندامانی خێزانەکەم ئاگاداری کێشەکەم بوونو بەردەوام لەلایەن کەسوکارمەوە قسەم پێدەوتراو ئیهانە دەکرام، باوکم دووجار زۆر بەسەختی لێیدام، بەهیچ شێوەیەک ئەوەی پێ قبوڵ نەدەکرا کە نازەی کچی بەو شێوەیە لەلایەن کەسوکارییەوە باس بکرێت، چونکە هەموو کەسێک ئاگاداری کێشەکەم بوو، تا گەیشتە ئەوەی کاتێک داواکارێکم هاتبوو پرسیاری لەسەر من کردبوو لای خزمێکمان، یەکسەر باسی پەیوەندییەکی منو هاواری بۆکردبوون، ئیتر ئەوانیش زۆر بەزوویی لەداواکردنەکەم کشانەوە، هەربۆیە بەبیستنی ئەو هەواڵە زۆر روخام، وام بیردەکردەوە کە ئەو کێشەیەم هەموو ژیانی لێسەندوم، هەموو شەرەفو ئەخلاقی لێسەندوم لەناو کۆمەڵو کەسوکاردا باش سەیر نەدەکرام، وەڵامدانەوەی هاواریش بەو شێوەیەو چەندەها شتی بێزارکەر کە بەسەرمدا هات بونە هۆکارێک بۆ بیرکردنەوەم لەوەی خۆم بکوژم.

چەند جارێک هەوڵی خۆکوشتنم دا. جاری یەکەم لە ژورەکەمدا دوو دەستە حەبم هێناو بەجارێکو بەگریانەوە هەموو دوودەستە حەبەکەم خوارد، دوای ئەوە هەستم بەسک ئێشەیەکی زۆر کردو نەمتوانی بەپێوە بوەستم، ئەوەبوو دایکم پێیزانیمو پاکەتی حەبەکانی بینی، بەپەلە لەگەڵ خوشکەکەمدا بردیانمە لای دکتۆرو مەعیدەیان بۆ شتمەوە، شوکور بۆ خوا ڕزگارم بوو نەمردم.

ئەو ڕێکخراوەی سەردانم کردبوون بۆ چارەسەری کێشەکەم بۆماوەی دوو هەفتە مامەوە لەوێ، لەو ژورەی تێیدا بووم کە بۆ من وەک زیندان وابوو، لەو کاتەی تەواو بێهیوا بوومو هەستم بەوە کرد هیچ کەسێک نییە بەرگریم لێ بکات، بۆجاری دووەم هەوڵی خۆکوشتنم داو چەقۆیەکم لەمەتبەخەکە هێناو ئەو دەمارەی لەسەر ملمە بڕیم، خوێنێکی زۆری لێهاتو خوێنەکە بەهەموو ملمدا بڵاوبۆوەو هۆشم لای خۆم نەما، بەڵام کە چاوم کردەوە زانیم هاوڕێکانی ژورەکەم پێیان زانیوەو ئەو شوێنەی بڕیبوم بەهەشت تەقەڵ بۆیان دورییمەوە.

ڕێکخراوەکانی ژنان وەک یەک نین

دوای دوو هەفتە مانەوەم لەو ڕێکخراوە، بڕیارمدا لەو شەڵتەرە نەمێنمەوە. لێرەدا نامەوێت بەخراپ باس لەڕێکخراوەکانی ژنان بکەم، چونکە ناتوانین حوکم بەسەر هەموو ڕێکخراوەکاندا بدەینو بەخراپ باسیان بکەین، بەڵگەم بۆ قسەکەم ئەوەیە، دوای بەجێهێشتنی ئەو ڕێکخراوە، لەڕێگەیەکی ترەوە ڕێکخراوێکی یاسایی ژنانم ناسی، کە لەڕێگەی پارێزەرەکەیانەوە زۆر هاوکارم بوونو کێشەکەی منیان وەک کێشەی خۆیان سەیر دەکرد.

تائێستا کێشەکەم لەدادگایەو داوای مافی خۆم دەکەم، بۆئەوەی بتوانم هەقی خۆم لەو کەسە بسێنمەوە کە بووە مایەی شکاندنی کەسایەتیم لەناو کۆمەڵگەو لەو چواردەورەی تێیدا دەژیم، ئەوەش لەڕێگەی یاساو پارێزەری تایبەتەو چارەسەر دەکەم، بەو هیوایەی بتوانم مافی خۆم وەربگرمەوەو وەک کەسێکی ئاسایی بتوانم ژیانێکی نوێ دروست بکەمەوەو بەردەوامی بەژیانم بدەم.

دوا پەیامی من

مەبەستم لەگێڕانەوەی ئەم بەسەرهاتەم ئەوە نییە، ماندوو دڵتەنگتان بکەم، بەڵکو مەبەستمە پێتان بڵێم، ئازیزانم من کەوتمە ئەو هەڵە گەورەیەی ژیانەوە، خۆشەویستیو کەم ئەزمونیم هۆکار بوون بۆ روبەڕوبونەوەم بەو رووداوە گەورەیەی خەریکە هەموو ژیانم تێک بدات، بەڵام دڵنیا بن ئەمە ژیانی لەلا تاڵ نەکردوومو بەرەو لادانی نەبردووم، بەڵکو بووە پاڵنەریچکی بەهێز بۆ تێگەیشتنم لەهەڵبەزو دابەزی ژیان، لەچواردەورو کەسە نزیکەکانم.

ئەگەرچی لەوکاتەی روبەڕووی ئەو کێشەیە بوومەوە، چەند جارێک هەوڵی خۆکوشتنم دا ـ پێدەچێ ڕۆژێک لەڕۆژان ئەوە بەخەیاڵی هەریەکێکماندا اتبیێت، بەس نەمانتوانیبێت خۆمان بکوژین ـ، من سێ جار ئەوەم کردوە تا خۆم لەتاڵی ژیانو قسەی خەڵک ڕزگار بکەم، بەڵام دڵنیابن لەئێستادا بەرادەیەکی زۆر پەشیمانم لەوەی ئەو کارەم کردووە، بەردەوام سوپاسی خوادەکەم کە لەژیاندا ماومو حەزی ژیان وای لێکردووم بەردەوامی بەخوێندنەکەم بدەم.

خەونی گەورەم ئەوەیە لەداهاتومدا بتوانم سەفەر بکەم بۆهەموو ئەو وڵاتو شوێنە خۆشانەی لەخەیاڵەکانمدا هەن، دەمەوێت بەتوانای خۆم بگەمە ئەو خواستانەی لەئێستادا بەرنامەرێژیم بۆکردوون، چونکە لەکۆتاییدا لەوە گەیشتم کە مرۆڤ پێویستی بەوە نییە بیر لەوشتانە بکاتەوە کە لەدەست دەرچوون، بەڵکو پێویستی بەوەیە بیر لەو شتانە بکاتەوە کە دەتوانێت بیانگۆڕێت.

تێبینی:
خوێنەری بەڕێز ئەوەی خوێندتەوە ڕووداوێکی ڕاستەقینەی نێو یەکێک لەشارەکانی هەرێمی کوردستانە، نازەو هاواریش دوو ناوی خواستراون لەم گێڕانەوەیەدا.

## سەنتەری ACE بۆ ڕاهێنانو بەکارخستن پێویستی بە کارمەندە

سەنتەری ACE بۆ ڕاهێنانو بەکارخستن پێوستی بە ڕاهێنەرێک هەیە لەبواری گەشەپێدانی مرۆیی.

مەرجەکان:
١- سێ ساڵ ئەزمونی هەبێت لەم بوارە.
٢- زمانەکانی کوردیو عەرەبیو ئینگلیزی باش بزانێت.
٣- بەرنامەکانی کۆمپیوتەری office بزانێت.
٤- دەچووی زانکو بێت.

ئەوانەی خوازیارن CV خۆیان بنێرن بۆ:
info@ace-iraq.org

بۆ پەیوەندی:
٠٧٥٠٧٠٦٠٩٧٤

## کۆمپانیای (K&B) پێویستی بەکارمەندە

کۆمپانیای (K&B) پێویستی بەچەند کارمەندێکە لەشارەکانی هەولێرو سلێمانیو دهۆکو کەرکوک بەم مەرجانەی خوارەوە:

١- داواکار دەرچووی کۆلیژ یان پەیمانگابێت بەسەرجەم بەشەکانیەوە
٢- دەبێت شارەزاییان هەبێت لەزمانی ئینگلیزی یان تورکی
- توانای بەکارهێنانی کۆمپیوتەریان هەبێت.
- توانای کارکردنیان هەبێت لەناو تیمدا

خوازیار دەتوانێت تاوەکو بەرواری ٢٠٠٩/١٢/٢٥
سیڤی خۆی ڕەوانە بکات بەم ناونیشانە:
kjobs2010@gmail.com

## کۆمپانیای ئالای نەورۆز تیلیکۆم پێویستی بەکارمەندە

کۆمپانیای ئالای نەورۆز تیلیکۆم لەهەولێر پێویستی بەکارمەندە بۆ ئەم بوارانەی خوارەوە:

١- دوو ژمێریار بۆ هەردوو ڕەگەز بەم مەرجانەی خوارەوە:
- دەبێت کارکردنی لەبواری ژمێریاری لە ٢ تا ٣ ساڵ کەمتر نەبێت
- دەبێت بڕوانامەی زانکۆی هەبێت لەبەشی ژمێریاری (باشتروایە دەرچووی بەڕێوەبردنو ئابوری بێت)
- دەبێت زمانی کوردیو عەرەبیو ئینگلیزی بزانێت بەواخاوتنو نوسین
- دەبێت شارەزایی هەبێت لەبواری کۆمپیوتەر

٢- دوو سکرتێرە تەنها بۆ ڕەگەزی مێ بەم مەرجانەی خوارەوە:
- دەبێت زانیاری هەبێت لەبواری کاروباری سکرتاریەت
- دەبێت زمانی کوردیو ئینگلیزیو عەرەبی بزانێت بەئاخاوتنو نوسین
- دەبێت شارەزایی هەبێت لە بواری کۆمپیوتەر

جاهەرکەسێک لەخۆی ڕادەبینێ بازانیاری خۆی (C.V) بۆ ئەم ناونیشانە بنێرێت:
hr@newroztelecom.com
دواکات بۆ وەرگرتنی سیڤییەکان ٢٠٠٩/١٢/٢٠ یە

## SMS



خوێنەرانی ئازیزی نم نم، ئەم ڕۆژنامەیە لەخۆتانەوە بۆخۆتانە، لەگەڵ دەرچوونی هەر ژمارەیەکیدا سەرنجو پیشنیازەکانی خۆتانمان بۆبنێرن تاوەکو بەهەردوولا بتوانین لەئاست خواستو ویستی ئێوەی بەرێزدا بین. بۆناردنی سەرنجو پێشنیازەکانتان دەتوانن پەیوەندی بەژمارە تەلەفۆنو ناونیشانەکانی ڕۆژنامەکەمانەوە بکەن.

خۆزگە ڕۆژانی بڵاوبوونەوەی ڕۆژنامە جوانەکەتان دەخستە ڕۆژانی شەممەوە، چونکە پێنجشەممان بازاڕو دوکان نامێنێو درەنگ پێمان دەگات.

ڕۆژنامەفرۆشێک ـ هەولێر

وێڕای دەستخۆشی بۆ پاشکۆی برایل، هیوادارم گرنگی زیاتر بدەن بەبوارە هونەرییو کولتورییەکانو تەوەری تایبەت لەسەر قەیرانە جۆربەجۆرەکانی شانۆو سینەما بکەنەوە.

شانۆکارێک ـ سلێمانی

یەکەمجارە دەبینم ڕۆژنامەیەک گرنگی بەهۆشیارییو سێکسی بدات هیوادارم ئاستی بابەتەکانتان دانەبەزێتە سەر شتی لاوەکیو زۆرتر گرنگی بەوشیارکردنەوەی هاووڵاتیان بدەن لەو دوو بوارەدا.

سەروەر ساڵح ـ هەڵەبجە

دابەشکردنی ڕۆژنامەکەتان زۆر خراپە، ئێوە پێنجشەمان دەردەچن، دیەکشەمان لەبازاڕدا دەیبینم.

ئەحمەد محەمەد ـ سۆران

من منداڵەکەم نابینایەو زۆر خۆشحاڵە بەو پاشکۆیەی کە تایبەت بەنابینایان دەریدەکەن، خۆزگە بابەتەکانتان کورتر بونایە.

باوکی نابینایەک ـ هەولێر

## کاوڕ
لە روی سۆزدارییەوە گۆڕانکاری باش لەژیانتدا روودەدات، بەڵام هەندیک بەئاگابە لەچۆنیەتی ئەو پەیوەندییە، پێویستە هەندێک جدیتربیت لەکارەکانتدا. باشترین ڕۆژی هەفتە بۆتۆ سێشەممەیە.

## گا
لەم هەفتەیەدا پارەی زۆر خەرج دەکەیت، ئاگاداری ئەوەبە کە تووشی کیشەی دارایی نەبیت، پلانڕێژی بۆداهاتووی خۆت بکە لەچۆتیەتی خەرجکردنی پارە. باشترین ڕۆژی هەفتە بۆ تۆ هەینییە.

## دوانە
ئەم هەفتەیە کاتیکی گونجاو نییە بۆقسەکردن لەسەر کارو پرۆژەکانت، پێویستە هەندێک دیبلۆماسی بیت لەو کارانەی کە دەتەوێت ئەنجامیان بدەیت، باشترین ڕۆژی هەفتە بۆتۆ یەکشەممەیە

## قرژاڵ
سەفەریکی کورت دەبێتە هۆی ئەوەی تاڕادەیەک کارتێکردنی باشی هەبیت لەسەر دەرونت، هەوڵ بدە زیاتر گرنگی بدەیت بەلایەنی تەندروستی خۆت، باشترین ڕۆژی هەفتە بۆتۆ چوارشەممەیە.

## شێر
ئەو ژنانەی لەدایکبووی ئەم مانگەن دڵناسکن و زۆر زوو دەڕنجێن، ئەم ماوەیە لەبارە بۆئەنجامدانی پرۆسەی هاوسەریی، بۆ ئەو کچانەی لەدایکبووی ئەم مانگەن. باشترین ڕۆژی هەفتە بۆتۆ دووشەممەیە.

## فەریک
ئەم هەفتەیە گونجاوە بۆ ئەنجامدانی ئەو کارو چالاکیانەی بەنیازی ئەنجامی بدەیت، لە روی داراییەوە دەستکەوتێکی چاوەڕوان نەکراوت دەبێت، باشترین ڕۆژی هەفتە بۆتۆ پێنچشەممەیە.

## تەرازوو
لەوانەیە لەشوێنی کارکردنت تووشی گرفتیک ببیت کە زۆر بە ئاسانی چارەسەر دەکرێت، بەڵام پێویست دەکات هەندیک بەهێمنی مامەڵە بکەیت، باشترین ڕۆژی هەفتە بۆتۆ شەممەیە.

## دووپشک
بەهۆی چاوەڕوانی زیاد لەپێویست لەژیانو لەبەرامبەرەکانت، هەست بەبێزاری دەکەیت، باشتروایە راستییەکان ببینەتو خۆت بەدوور بگریت لەکێشە. باشترین ڕۆژی هەفتە بۆتۆ هەینییە.

## کەوان
لەروی سۆزدارییەوە پەیوندیەکانت بەرەو باشتر دەچنو هەلێکی باشت بۆدەرخسێت، باشتروایە کەڵکی تەواو لەو دەرفەتانەی دێتەسەر رێت وەربگریت. باشترین ڕۆژی هەفتە بۆتۆ سێشەممەیە.

## گیسک
گۆڕانکارییەکی باش رودەدات لەژیانتدا، بەڵام تا رادەیەک ئاگاداربە لەچۆنیەتی خەرجکردنی پارەکانت، بەبینینی کەسێکی خۆشەویستت شاد دەبیت. باشترین ڕۆژی هەفتە بۆتۆ یەکشەممەیە.

## سەتڵ
بەهۆی ئەوەی کەسایەتییەکی بەهێزت هەیە، زۆرجار بریاردان بۆتۆ قوسە. تەنها بیر لەسوودی ئەو مەسەلەیە بکەیتەوە، نەک قسەی دەوروبەرەکەت. باشترین ڕۆژی هەفتە بۆتۆ دووشەممەیە.

## نەهەنگ
سوود وەربگرە لەئەزمونەکانی، باشتروایە زیاتر هەوڵ بدەیت بۆبەرێوەچوونی کارەکانت، چاوەڕوانی شتی زیادە مەکە لەبەرامبەرەکەت. باشترین ڕۆژی هەفتە بۆتۆ پێنجشەممەیە.

**خاوەنی ئیمتیاز:**
کۆمپانیای ڕوودا‌و

**ڕاوێژکاری یاسایی:**
هەوار جەلال

**خێزانی نم نم**
چۆلی ئەسعەد
شەنگە ڕەحیم
شاخەوان مەحمود
سامان سیوەیلی
محەمەد ڕەسول
بەرزان عەلی حەمە

**ناونیشان:**
سلێمانی ـ شاڕێی سالم ـ تەلاری ئۆسکار ـ نهۆمی چوارەم

هەموو پەیوەندییەک ڕاستەوخۆ لەڕێی سەرنوسەرەوە دەبێت:
**ئیمەیڵی سەرنوسەر:** shwan@journalist.com
**ژمارەی مۆبایل:** ٠٧٧١٠٢٦٨٠٠٤
**تەلەفۆنی نوسینگە:** ٠٧٤٨٠١٥١٧٠٥

مرۆڤە گەورەکان ئەوانە نین کە هەرگیز شکست نامێنن، بەڵکو ئەوانەن کە لەهەوڵدانو سەرلەنوێ هەستانەوە کۆڵ نادەن، هەربۆیە ڕۆژنامەی نم نم ئەم لاپەڕەیە تەرخان دەکات بۆئێوەی بەڕێز تا سەربردەی شکستو هەوڵەکانتان بۆسەرلەنوێ دەستپێکردنەوەی ژیان بڵاوبکەنەوەو بەو ئومێدەی بەسوودبێت بۆهەموانو دەردەدڵییەکانی یەکتری هەستی هاودەردیو هاوخەمیمان لەلا زیندوو بکاتەوەو دڵڕەقی خۆمانو ڕۆژگار نەمانهاڕێتو خۆشەویستییمان بۆ ژیان لەلا نەتۆرێنێت.

# ئەو «نازدار»ەی کەس نەچوو بە«هاوار»ییەوە

شەنگە ڕەحیم

ناوم نازدارە، زۆرجار بەنازە بانگم دەکەن، لەئێستادا تەمەنم ٢٣ساڵە. بەهۆی هەندێ کێشەوە نەمتوانی خوێندنم تەواوبکەم، تا دووی ناوەندییم خوێندووە، دوای ئەوە وازم لەخوێندن هێنا. بەهۆی هاوڕێیەکمەوەو لەڕێگەی مۆبایلەوە کوڕێکم ناسی بەناوی هاوار. ئەم کوڕە هاوتەمەنی خۆم بوو، لەدەرەوەی وڵات دەژیا، دوای ئەوەی سەرەتا بەمۆبایل یەکترمان ناسیو قسەمان کرد، شتێکی وام لەلا دروست بوو کە هەستێکم هەیە بۆی.

لەهەندێ لایەنی ژیاندا کچێکی کەم ئەزموون بووم. بەحوکمی ئەوەی لەتەمەنێکی کەمدا بڕیاری خۆشەویستیم دا، لەم شارە بچوکەدا ون بوومو ئێستا لەوەدام جارێکی دیکە خۆم بدۆزمەوەو وەک ساتەکانی سەرەتای تەمەنم چێژ لەخۆشییەکانی ژیان ببینم، بۆیە پێمخۆشە لەڕێگەی ئەم ڕۆژنامەیەوە، چیرۆکی خۆم بگێڕمەوە تا تۆی خوێنەر حوکمی ئەوە بدەیت کچان خۆیان هۆکارن بۆ ڕوبەڕوبونەوەی هەڵەکانی ژیانیان یاخود نا؟

## «خۆشەویستەکەم بەبێ ڕازامەندی من پەلاماری دامو کاری سێکسی لەگەڵدا کردم»

وێنەکەم ناچاری کردم

دوای ماوەیەک قسەکردنمان لەڕێگەی تەلەفۆنو یەکترناسینمان، داوای ئەوەی کرد لەڕێگەی ئینتەرنێتەوە وێنەی خۆمی بۆبنێرم، بۆیە وێنەی خۆمان بۆیەکتر ناردو پەیوەندییەکی خۆشەویستی لەنێوانماندا دروست بوو تا وای لێهات هاوار، بڕیاریدا بێتەوە بۆکوردستان بۆئەوەی لەنزیکەوە زیاتر یەکتربناسین.

پاش ماوەیەکی کورت بەژمارەیەکی نەناسراو تەلەفۆنێکم بۆ هات، کاتێک وەڵامی تەلەفۆنەکەم دایەوە زانیم کە هاوار لەکوردستانە، پاش چەندجارێک قسەکردن لەگەڵیدا داوای لێکردم پێکەوە بچینەدەرەوە بۆ یەکتر بینین، بەڵام من ڕەفزی ئەوەم کردەوەو سیقەی ئەوەم پێنەکرد لەگەڵیدا بچمەدەرەوە، چەندجارێک هەوڵمدا نەچمەدەر لەگەڵی، بەڵام خۆشەویستی زۆرم بۆ هاوار وسادەو ساکارییم وەک کچێکی کەم ئەزموونو دڵپاکو ڕاستگۆ لەخۆشەویستیدا هۆکارێک بوون بۆنزیکبونەوەم لەو کوڕەی هەموو ژیانی داگیرکردبووم، هەموو ئەوانە وایکرد ڕازیبم بەچوونەدەرەوە لەگەڵیدا بۆیەکێک لەڕیستۆرانتەکانی شار.

دواتر ئەوەم بۆ دەرکەوت کە هاوار، بەتەنها چونەدەرەوەیەک ڕازی نابێتو داوای ئەوەی لێکردم کە بچینە شوێنێک بەویستی ئەو بێت، چونکە مەبەستی بوو ماوەیەکی زۆر لەگەڵیدا بمێنمەوە، بەڵام ئەوەم هیچ پێ قبوڵ نەکرا تاوام لێهات بەناچاری لەگەڵیدا بچمەدەرەوەو بەو مەرجەی ئەو ڕازی بم، مەرجەکەشی ئەوەبوو ئەگەر لەگەڵی نەچمە دەرەوە، بەهەموو شێوەو شێوازێک وێنەکەم بڵاودەکاتەوە، تا ببێتە مایەی سوکایەتی پێکردنمو لەکەدارکردنی شەرەفمو کاریگەری لەسەر شەرەفی خۆمو خێزانەکەم دروست بکات.

چوونم بۆ ماڵی خوشکەکەمو دەستپێکی کێشەکەم

کاتێک لەلایەن هاوارەوە ناچارکرام لەگەڵیدا بڕۆمەدەرەوە. بۆ پارێزگاریکردن لەشەرەفم، بەیانییەک؟ خوشکەکەم هاتە ماڵمانو هەوڵمدا کلیلی ماڵەکەی لەجانتاکەی دەربهێنم تا لەگەڵ هاوار بچمە ماڵی خوشکەکەمو لەوێ بیبینم، ئەوەبوو لەوێ یەکترمان بینیو بەبێ ڕازی بوونی من پەلاماری دامو لەدواوە کاری سێکسی لەگەڵدا کردم، بەڵام ئەمە دواجار نەبووو لەگەڵیدا بم، بەڵکو چەند جارێکی تر یەکترمان بینی، دوای چەند جارێک یەکتربینینمان بەنهێنی، خوشکێکم پێی زانیو لەلای باوکم باسی ئەو پەیوەندیەی منی کرد، باوکیشم وەک هەر باوکێکی ئەم کۆمەڵگەیە ئەوەی پێ هەزم نەکراو، زۆر بێرەحمانە لێیدامو زۆر بەقورسی ئازاری دام، تەنها ئەمە بەس نەبوو، بەڵکو لەلایەن خێزانەکەمەوە بەچاوێکی تر سەیر دەکرام. کێشەکەم وابڵاوبوەوە زۆربەی کەسوکارەکانمان ئاگاداری بوو، دواتر داوام لەهاوار کرد تا ژیانی هاوسەری دروست بکەینو ڕزگارم بێت لەو ژیانە، بەڵام بەداخەوە هاوڕێیان ئەوەی من بیرم لێدەکردەوە بەو شێوەیە نەبوو. ئەگەرچی دڵپاکیو ڕاستگۆیم وای لێکردم متمانەی پێبکەم، بەڵام هاوار بەهەموو شێوەیەک درۆی لەگەڵ کردم، تەنها مەبەستی ئەوە بوو سوکایەتیم پێبکات.


ئەو هەستە پاکەی منی نەبوو، وەک من لەخۆشەویستی نەگەیشتبوو، وای لێهات ڕۆژ بەڕۆژ کێشەکەم قوڵتر دەبوو، لەلایەن خێزانەکەمەوە قسەی ناشرینم پێدەوتراو ئەوەش وایکرد هەست بەکەمی خۆم بکەم، ئەو هەستەم لادروست دەبوو کە من چەند کچێکی ساویلکەم، چۆن وا بەئاسانی کەسێک بتوانێت کەسایەتیم خراپ بکات. لەم بارودۆخەدادا هیچ کەسێکی نزیکم نەبوو هاوکاریم بکاتو بەتەنها وشەیەک کەمێک لەغەمەکانم کەم بکاتەوە.

بۆدالدەدانم چوومە بارەگای ڕێکخراوێکی ژنان

ئەو هەموو سوکایەتییەی ماڵە باوانو خزمو نزیکانم بەپلارو توانجەکانیان پێیان کردم، ڕۆژبەڕۆژ زیاتر ئازاری دەدامو دەڕووخام، ئیتر ناچار بووم بیر لەوە بکەمەوە بچمە یەکێ لەو سەنتەرانەی تایبەتن بەدالدەدانی ئافرەتان. سەردانی یەکێ لەڕێکخراوەکانم کردو داوای هاوکاریم لێکردن، بەوردی باسی کێشەکەم بۆکردن، ئەو ڕێکخراوە شەڵتەرێکیان هەبوو بۆ پارێزگاریکردن لەو ئافرەتانەی بێلانەن یاخود لەلایەن کەسوکاریانەوە توندوتیژیان بەرامبەر دەکرێت.

بەمەبەستی چارەسەرکردنی کێشەکەم، ماوەی دوو هەفتە لەو شەڵتەرەدا مامەوە، بەڵام هیچ کاتێک لەلایەن ستافی ڕێکخراوەکەوە گوێم بۆ نەگیراو لەڕێی یاساییەوە هیچ کارێکیان بۆنەکردم، چونکە من مەبەستم بوو ڕووبەڕوو لەگەڵ هاوار، دابنیشم تا پارێزگاری لەمافی خۆم بکەمو هەموو قسەکانی ئەو بەدرۆ بخەمەوە، لەبەرئەوەی هاوار نکۆڵی لەوە دەکرد..

بۆخوێندنەوەی درێژەی ئەم بابەتە بڕوانە 19



فۆتۆ: فەرزین حەسەن

زۆرجار لەکۆمەڵگەی پیاوسالاریدا مێینەکان دەکرێنە قوربانی

## لەگرتوخانەکانی هەرێمی کوردستانەوە

# بۆدەربازبوونی لەمێردە پیرەکەی زیندانی کردە ماڵی هەمیشەیی

هێشو بەکر

نەسرین کچێکی کوردەو لەخێزانێکی هەژار لەدایک بووە، دوای مردنی دایکی ژیانی ئاڵۆزتر دەبێتو دەکەوێتە ژێر دەستی ژنی دوومی باوکی، هەر بەلاوێتی دەدرێت بەپیاوێکو چەندساڵێک لەگەڵیدا دەژی، بەهۆی کێشەیەکەوە زیندانی دەکرێتو ماوەی ١٣ساڵە جیهان بۆ ئەو، بوەتە ژورێکی بچوکو بۆ هەتاهەتایە لەوێ ژیان بەڕێ دەکات.

نەسرین لە١٧ساڵییدا دەدرێت بەپیرەمێردێک

هەر چەند مانگێک بەسەر مردنی دایکی نەسریندا تێدەپەڕێت، باوکی ژن دەهێنێتەوەو ژیانی کچەکەیان گرانتر دەبێت، «کە باوکم ژنی هێنایەوە، بوومە کارەکەری بەردەستی باوەژنو بەردەوام ئازارم دەچەشت».

نەسرین، بەهۆی بێزاری لەماڵی باوکی، هەموو شەوێک بەئاواتی ئەوەوە ڕۆژی کردوەتەوە، کە ڕۆژێک زوتر لەماڵی باوکی دوربکەوێتەوەو بچێتە ماڵی خۆیەوە، «بەدبەختی» نەسرینی تەمەن ١٧ساڵ لەوەدا دەبێت، کە بۆ ڕزگاربوونی لەو ژیانە، هیچ کوڕێکی هاوتەمەنی خۆی خوازبێنی ناکات، تەنها قادری پیرەمێرد نەبێت، کە دەچێتە خوازبێنیو دەیەوێت بیخوازێت، «بەهیچ جۆرێک حەزم نەکرد شوبکەم بەو پیاوە، بەڵام باوکم زۆری لێکردمو نەمتوانی بەرگری لەخۆم بکەم، هەستم کرد ژیانم خۆشتر دەبێت، کەچی کەوتمە ناو جەهەنمێکی ترەوە».

بەدوو منداڵەوە هەوڵی ڕاکردن دەدات

دوای ئەوەی نەسرین دەبێتە ژنی پیاوە پیرەکە، هەوڵ دەدات خۆی لەگەڵ ئەو ژیانەدا بگونجێنێت، «ڕۆژبەڕۆژ زیاتر مێردەکەم دەیچەوساندمەوەو ژیانم ناخۆشتر دەبوو»، جگەلەخراپیەکەی قادر ڕەزیلەیەکەشی ئەوەندەی تر نەسرین بێزار دەکاتو هەمیشە ئاواتی ئەوە دەخوازێت کە بڕێک پارە لەگیرفانیدا بێت، «لەگەڵ ئەوەی قادر دەوڵەمەند بوو، بەدرێژایی ژیانمان یەک جار پارەی پێداومو بەردەوام چاوەڕێی دەستی ئەو بووم».

نەسرین چەند ساڵێک ژیان بەو شێوەیە بەڕێ دەکاتو دەبێتە خاوەنی دوومنداڵ، گوشارەکانی قادر زۆر دێنن بۆژنەکەیو ئەویش هەوڵ دەدات ماڵی باوکی کێشەکەی بۆ چارەسەربکەن، «باوەژنەکەم پێیوتم خۆمان بۆبەخێوناکرێت، تا تۆ بەدوومنداڵەوە بەخێو بکەین»، ئیتر نەسرین بیر لەوە دەکاتەوە کە بەخۆیو دوو منداڵەکەیەوە ڕابکات، «ویستم ڕابکەم، بەڵام بەدوو منداڵەوە بۆکوێ بڕۆشتمایە؟».

بۆئەوەی بیکوژێت حەبی خەوی دەداتێ

نەسرین، هەرچەندە بیر دەکاتەوە، دەیەوێت ڕێگەچارەیەک بدۆزێتەوە بۆئەوەی ڕزگاری ببێت، هەربۆیە کوشتنی مێردەکەی بەتەنها ڕێگەی دەربازبوونی دەزانێت.

لەشەوێکی ساردی زستاندا، نەسرین ژمارەیەک حەبی خەوتن لەو حەبانەی قادری مێردی شەوان بۆپشوودان دەیخواردن دەکاتە ناو پەرداخێک شەربەتەوەو دەرخواردی دەدات، دوای سەعاتێک قادر بێهۆش دەبێت، ئینجا نەسرین دەست بەئەنجامدانی پلانەکەی دەکات، «لەناو حەوشەکەی خۆماندا چاڵێکم بۆ مێردەکەم هەڵکەندو بەجلەکانی خۆیەوە ناشتم، ئیتر نازانم بەحەبەکان مرد یان بە ناشتنەکە؟».

پاش ماوەیەک لەڕێگەی کەسێکی نزیکی نەسرینەوە پۆلیس لەکێشەکە ئاگادار دەکرێنەوەو نەسرین خۆی کارەکەی ئاشکرا دەکاتو دواتر دەستگیر دەکرێت، دوای چەندجارێک لێکۆڵینەوە، ئەو ژنە دان بە«تاوان»ەکەیدا دەنێت، «ئێستاش دەڵێم گەر جارێکی تریش زیندوو بێتەوە، ئامادەم بیکوژمەوە».

پەیداکردنی بژێوی لەزیندانەوە بۆ منداڵەکانی

نەسرین ماوەی ١٣ ساڵە لەزیندانە، تەنها شتێک کە خەمباری کردووە، نەهاتنی باوکیەتی بۆ لای، «لەژیانمدا دووجار باوکم قسەی لەگەڵ کردوم، ئەو ڕۆژەی شوم کردو ئەو ڕۆژەشی زیندانی کرام، هات بۆلام لەچاکسازی کۆمەڵایەتی».

ئەو ژنە ویستی بەکوشتنی مێردەکەی کۆتایی بەو ژیانە ناخۆشەی بهێنێتو ژیانی تازەترو خۆشتر بۆخۆیو منداڵەکانی فەراهەم بکات، بەڵام نەیتوانی، بۆیە لەو ڕۆژەوەی زیندانی کراوە، لەخەمی منداڵەکانیایەتی، «وازم لەهەموو بیرکردنەوەیەکو خەمخواردنێک هێناوە، لەپێناوی دوو منداڵەکەمدا، لەزیندان بەردەوام خەریکی کارکردنم، بۆئەوەی منداڵەکانم ژیانیان خۆش بێت». نەسرین بەهەموو ئازارو خەمو ماندوبونێکەوە قۆڵی لێهەڵماڵیوەو وەکو پیاو خەریکی کارکردنە، بەو پارەیەی پەیدای کردووە دوکانێکی بۆ کوڕە گەورەکەی کڕیوەو دەیەوێت بەو هەوڵانەی ئەو ڕۆژانە لەبیر منداڵەکانی بباتەوە، کە لەبێکەسیدا ماڵەو ماڵیان کردووەو کەس نەبووە نازی دایکییان بکێشێ.

نەسرین، هەموو ڕۆژێکی سەردان زوو لەخەو هەڵدەسێتو چاوەڕوانی بینینی منداڵەکانی دەکات، «چوارشەمان سەیری ئەو کەسانە دەکەم کە دێن بۆ سەردان بۆئەوەی دوو منالەکەم ببینم»، بەجۆرێک هێندە ئاشنا بووە لەگەڵ زیندانو زیندانیو کارمەندانی زیندان، «ئەگەر لێبوردنێک شمولم بکاتو ئازاد بکرێم، پێ لەزیندان نابڕمو هەموو ڕۆژێکی سەردان، دێم هاوڕێیانی زیندانم بەسەردەکەمەوە».

نم نم
لە خەڵکەوە بۆ خەڵک

ریکلام

**هەلی کارکردن لەکۆمپانیای نالیا**

**کۆمپانیای نالیا پێویستی بە کارمەندێکە**
**بۆ پۆستی بەڕێوەبەری کارگێڕی بەم مەرجانەی لای خوارەوە:**
- بڕوانامەی بەکالۆریۆسی لەبواری کارگێڕیدا هەبێت.
- خزمەتی لەپێنج ساڵ کەمتر نەبێت و پێشتر لەکۆمپانیا لەو بوارەی خۆیدا کاری کردبێت.
- لانی کەم جگە لەزمانی کوردی زمانی عەرەبی یان ئینگلیزی بزانێت.

تێبینی: پۆستەکە بۆ هەردوو ڕەگەز جیاوازی نییە.
موچەکەی هەزار دۆلار دەبێت.

**کۆمپانیای نالیا - ناو گوندی ئەڵمانی - سلێمانی**
**٠٧٥٠١٥٧٤٨٨٠ - ٠٧٧٠١٥٧٤٨٨٠**

